



# کانی کەوتم

## هۆتێلی پێنج ئەستێرەی هێزی بەیان

**لە بیرەوەری‌یە خۆشەکانی هەڤاڵ ئەحمەدی**

**١٣٩٠ هەتاوی (٢٠١١ زایینی)**

**ناوی کتێب:** ***کانی کەوتم***

**هوتێلی پێنچ ئەستێرەی هێزی بەیان**

**بابەت: قسەی خۆشی نێو پێشمەرگە**

**نووسین: هەڤاڵ ئەحمەدی**

**پیتچینین: حامید درودی و عەلی لالە**

**پێداچونەوە: هەژیر عەبدوڵلا پوور**

# پێشەکی

زۆر لە مێژ بوو بەتەما بووم دەست بۆ پێنووس بەرمو ئەو بیرەوەرییە خۆشانە بنووسم کە لە نێو کۆڕی هاوڕێیانی پێشمەرگەمدا روویان داوە. بەڵام هەموو کات لەوە ترساوم کە نەکا ببێتە هۆی دڵگرانی هێندیک لەو کەسانەی کە ناویان دێ یان بە پێچەوانەوە مافی زۆر کەس بفەوتێو لە قەڵەم بکەوێ. لە لایەکی دیکەشەوە هەر لە دوورەوە سەیری ئەو دەریا بێبنەم کردووەو نەموێراوە خۆم لە قەرەی بدەم، چونکە پێم وابووە کە مەلەوانی شارەزای دەوێ تاکوو بچێتە قووڵایی ئەو دەریایەو یاقوتو دوڕو مەرجانو گەوهەرەکانی کۆ بکاتەوە. زۆر جار ئەگەر هەل هەڵکەوتووەو تووشم بە تووشی هاوڕێیانی دەورانی سەختی شاخەوە بووە، هەموویان لوتفیان هەبووەو وەک ئەمانەتداریکی باش باوەڕیان پێم بووەو داوایان لێ کردووم کە لەو بەسەرهاتە خۆشانە بێبەشیان نەکەمو بۆیان بگێڕمەوە. بە قەولی ئەوان زۆرم شت پێیەو کەمی دەردەخەم!

منیش پێم وایە تۆزێکی دیکە تەمەن بچێتە سەرەوە، ئەو بیرەوەریانە لە بیر دەچنەوە، جا وا چاکە بیاننووسمەوە تاکوو لە فەوتانو لەنێوچوون بپارێزرێنو هەروا بە تازەیی بمێننەوەو قەت کۆن نەبن.

لەم بیرەوەرییانەدا، تەنیا باسی ئەو قسە خۆشانە دەکرێ کە کۆڕی گەرمی پێشمەرگەیان دەڕازاندەوەو تەنانەت بە کورتیش باس دەکرێن بۆ ئەوەی خوێنەر ماندوو نەکەن.

پێشمەرگە رۆڵەی خەڵکنو هەر یەکە بە پێشینەی جۆراوجۆرو جیاوازەوە هاتوونەتە ناو ریزی تێکۆشانەوە، هەر بۆیەش هەر کەس لەگەڵ خۆی کۆمەڵێک خوو و خدەی هێناوەتە نێو ریزی خەبات. جا بۆیە زۆر سەیر نییە کە بەسەرهاتی جۆراوجۆر رووی داوە. لە پشت هەموو ئەو فیداکارییانەوە، شتێکە بە ناوی بیروباوەڕ. باوەڕ وزەی پەنگراوی سەرەکیی خەباتە، بە بڕوای من دوای بیروباوەڕیش قسەی خۆشو نەستەق بۆ هێزێکی پارتیزان، گەورەترین ورەو هێزە. زۆر جاری وابووە، قسەیەکی خۆش شەکەتیی رێگاپێوانێکی دووورودرێژی لە

بیر بردۆتەوە، بۆتە کزەبایەکی فێنک ئارەقی نێوچاوانی سڕیوەتەوە، یان بۆتە مەتارەیەکی پڕ لە ئاو و وشکایی قورگی پێ تەڕ کراوەتەوە.

لە "کانی کەوتم" تەنیا باسی قسەی خۆش دەکەم. باسە سیاسیو مێژووییەکەی خەباتم هێشتوتەوە بۆ کەسانی شارەزا لەو بوارەدا کە بەخۆشییەوە نووسراوەی زۆریشمان لەو بوارەدا هەیە. لە درێژدادڕیو فرەبێژیش خۆم پاراستووەو ئەگەر باسی شەڕێکیش دەکرێ کە پێشمەرگە قارەمانەتیی تێدا نواندووە، بە هەق پێویستە لانیکەم دە لاپەڕەی بۆ تەرخان بکرێو باسی ئەو کەسانەی تێدا بکرێ کە شەهید بوون. بەڵام من هەر بەوەی قەناعەتم کردووە کە بڵێم تووشی شەڕ هاتینو بۆ ئەوەی ئاقاری بابەتەکە نەگۆڕدرێ، تەنانەت ناوی شەهیدەکانی شەڕەکەشم نەهێناوە کە دەبووایە ناویان هاتبا. بەڵام کە ناوی کەسێک هاتووە کە شەهید بووە لە نێو کەوانە دا نوسراوە لە کوێ شەهید بووە.

کاتێک باسی قسەی خۆش دەکرێ، دەبێ چۆن گوتراوە واش بگێڕدرێتەوە، دەنا سانسۆر کردنی وشەیەک مانای باساکە دەگۆڕێو ئەو تاموچێژەی نامێنێ، رێک وەک ئەوە وایە پرتەقاڵ بە توکڵەوە بخورێ.

هەر بۆیە منی هەژاریش لەو کانی کەوتمە چۆڵەوانییە ئەو هەموو چیلکەو چاڵو درووییەم دەست ناکەوێ تاکوو پەرژینی پێ دروست بکەم، بۆیە هەروا یەکسەر دەچمە نێو باسەکانەوە. ئەگەرچی بە قەول رووی مەجلیسیان نییە، زۆر جار باسەکە لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی خاوێن دەرواتە دەرێو رەوتی ئەدەبیاتی سەرزارەکیو سەر کۆڵانو شەقام بە خۆیەوە دەگرێ. بە کورتیو بە کوردی، هەڵقوڵای کۆمەڵگای کوردەوارین.

**لەسەر ناوی کتێبەکە:**

"کانی کەوتم" یەکێک لەو دەیان کانییەیە کە لە کوێستانەکانی پشتی مێرگەنەخشینەی سەقز، ساردەکوێستانی مەهابادو مەنیجەڵانی بانە هەڵکەوتووە. کەوتۆتە رۆژاوای مێرگەنەخشینەو رۆژهەڵاتی مەنیجەڵانو پشتی هەوارەکانی ماڵی حاجی شەریفو کانیی کانی کیژان. ئێمە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان شەوێک زۆر ماندوو بووین، لە شوێنێک دەگەڕاین بۆ حەسانەوە، دەمانەویست شوێنێک بدۆزینەوە کە پایگای رێژیمی لێ دیار نەبێ. هەمووممان لە دووملانەیەک دانیشتینو تاهیر رەشیدی کە سەرپەل بوو، ناردیانە خوارێ تا لەو شیو و دۆڵە شوێنێک پەیدا بکا کە هەم ئاوی لێ بێو هەم سەر رێگای خەڵکیش نەبێو هەم پایگای رێژیمیشی لێ دیار نەبێ.

پاش سی خولەک تاهیر بە بێسیم پێی راگەیاندین کوتی وەرن بۆ ئێرە شوێنێکی زۆر باشم دۆزیوەتەوە کە هەر ئاسمانی لێوە دیارە. منیش کە بێسیمچیی لک بووم لەگەڵ شەهید ئەبوو کانیدرێژی کە جێگری لک بوو چووینە خوارێ. هەتا نێوقەدی ئینسان گیا هەستابوو. پێنج میتری مابوو کە بگەمە لای تاهیر کە لە قوڵکێک کەوتم، لاقم تەڕ بوو. پاشان شەهید عومەر سەلیمی هات ئەویش تێکەوت، بە دوای ئەودا جەعفەرە سوور هات، ئەویش هەر تێکەوت، پاشان حەسەنی عەزیز قازی هات، سەیرێکی ئاسمانی کردو کوتی، ئەرێ بۆ خاتری خودا ئێرە کوێیە؟ گوتم ئێرە "کانی تێکەوتمە". پاشان لە زاران خۆش بوو و سوا و بوو بە "کانی کەوتم".

لە کانی کەوتم ئەگەرچی بنچکە دارێکیشی لێنەبوو جگە لەو چۆرە ئاوەی ناو کانییەکە و، بە کورتی شیوو دۆڵێکی رەق و تەق و گەرم بوو،(وێنەی بەرگی کتێبکە لە کانی کەوتم گیراوە) بەو حاڵەش وەک هوتێلێک وابوو بۆ هێزی بەیان؛ تەنانەت هیزەکانی ئاربابـاو پێشەواو مەڵبەندی دووش کۆدی درگاکەیان لە هێزی بەیان وەرگرتبوو و زۆر جار دەچوونو لەو شوێنە دەمانەوە، بەبێ ئەوەی پووڵی ئاوی کانییەکەیو چیلکەوچاڵی دەوروبەری کە بۆ چایی لێنان بەکاریان دێنا، بدەن.

باسەکانی کانی کەوتم زۆرتر باسی ئەو بەسەرهاتانە دەکا کە لە هێزی بەیاندا روویان داوەو خۆشم لە نزیکەوە شاهیدیان بووم. هێندێک جاریش ئەگەر لەگەڵ هێزێکی دیکە پێکەوە بووین ناوی ئەو هێزانەش هاتووە.

هەروەک کوتم باسی مێژووی حیزبو پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە لە لایەن زۆر هاوڕێی دیکەوە نووسراوەتەوەو بوون بە کتێب، بەڵام کانی کەوتم لەگەڵ هەموو ئەوانە جیاوازیی هەیەو هۆکارەکەشی ئەوەیە کە تەنیا ئەو باسانە لە خۆی دەگرێ کە کۆتایی زۆربەیان بزە دەخاتە سەر لێوی خوێنەر. هیواداریشم لە داهاتوودا بەرهەمی ئاوامان زۆر بێو هەر کەسە لە لای خۆیەوە شتە خۆشەکان کۆ بکاتەوە. ڕەنگە هەشبێ بەڵام تاکوو ئێستا من نەمدیوە.

لە کۆتاییدا پێویستە زۆر سپاسی هاوڕێیانم بکەم کە هانیان دام ئەو بیرەوەریانە بخەمە بەر دیدەی ئێوە خوێنەرانی بەڕێز. باسەکەش ناتەواو دەبێ ئەگەر سپاسی رزگاری حەبیبزادە، عەلی لالە، ئەمیری رەسوڵی، غەفوری سۆفی، عوسمان شێخە و سەلاح ئارامش و تاهیر قادرپور نەکەم، ئەوان بوون کە هانیان دام لە نووسینی قسەخۆشەکان قۆڵ هەڵماڵم. داوای لێبووردن لەو هاوڕێیانەش دەکەم کە بەشداری ئەو جەولەو شوێنانە بوون کە باس دەکرێنو ناویان لە قەڵەم کەوتووە.

زۆر سپاسی هاوڕێو دۆستی خۆشەویست کاک حامید دروودی دەکەم کە ئەرکی تایپ کردنی بە ئەستۆ گرت. سوپاس بۆ عەلی لالە کە ئەویش بەشێکی تایپ کردو لەگەڵ هەڵەچنینی کتێبەکە زەحمەتی کێشا. سوپاس بۆ کاک هەژیر عەبدوڵاپووریش کە زەحمەتی پێداچوونەوەی کتێبی کانی کەوتمی کێشاوە.

ڕەنگە زۆر شت نەگوترابێ، جا بۆیە هەر کەس چ بە باشو چ بە گلەیی لەسەر "کانی کەوتم" شت دەنووسێ گەردنی خۆشو ئازاد بێ!

تێبینی: من لە کوێ و هێمن لە کوێ!!!!! بەڵام وەک چۆن هێمنی شاعیر دەڵێ: شاعیری ئەو نێوە دوورودرێژەی "سەید محەممەد ئەمین شێخولئیسلامی " لە کۆڵ کردۆتەوە. شۆڕشیش ئەو نێوە دوورودرێژەی "سەید محەممەدی ئەحمەدی" لە کۆڵ من کردۆتەوەو کردمی بە هەڤاڵ. هەڤاڵیش لە لایەن هاوڕێی شەهیدم برایمی جەهاندیدە، خەڵکی ئاوایی "دێ گورجێ"ی سەربە شارستانی شنۆ کە لە حەماسەی چیای پیر چۆپانی سەقز، لە باوەشم دا شەهید بوو، بۆ من هەڵبژێردراوە.

هەڤاڵ ئەحمەدی

سەرماوەزی 1390 (٢٠١١زایینی )

هاوینی ساڵی 1365 (1986زایینی ) كە تەمەنم لە پازدە بۆ شازدە ساڵان دەچوو، هێزی بەیان تازە پایگای ئاوایی "باغڵووجە"ی گرتبوو. لەگەڵ كوڕێكی هاوڕێم بە ناوی كاوەی ئەحمەدزادە ناسراو بە كاوەی عەلی پێچقیت، كاتژمێری یەكی نیوەڕۆ، لە گەرمایەكی تاقەتپڕووكێندا لە بۆكانەوە بە مەبەستی پێشمەرگایەتی بەرەو مەهاباد ڕێكەوتین. شەوێك لە هوتێل ماینەوە، بەیانی چووین بۆ سەردەشت و لەوێوە چووینە ئاوایی "بێتووش"و بە ئاوایی "ئەشكان"دا لەگەڵ كاروانچی خۆمان گەیاندە بازاڕی سەفرەو گەلاڵە. یەكەم پێشمەرگەی كە تووشی بووین غەفووی سۆفی بوو كە بەشی تەداروكاتی یەكیەتیی لاوان بوو. كەرێكی ( گوێدرێژ) پێبوو ناوی كەرەلۆتی بوو. بۆ كڕینی كەلوپەل لە ئاوایی "باساوێ"وە كە بنكەی یەكیەتیی لاوانی لێ بوو، هاتبووە بازاڕی "سەفرە". كاوە كە پێشتر پێشمەرگە بوو، غەفووری دەناسی. پاشان لەگەڵ مامۆستا جەعفەر مەنگوڕی بەرەو بنكەی یەكیەتیی لاوان كەوتینە ڕێ، كە ڕێگای نیو كاتژمێر دەبوو.
كە گەیشتینە "باساوێ"، نیگابان دەنگی داین. كوڕێكی فارسی خەڵكی ئابادان بوو بە نێوی ناجی، كە دایم دەیان قسەی قۆڕی پێ بوو. بۆ وێنە: "سینەزنان حرم انجمن/ گوشت كیلوی 150 تومان/ یخ زدە 20 تومان/ گندیدە 10 تومان؛ بیا تماشا كن/ الاغ سواری كن/ الاغ ما پیرە/ دندە عقب میرە/ ترمز نمیگیرە!
سەلام عەلەیكو عەلەیكەسەلام لە بنكەی پێشمەرگەكان وەژوور كەوتین. عوسمان نۆباری هات وتی خەڵكی كوێی؟ گوتم خەڵكی میراوای بۆكان. كوتی: سەوزیی تازەتان هەیە؟ وتم بە مەرقەدی پیر محەممەدی بوغدەداغی گیرام. پێیان وایە جاسووم! ئەو كابرایە بۆ من دەناسێ؟

زۆر ماندوو بووین، بە پەتووی ناسكی وەك دەستماڵ كاغەزی بۆی خەوتین، كوڕێكی خەڵكی پیرانشار بە ناوی محەممەد تاهیر، بەیانی زوو لە خەوی هەڵستاندین. لەگەڵ یەكی دیكە بە ناوی سەید عەلی كە ئەویش هەر پیرانشاری بوو و ئەو دووانە پێكەوە ئاشپەزییان دەكرد، بەڕیز ڕاوەستاین بۆ نانی بەیانی. پێم وابوو وەك ماڵی خۆمان ئێستا شیرێژ و ڕۆنمان دەدەنێ. كەچی قاپێك شیری نیدۆ و نانێكیان‌دا دەستمو گوتیان بڕۆ دانیشە بیخۆ.

یوسف نایب كە مامۆستا بوو، كاتژمێر یازدەی بەیانی لە ژێر حەسیرێكدا كە كردبوویان بە كەپر، خەریكی وانە گوتنەوەی كتێبی "چڵ ساڵ خەبات" بوو. هێندەی پێ نەچوو دەنگی تەیارە هات. یوسف نایب سەیرێكی

ئاسمانی کردو کوتی هیچ نییە. هەر ئەوەندەمان زانی تەیارە لووربوونەوە بۆ سەرمان، بە هەشت تەیارە شازدە بۆمبیان بەسەرماندا باراند. پێشمەرگە هەریەک دەستی دایە چەکی خۆیو لەژێر کەپرەکەدا هەڵاتە دەرێ. منیش نەمدەزانی چی بکەم. کەوشەکانم لە پێ کردو بەرەو شاخی هەڵاتم. دووسەد میترێک لە کەپرەکان دوور کەوتمەوە، کورێک خەڵکی ناوچەی زەهاو بە ناوی عەبدوڵڵا رەوشەنی لە پێش منەوە هەڵات بۆ بن بەردێکی گەورەو کوتی بێ بۆ ئێرە. منیش دەمەویست بچم بۆ لای عەبدووڵڵا، هەر ئەوەندە دیتم کە سێبەری تەیارەیەک کە لە رۆژهەڵاتەوە دەهات، هاتە سەرمو گرمەیەکی گەورەو ئیتر من بێهۆش کەوتم. کە چاوم هەڵێنایەوە، چواردەورم ئاگری گرتبوو، بومبێکی گەورە لە بیست میتریی منەوە لە ئەرزی دابوو، هەستم کرد پریشکەکانی منیان نەگرتۆتەوە، کەچی لە پەنجا میتری منەوە کەرێکی کوشتبوو. دوای کەمێک هەستم کرد کە هەموو گیانم دێشێ. هەستامو هەڵاتم بۆ بن ئەو بەردەی کە عەبدوڵڵا رەوشەنی لەوێ بوو. کوتی ها کاکە زامار بووی؟ وتم زامار چییە؟ زەخمی بووی؟ گوتم نە. وتی ئەی ئەوە نییە گشت گیانت خوێنە؟! کوتم نازانم. کوتی ئەوە جارێ گەرمەبرینە بۆیە هەستی پێ ناکەی. بە کورتی وەک چۆن راوچی تاپڕ لە نێچێر هەڵدەکا، منیش بە هەمان شێوە هەموو لەشم پڕ ببوو لە ساچمە. لە دڵی خۆم دا گوتم وەڵا تەواومان کرد ئیستا دوازدە کاتژمێر بەسەر پێشمەرگایەتیم تێنەپەریوە ئاوام لێهات. برینەکانم وردەوردە ئارەقەیان دەچووە نێوەوەو دەکزانەوە. پاش ئەوەی تەیارەکان رۆیشتن منیان بردە لای رزگار شازدە کە کادری دەرمانی بوو. کوتی خۆت رووت کەوە. لەبەر ئەوەی لەڕووم نەدەهات خۆم رووت بکەمەوە، کوتم کاکە هیچم نییە. بە زۆری زۆرداری رووتیان کردمەوەو سەرتاپا لە باندیانەوە هەڵپێچامو سپییان هەڵگێرام. پاشان پێشمەرگەیەکی یەکیەتیی نیشتمانییان هێنا کە بنکەکەیان لە نزیک بنکەکانی ئێمەوە بوو، ئەویش بە سەختی بریندار ببوو. بە دوای ئەویشدا ساڵەی چەرخئەندازیان بە برینداری هێنا کە پێشمەرگەی خۆمان بوو. پاش چەند رۆژان کاوەی عەلی پێچقیت بە بزمار ساچمەکانی لەشمی بۆ دەرهێنامەوە.

پاش دوو رۆژان عەلی پێچقیتی رەحمەتی کە ساڵانێکی زۆر تەمەنی خۆی لە سەر کوردایەتی لە زیندانەکانی شادا بە سەر بردبوو، لە گەڵ بابم هاتن بە شوێنماندا بۆ ئەوەی بمابنبەنەوە کە ملمان نەداو نەچووینەوە. پاش چەند رۆژی دیکە خاڵە عوسمانم (عوسمانە سووری نەی ژن)و بابم دووبارە هاتن بە شوێنمداو دیسانەوە کۆڵم نەدا و نەچوومەوە؛ کە رۆیشتنەوە زۆر نارەحەت بووم. رزگاری حەبیبزادە هاتە لامو دڵخۆشیی دامەوە. لە گەڵ شەهید ئەبوو کانیرەشی[1]سەیری وێنەی پێشمەرگەکانمان دەکرد، تۆزێک سوکنایم هات. پاش ماوەیەک ئیتر باساوێمان چۆڵ کردو بەرەو فێرگەی گەلاڵە وەرێ کەوتین. شەوی پاشان بەرەو دەفتەری سیاسی لە گەورەدێ وەرێ کەوتین. ئێوارەیەک لەوێ فوتباڵمان دەکرد، کەوتمو دەستم شکا، لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی عەبدول عێوەزی ناردیانم بۆ نەخۆشخانەی 25ی گەلاوێژ کە لە "کانی مێو" بوو تاکوو دەستم لە گەچ گرن. لە رێگایەدا عەبدول هەر قسەی دەکردو منیش لێی حاڵی نەدەبووم، عەبدوول خەڵکی سنە بوو و سنەییەکی زۆر خەستیش قسەی دەکرد. لەبەر ئەوە هیچی لێ تێنەدەگەیشتم کوتم ببوورە دەتوانی بە فارسی قسە بکەی؟ سەیرێکی کردمو بزەیەکی هاتێو کوتی باشە.

---

[1]-( لە ئاوایی حوسێن مامە لە گەل جەلیل رەحیمیان شەهید بوو)

دەفتەری سیاسی لە گەورەدێ کاک قادر وریایان وەک بەرپرسی یەکیەتیی لاوان دیاری کردو بەرەو بناری قەندیل وەڕێ کەوتین. ئێوارە گەیشتینە ئاوایی "ئەستێرۆکان"، لەوێ لەژێر سپیدارو دارگوێزەکاندا بۆی خەوتین. بەیانی کە هەستاین محەمەد سنەیی هاواری دەکرد هەنگوور هەنگوور! کوتیان ئەوە چییە کوڕە، بێ دەنگ بە ئەو خەڵکە بۆ لە خەو هەڵدەستێنی؟! گوتی ها هەنوور بە قەو ئەو دارانەوەیە. کە سەیرمان کرد هێشووە ترێیەکی زۆر بە دارانەوەیە!

جا کاکە ناردیان، پێمەڕەو زەمبەو سەرەندیان هێنا بۆ خشت بڕینو خانوو دروست کردن. بۆ 26ی سەماوەزی ساڵی 1365(1986زایینی ) خانووەکان ئامادە بوون. دەست کرا بە دەورەی سیاسی_ نیزامی، بۆ حەسانەوەی مێشکیش شەوانە دەبوو بە گەڕەلاوژە. شەوێک زیاتر لە شەست پێشمەرگە لە سالۆنێک کە بە حەسیرو دارو نایلۆن دروست کرابوو، خەریکی گەڕەلاوژە بووین. مامۆستا ئەبووبەکری لاوچاک کە مامۆستای زمانی کوردی بوو، شێعرێکی خوێندەوە، پاشان نۆرە گەیشتە کاکە ساڵەی ئەڵماسی کە گۆرانی گوت. پاشان سەنگەر (سەلاحەدین) شیعرێکی خوێندەوە. کە نۆرە گەیشتە کوڕێکی بۆکانی بە ناوی رەحیم خوسرەوی کوتی منیش شێعرێکم هەیە. عادەتەن دەبوایە شێعرەکە حەماسی و شۆرشگێرانە بووایە. کوتیان هەی ئافرین دادەی فەرموو. ئەویش هەستاو دەستی خستە پشت خۆیو چاوی بڕییە میچی چادرەکە و کوتی: "کتاب؛ من یار مهربانم دانا و خوش بیانم..." ئەو هۆنراوەیە لە کتێبی سەرەتاییی قوتابخانە دابوو نازانم ئێستا لە ریزی کتێبە دەرسییەکان دا ماوە یان نا!

پاییزی ساڵی1365 (1986زایینی ) هێزێکی موجاهیدینی خەڵکی ئێران بە نیازی رۆیشتن بۆ "پشت ئاشان"، بە چەندین ماشێنەوە بەلاماندا تێپەڕین، کە تیمی پێشڕەویان کەوتنە کەمینی یەکیەتیی نیشتمانیو دە کەسیان لێ کوژراو ئەوانی دیکە گەڕانەوەو لە مەیدانی فوتباڵەکەی ئێمەدا چادریان هەڵدا. بۆ بەیانی داوایان کرد کە بەرپرسی حیزب لەو ناوچەیە ببینن. کاک حوسین مەدەنی کە بەرپرسی فێرگە بوو، لەگەڵ کاک قادر وریاو کادرەکانی دیکەی یەکیەتیی لاوان لەگەڵیان دانیشتن. باسی چی کرا، نازانم!

کوڕێکی لێ بوو بە ناوی برایمی خوڕەندی، بە "فافاو" تووڕە دەبوو. ناوی فافاوت بهێنابایە جنێوی دەداو لەگەڵت بەشەڕ دەهات. زۆر لە پێشمەرگەکان گلەیی ئەوەیان هەبوو کە ئەو بڕە تایدەی کە پێمان دەدەن بۆ جلوبەرگ شۆردن، بەش ناکا ،زۆرمان هێندە منداڵ بووین لە ماڵی بابمان تەنانەت گۆرەوییەکانی خۆشمان نەشوردبوو. کاک قادر وریا کۆبوونەوەیەکی بۆ گرتینو بۆی باس دەکردین کە چۆن تایدەکە بەکار بێنین تاکوو بەشی لیباس شۆردنمان بکا. کوتی:" کاکە گیان هەموو تایدەکە بەسەر لیباسەکەدا مەکەن. لە پێشدا تەشتەکە پڕ کەن لە ئاو و تایدەکە لە نێو ئاوەکە کەن، تێکی وەردەن، جا دەبێ بە چی؟؟." هەموو پێکەوە کوتیان: "فافاو". چما ئیبراهیم رقی هەڵنەستا، چی پێ نەمابوو بێجگە لەوەی بڵێ:" لە دایکی هەمووتان بم" و رۆیشتە دەرێ.

بۆ هاوینی ساڵی1366 (1987زایینی ) مەئموریەت درا بە یەکیەتیی لاوان بچن لە نێو چنارەکانی پشت ئاوایی "ئیندزێ"و "لێوژێ" چادر هەڵدەنو پارێزگاری لە ناوچە بکەن. تیمی ئێمە کە پازدە کەس دەبووین، رزگار شازدەیان کرد بە بەرپرسمانو تیمی لێوژێ عوسمان نۆباری بۆ دیاری کرا. ماوەی دوو مانگ لەوێ بووین. هەلێکی چاکم بۆ رەخسا کە زۆر لە کتێبەکانی سەمەد بێهرەنگیو عەلی ئەشرەف دەرویێشیانو عەزیز نەسینم خوێندەوە. زۆربەی کات لە "ئەستێرۆکان" یان لە "ئیندزێ" بە کۆمەڵ بەرگی یەکەمی "حەمەدۆک"مان کە تازە چاپ کرابوو، دەخوێندەوە.

بۆ پاییز لەگەڵ شەهید محەممەد شامحەممەدی[2] خۆمان نەقڵی فێرگە کرد تاکوو هێندێک دەورەی چەکوچۆڵی قورس ببینین. ماوەی دوو مانگ لە فێرگە بووین. پاشان لەگەڵ شەهید محەممەد شامحەممەدیو حەسەنی عەزیزقازی چووینەوە بۆ هێزی بەیان کە لە "کانی مێو"و دەفتەری گەورەدێ بوون. منو حەسەن دراین بە لکی دوو و سەرپەلەکەمان شەهید سەعید رەحمانی بوو [3] شەهید محەممەدیش درا بە لکی یەک. ماڵەکانی دەفتەر لەبەر تۆپباران چۆڵ کرابوون، تەنیا هێزی پێشەوا لەگەڵ بەشێک لە هێزی بەیان لە دەفتەرو ئێمە لە کانی مێو و هێزی ئاربابا‌ش لە ئاسایشگا بوون.

شەوێک رەحیم سیاوەمەیی کوتی ئەمشەو ژێشک دەگرین. گوتیان وەڵا زۆر باشە، ئەدی کێ تەقە دەکا؟ وتیان وەڵا نۆرەی هەڤاڵە. رەحیم سیاوەمەیی منی بردە پشت مەقەڕەکان، قابڵەمەیەکو دوو شیشی کلاشێنکۆفی پێدامو کوتی بیکوتە! منیش بۆ ماوەی سی خولەک هەر قابڵەمەم دەکوتاو ئەو دۆڵە دەنگی دەدایەوە. کە هاتمەوە بۆ مقەڕەکەمان دوکتور خەلیل محەممەدی کوتی: ئەوە ژێشکەکانم لە بن ئەو پەتووە خستووە بەیانی دەیانخۆین"!

شەوێکی دیکە حوسێنی ساڵحی کوتی مەمکت بۆ دروست بکەم! کوتم چۆن؟ شەهید محەممەد ئەسپۆغە[4] چاوێکی لێ هەڵتەکاندم کە قەبووڵی مەکە. کوتم نا، با بزانم چۆن مەمکم بۆ دروست دەکا.

تازە دوو ژێرکراسم لە سلێمانییە کڕیبوو، کوتی لەبەری کەو چاو لە مێچی ژوورەکە کە. لیوانی لە ژێر کراسەکەم داناو گوتی سەیریکە، ئەوە مەمک! کوتم بڕۆ ماڵت نەشێوێ بۆ خۆتو بۆ فێڵت، ئەوە بۆ مەمکە؟ کوتی نا راوەستە ماویەتی. سەیرێکی میچەکە بکەوە. کە سەیرم کرد بە لیوانێکی دیکە لیوانەکەی بن ژێر کراسەکەی دەکوتاو بە ئەندازەی بنی لیوانەکان ژێر کراسەکەمی کون کرد، بەمجۆرە ئەو دوو جارە ئاوا کڵاوم چووە سەر.

تۆپبارانێکی زۆر خەست دەستی پێ کرد، بۆ ماوەیەک هەر نەیدەبڕیەوە. شەوی وا بوو ناچاری دەکردین پەنا بەرین بۆ کونە تەیارە. ئەو ماوەیە کە لە کانی مێو بووین، شەهید قادر قادریڕاد تەلەفزیۆنێکی رەشوسپیی زلی هەبوو، ئێواران دەبوا یەک نەفەر لە سەربانێ بووایە بۆ ئەوەی ئانتینەکەی میزان بکا. هاواری دەکرد: دەیدا؟ لە خوارەوە دەیانگوت: ئەوە دەیدا، ئەها نەوەڵڵا نایدا، ئەوە دووبارە دەیدا. شەهید سەعید رەحمانی دەیگوت، کاکە وەرنە خوارێ هەموو شەوێ ئابڕوومان چووە، خەڵکی دەڵێن داخوا ئەوە کێیە لە خوارێ نایدا، دە وەڵاهی ئەو تەلەفزیۆنە لە رەنگی مۆکێتە زیاتر کە شینە هیچی دیکە نیشان نادا.

لەسەر تەپکەکەی پشت بنکەی ئێمە پەلی بیست و یەکی لێ بوو کە سەرپەلەکەیان کاک عەبدوڵڵا کانیسیرانی بوو. شەوێک باران دایداو مەقەڕەکەیان دڵۆپەی دەکا و خۆڵی وشکیان نابێ تا بە سەربانەکەیەوە بکەن. کیسەیەک شیری وشکی بیست کیلۆیی‌یان دەبێ. کاک عەبدووڵا دەڵێ: "کوڕینە ئەو شیرە بە سەربانەوە کەن، رەنگە زۆر عەنتیکە بێ". بە قسەی دەکەنو بەو بارانە وشکەشیر بە سەربانەوە دەکەنو باگردێنی لێ دەدەن، جا ئەوجار لە جێگای ئاو دڵۆپەی شیر دەهاتە خوارێ، هەموو موکێتەکەیانی پیس کردبوو.

لە مانگی رێبەندانی ساڵی1366 (1988زایینی ) دا دەفتەری سیاسی بڕیاری دابوو کە هێزی بەیان بچێ بۆ ئاوایی "هانی گەرمەڵە"ی ناوچەی هەورامانو هێزی ئاربابا‌و هێزی پێشەواش بۆ "قسلان". هەموویان رۆیشتنو

[2] - شەڕی کوێستانەکانی قوڵقوڵەی سەقز لە گەڵ قادر راد و برایم فەزڵی شەهید بوون) ( لە

[3] - چیای وەنەوشە لە گەڵ  قادر ئەحمەد نەژاد(مامە قالە)، حەسەن سەلبێ، موزەفەر و ناسر سنەیی شەهید بوون). (لە

[4] - ئاوایی شێخ لەر لەگەڵ تاهیر حامیدی و ئەحمەد قادری شەهید بوون) ( لە

ئێمە نزیک بە دە کەس ئەوەندەی لە بیرمە، شەهید هەمزە بێهنام[5]( لە ناوچەی شومالی کوردستان شەهید بوو) کە فەرماندەی هێزی بەیان بوو، شەهیدان سەعید رەحمانی، سمایل تورجانی[6]( لە ئاوایی موسێ شەهید بوو)و مامۆستا سەلاحی پوورئەسەد، رەشید ترکاشەو سلێمانی خزری بۆ شەوی ئاخر چووینە دەفتەر لەوێ لە ستادێک کە لە هێزی بەیان، ئاربابا‌و پێشەوا پێک هاتبوو ماینەوە. بۆ بەیانی دەمانەویست برۆین، ماشێن نەبوو. لەگەڵ شەهید سەعید رەحمانی کە سەرپەلمان بوو، لە لای دیوی پینگپۆنگەکە دەستمان لە ماشێنێکی لانکرۆزێر هەڵێنا کە هاتبوو شتومەکی ماڵان بەرێ، راینەگرت‌و رۆیشت. پاشان ماشێنێکی دیکە هات، شەهید سەعید کوتی بەخودا ئەوەش بۆمان راناگرێ دادەی لێیدەن، نەهێڵن بەجێمان بێڵێ. وەڵڵا بە ئارپیچی‌و بە بیکەسی بۆی دامەزراین. شۆفیرەکەی دابەزی هاواری کرد ئەوە چییە هێزی بەیان؟! خۆ لە پێگەی نۆبار نادەن (مەبەستی شەهید سەعید رەحمانی بوو کە لە پێگەی نۆباردا دەستی بریندار بوو و  لە گەچ گیرابوو و هەر بە ملیەوە هەڵواسرابوو) مامۆستا سەلاح لە لای مەدرەسەکەوە هاتوهاواری کردو گوتی کورە سەعید تەقە نەکەن! سەعیدیش کوتی خودا بە قوربانی مامۆستا سەلاحت کا بەخودا دەنا تێر شەقمان دەکردی. لەگەڵ شۆفیرەکە سواری ماشێن بووین. سەعید رقی لە گۆرانی ماملێ بوو. کابرا لە داخان لای نەدەبردو تاکوو سلێمانی هەر گوێمان لە محەممەدی مامڵێ گرت. تۆپ‌و کاتیۆشاش دەوروبەری دەکوتاین.

چووینە سلێمانی‌و لەوێشەوە بە ماشێن رۆیشتین بۆ بیارە. لەوێش پێیان گوتین کە لەوێرا رێگای ماشێن نییەو دەبێ بە پێیان برۆن بۆ "هانی گەرمەڵە". هانی گەرمەڵە ئاواییەکی پێنسەد ماڵی بوو. دانیشتووەکانی لەبەر تۆپباران‌و شەڕی نێوان ئێران‌و ئێراق چۆلیان کردبوو. هەر لەوێ ماڵێکمان بۆ خۆمان دەستنیشان کردو خاوێنمان کردەوەو کردمان بە بنکە و بارگەوبنەمان لێخست.

رۆژێک چوومە ژێرزەمینی ماڵەکە، سەیرم کرد کە زیاتر لە پەنجا پێستە مانگاو گوێلک خۆشەو خوێ کراون، کوتم ئەمە بۆ تەپڵ باشە. یەک پێستەم هێناو لەگەڵ رەشید ترکاشە خۆشمان کردو کردمان بە تەپڵ. بۆ شەوێ چوومەوە پێستێکی دیکەم هێنا سەرێ. بە رەحیم رەحمانی( عەلی وەجەم) گوت خۆت رووت بکەوە، ئەویش بە قسەی کردم و تەنیا شۆرتێکی لەبەر خۆیدا هێشتەوە. پێستە گوێلکم تێهاڵاندو دەستم دایە کڵاشێنکۆفێک‌و رەشیدیش بە تەپڵ لێدان‌و گۆرانی کوتن وەنێو مقەڕان کەوتین بۆ پووڵ پەیدا کردن. چووینە بنکەی کومیتە شارستانی بۆکان، کاک جەعفەری حامیدی، کاک یوسفی حاجی هەمزە، کەماڵ فازڵی، شەهید مامۆستا ئازاد و [7]شەهید وەستا ئەحمەد [8]لەوێ بوون. کوتیان ئەوە چییە؟ کوتم کاکە لۆتی هاتووەو مەیموونمان پێیەو پووڵمان دەوێ. شەهید وەستا ئەحمەد گوتی ئەوە کاری ئەو سەعیدە بەدفەڕەیە کە پووڵیان پێ کۆ دەکاتەوە بۆ پەلەکەی. رەشید "گۆرانی ئارەق ئارەقە سینگت تەختە مەفرەقە"ی دەگوت، کەس پووڵی نەدەداینێ. زستان بوو کوورەیان نێڵ دابوو. وتم رەحیم کەمێک لەو کوورەیە نزیک بەوە، رەحیم لە کوورە نزیک کەوتەوەو بۆنی پێستە بڵاو بۆوە. کاک جەعفەر حامیدی تووڕە بوو و گوتی کاکە قڕ بووین، کاک وەستا ئەحمەد پووڵێکیان بدەیە با برۆن، خودا چاکتان بۆ نەکا، ئەو درگایە بکەنەوە قڕ بووین. کەماڵ فازڵی لە کۆڵ رەحیم نەدەبۆوە.

---

[5] - ناوچەی شومالی کوردستان شەهید بوو) ( لە

[6] - ئاوایی موسێ شەهید بوو)( لە

[7] - سەرچاوەکەی ئاوایی قەمتەرێ لە گەڵ عەزیز کیانی و عەلی تەنومەند شەهید بوون (لە

[8] - ئاوایی قاقڵاوە شەهید بوو) ( لە

هەر کلکی پێ هەڵدەهێناو دەیکوت: هەتیو بەشەرەفم هەر دەڵێی گوێلکی راستییە. هەر ئەو شەوە بەشی دوو کیلۆ خورما پووڵمان کۆ کردەوە کە بۆ بەیانی شەماڵ سەرچاوەیی چوو خورمای پێ کڕی.

شەهید سەعید گوتی مادام ئاوا دەرامەتی هەیە، خەمتان نەبێ بەشەرەف ئەوجار بیکەیسی‌و ئارپیجیشتان لەگەڵ دەنێرم جا بڕۆن بزانم چی دەکەن. ماڵی کەریم شوجاعی رووبەرووی مەقەڕەکەمان بوو. کوتمان با لە ماڵی ئەوانەوە دەست پێ بکەین. ماڵەکە دوونهۆم بوو. من لە پێشدا بە پێپلیکانەکاندا سەرکەوتم، کە چووم براژنە سارا دانیشتبوو و کوردستانی کچی لەسەر کۆشی بوو. کوتم سەلامو‌عەلەیکم. ویستی لە بەرم هەستێ، رەحیم کە پێستە گوێلکەکەی تێهاڵابوو خۆی بەژووریدا کرد. بەو پێستە گوێلکەوە لە ئینسان نەدەچوو. ژوورەکەش هێندە رووناک نەبوو، تەنیا چرا فانۆسێک دەگڕا. هەر براژنە سارا چاوی بە رەحیم کەوت قیژاندی و بێهۆش کەوت. کوتم رەشید، رەحیم هەڵێن. بەشەرەفم کەریم شوجاعی دەمانکوژێ. دیارە پاشان داوای لێبوردنم لە براژنە ساراو کەریم شوجاعی کرد. ئێمە بەوجۆرە ئەو بەزمەمان تەواو کرد، کەچی جەعفەر کەریمی (جەعفەر ئیشقی) کە لە پەلێکی دیکەدا بوو، دەموچاوی خۆی بە رەژی رەش کردبوو و چووبوو بۆ پەلی دوازدە کە شەهید ئەبوو کانیدرێژی[9]سەرپەلیان بوو؛ لە دالانەکەی کە تاریک بوو، کەمینیان بۆ جەعفەر ئیشقی دانابۆوەو لێیان دابوو و دوو ددانیان شکاندبوو. ئیدی لەوە بەولا کۆمیتە بڕیاری دا ئەو بەزمە قەدەغە بکرێ.

شەوانە دوو نەفەر دوو نەفەر دەبوو بە نێو ئاوایی دا وەک گەشتی شەوانە بگەڕێین. نۆرە گەشتی پەلی ئێمە بوو، منو دوکتور خەلیلی محەممەدی[10] بە نێو کۆڵانەکانی ئاواییدا دەگەڕاین، دوو سێ جار چووینە بەر بنکەی پەلی یازدە کە سەید ئەحمەد توڕابی سەرپەلیان بوو. نیگابان لەوێ راوەستابوو جووڵەی نەدەکرد. کوتمان باشە باشە نیگابانیان هەیە. دوایە شەهید مەنسووری فەقێ مینە[11](لە کاتی هێرش بۆ سەر پایەگای ئاوایی باخی شێخان لە گەڵ د.جەعفەر شەهید بوون) ئاشکرای کرد کە ئەوە محیەدینی خوشبەختی دەڵێ شەوانە لە کاتژمێر دوازدە تاکوو حەوتی بەیانی نیگابانی بە عۆدەی من. نەفەرێکی بە لمەد دروست کردووەو تفەنگێکی لە شان دەکا و بۆ خۆی بۆی دەخەوێتەوە!

بۆ ماوەی زیاتر لە سی رۆژ لە هانی گەرمەڵە بووین. وابوو کە رێژیم هێرشی کردە سەر هێزەکانی شاهۆو دالاهۆ لە ئاوایی "دەرەتفێ"، لکێکی ئێمە بۆ هاوکارییان چوون بۆ لایان، ئێمەش لە هانی گەرمەڵە ماینەوە. پاش دوو رۆژ رێژیم هێرشی هێنا بۆ سەر ئێمەش. دوکتور خەلیل کە نیگابان بوو پێشی بە زیاتر لە سی سەربازی ئێراقیی هەلاتوو گرتبوو. پاشان هەموویانی هێنا خوارێ بۆ نێو ئاوایی. هەموویانیان لە مزگەوت کردن‌و هەر هاواریان دەکرد: لێمان گەڕێن با بڕۆین. کە زانیمان هێرشەکە بەربڵاوە، سەربازەکانمان وەپێش خۆمان دا بۆ بیارە. سەربازێک پەکی کەوتبوو. کەماڵ فازڵی تیربار بیکەیسییەکەی لێ وەرگرت؛ کە گەیشتینە بیارە کەماڵ فازڵی خۆی لە سەربازەکە شاردەوە. سەربازەکە لە تاو چەکەکەی چاک چاک ببۆوە، هەڕای دەکردە ئەو کوڕانە کە بیکەیسییان پێ بوو و دوای ئەوەی سەیری دەکرد کە هی ئەو نییە، دەیگوت:" لا لا لا". کەماڵ فازڵی لە پشت

---

[9] - سەر جادەی بانە مەریوان لە گەڵ محەمەد علیزادە شەهید بوون) ( لە

پاشان لە چیای گاکڕ کەوتنە سەرمینی دوژمن و عەبدوڵا سپیداری شەهید بوو و خەلیلیش رووناکایی چاوەکانی پێشکەشی دوارۆژێکی ( کە
[10] -رووناک کرد بۆ گەلەکەی)

[11] - کاتی هێرش بۆ سەر پایەگای ئاوایی باخی شێخان لە گەڵ د.جەعفەر شەهید بوون) (لە

دارتیربەرقێک خۆی حەشار دابوو. هەتاکوو وتیان کاک کەماڵ دڵی تۆقی کوڕە بیدەوە. کەماڵ فازڵی گوتی: "قوڕم پوف وەرە ئەوەتا".

لەوێشەوە وەڕێکەوتین بۆ هەڵەبجە. من لەگەڵ رەحیم سیاوەمەیی کە ئەمباردار بوو، پێکەوە دەڕۆیشتین. یەک گیرفان نوقڵی لەگەڵ کلاشێنکۆفێکی زیادی لە ئەمبارەکەوە لەگەڵ خۆی هێنابوو. منیش جاروبار هاوکاریم دەکردو کلاشێنکۆفەکەم بۆ هەڵدەگرت. ئەویش نوقڵی دەدامێ تا بیخۆم. هەر کە نوقڵەکە تەواو دەبوو، دەمکوت ئەها نوقڵ تەواو بوو تفەنگەکە دادەنێم. ئەویش دەیکوت ماڵتە دەی دایمەکرۆژە با زۆر بەش بکا.

رێگای هەڵەبجەمان لێ گیرا و شەوێ چووینە نێو ئاوایی عەنەبو پاشان لەگەڵ تیمەکەی دیکەمان کە چووبوون بۆ هاوکاری هێزەکانی جنوبی کوردستان یەکمان گرتەوەو چووینە نێو دۆڵێک کە تۆزێک دارو قامیشەڵانی تێدابوو. بۆ ماوەی سێ رۆژ لەو شوێنەماینەوە. چەند رۆژێکی مابوو بۆ نەورۆز شەوانە زۆر سارد بوو. نزیک 750 تاکوو 800 کەس دەبووین. بێ خواردنو پێخەو، شەوانە هەر پەلێک بۆ خەوتن سواری سەری یەک دەبوون. ئەوەی دەکەوتە بنەوە خەریک بوو خەفە بێ، بەڵام چوونکە شوێنەکەی گەرم بوو وزەی لێ نەدەهات.

رۆژێک حەیوانیان هێنا (ئەوەش داستانێکی دوورودرێژە) سەریان بڕیو گۆشتەکەیان دابەش کردو پێستەکەیان لەوێ فڕێ دابوو. غەفووری سۆفی بە تیغ گۆشتی لەو پێستە دەکردەوەو شەوانەش دووبارە پێستەکەی بە خۆیدا دەداوە. کەس نەیدەوێرا نزیکی بێتەوە، بۆنی مەڕی لێ دەهات. پاش دەردیسەرییەکی زۆر شەوێک لەوێوە وەڕێکەوتین بۆ شانەدەرێ. کاتژمێر یازدەی بەیانی گەیشتینە شانەدەرێو لەوێوە سواری ماشێن بووین بۆ ئوردووگای "زەڕایان" کە کوردە ئاوارەکانی ئێرانی لێنیشتەجێ ببوون. منو شەهید عوسمان ساروقامیشی[١٢] و دوکتور خەلیل چووینە ماڵێک. خۆمان شۆردو پاش پێنج رۆژ بێ خۆراکی، مێعدەمان گیرابوو و هیچمان بۆ نەدەخورا؛ کە لێفەمان دی، باوەڕمان نەدەکرد کە جارێکی دیکە لێفە بە خۆماندا دەینەوە. هەر بۆیە تێرتێر لێفەکانمان ماچ کرد. هەر کەسەی بیست و پێنج دیناری ئێراقیان دابووینێ. کە دەچووینە دوکان، تەعارفمان لەگەڵ یەکتر دەکرد بۆ کڕینی کێکو نوشابە. هەموو پێکەوە بیست و پێنج دیناریان دەردێنا، دوکاندارەکان سەریان لێ شێوابوو.

پاشان شەهید دوکتور قاسملوو هات بۆ زەڕایان و لە مزگەوت قسەی بۆ خەڵک کرد. لە بەردەم یەکێک لە درگاکانی مزگەوت منو عەلی سەراوی خەڵکمان دەپشکنی. قەرار بوو تەنانەت پێشمەرگەکانی خۆشمان چەک نەبەنە نێو مزگەوتەکە. کابرایەکی سمێڵ زل هات کە کلاشێنکۆفێکی بە خەشابێکی حەفتاوپێنچ تیرییەوە لە شان بوو، گوتم: " بی زەحمەت ئەو چەکەت دابنێ تاکوو بتپشکنم"، گوتی: "لاچۆ کاکە من ئێرانیم پشکنینی بۆ چییە"!

رۆژی دوایی لەوێوە سوار بووین بۆ قەندیل. لکی ئیمە واتە لکی دوو لە فێرگە ماینەوە و لکی یەک چوونە ئینزێ. بۆ ماوەی ئەو یەک حەوتووە کە لە ناوچەی هەڵەبجە لە گەمارۆدا بووین، هەر گیامان خواردبوو. کەماڵ فازڵی دەیگوت: "کوڕە هێندەمان گیا خواردووە، هەمووومان شیاکە دەکەین".

پەلی بیست ویەک  لە دیوی کاری فێرگە بوون، ناسری دامەنگیرو ئەسکەندەریش ئاشپەز بوون؛ دۆڵمەیان لێ نابوو، هەر نەفەرەی دە دۆڵمەی وەبەر کەوتبوو. شەهید قادر ئەحمەدنەژاد لە گەڵمان لەو پەلەدا بوو. سەیرمان کرد یەک قابلەی دۆڵمەی لە پێشە. پێمان سەیر بوو، بۆچی ئەو هەمووە دۆڵمەیان  داوە بەو. ئیدی بێ خەبەر لەوەی کە ناسرو ئەسکەندەر لە جیاتی گەڵامێو گەڵای دارگویزیان بۆ پێچابۆوە.

---

[١٢] -(لە شەڕی نیزیک ئاوایی گامێشان شەهید بوو)

من له پەلی ئەحمەد قۆچاغی بووم، ئەحمەد کۆبوونەوەی گرت، کەریمی ساڵحزادە رەخنەی هەبوو. ئەحمەد قۆچاغیش بۆی شیدەکردەوە. فەقیرە هیچی لێ حاڵی نەبوو. پاشان گوتی کەریم قانیع بووی؟ کەریم گوتی: نەوەڵڵا! قۆچاغی گوتی: "قانێع دەبی باشە دەنا بەو لینگە کەوشە ئەوەندە لە سەروگوێلاکت دەدەم تاکوو قانێع دەبی".

خۆمان پێچاوە کە برۆینەوە بۆ ناوچە؛ بەرەو قرناقەو پشتئاشان وەرێکەوتینو ماوەیەک لەوێ بووین تاکوو چۆمی کەڵوێ بوار بدا بۆ پەرینەوە.[13]

شەوانە مێشوولەی زۆر بوو، دوو دوو دەیانناردین تاکوو تەپاڵە کۆ بکەینەوەو ئاگری تێبەردەین بۆ ئەوەی مێشووله لە خۆمان دوور خەینەوە. هێندە چووبووین بۆ تەپاڵە هێنان، تەپاڵە لەو دەوروبەرە هەر بۆ دەرمانیش دەست نە دەکەوت، جاری وابوو یەک کاتژمێر دەگەڕای یەک تەپاڵەت وەدەست نەدەکەوت. شەوێک نۆرەی ناسری دامەنگیرو ئەسکەندەر بوو. زۆری پێنەچوو یەک جامانەی پڕ لە تەپاڵەیان لەگەڵ خۆیان هێناو هاتنەوە، تەپاڵەیان هەڵڕشت. هەمووومان پێمان سەیر بوو کە وا زوو ئەو هەمووو تەپاڵەیان لە کوێ هێناوە! وتیان وەڵا قوڵکەیەک هەیە تاکوو ئێستا کەس نەیدۆزیوەتەوە، پڕە لە تەپاڵە. بەڵێ تەپاڵەیان ئاورداو هێندەی پێنەچوو بۆنێکی زۆر پیس بڵاو بۆوە! حەسەنی عزیز قازی کوتی بابە ئەوە کێیە لەم نزیکانە دەست بەئاو دەگەیەنێ بۆ تۆزێک دوور ناکەونەوە!؟ پاشان کە چراقوەی هەڵکرد، سەیرمان کرد، ناسرو ئەسکەندەر چووبوون گووی وشکەوەبووی خۆمانیان هێنابوو و ئاگریان تێبەردابوو؛ دەنا هەر وەک باسم کرد تەپاڵەیەکیش بۆ دەرمان پەیدا نەدەبوو.

هەر لەوێ هێزی بەیان بە هاوکاری هێزەکانی پێشەوا، قەندیلو زمزیران گەڵاڵەی عەمەلیاتێکیان بۆ گرتنی مۆڵگەی هیزەکانی رێژیم لە ئاوایی "سێپەکانی" ناوچەی "بەریمێرگانی" پیرانشار دارشت. ئێوارە بۆ لای هێزی قەندیل وەسەرکەوتین کە لە شوێنێک بوون بە ناوی "گۆڕەشێر". شەوێ لەوێ خەوتینو بەیانی هێزی قەندیل پێشمەرگەکانی هێزی خۆیان جودا دەکردەوە بۆ عەمەلیاتەکە. پێشمەرگەیەکی کورتەباڵای سمێڵ زلیان هەبوو، تووڕە بوو و دەیکوت بۆ ناوی من لەگەڵ نییە منیش دەمهەوێ بێم؛ یانی ئەو لووسکە لووسکانەی هێزی بەیان لە من پیاوترن؟! (بەراستیش پێشمەرگەی هێزی بەیان منداڵ بووین، هەر بۆ نموونە لە شەڕی پشتی "قەمتەرێ"و "بورهان"ی ناوچەی مەهاباد، تاهیر قادرپوور کە هەر حەفدە ساڵ دەبوو لە شەڕی دەستەویەخەدا داوای تەسلیم بوون لە پاسدارێکی ریش درێژی بەخۆوە و زل دەکا، ئەویش کە دەبینێ تاهیر ئاوا منداڵە پێی پێدەکەنێ!) هەرچۆنێک بوو پێشمەرگە سمێڵ زلەکەی هێزی قەندیل هات. لە رێگای خیزی بەرەو دیوی "تاتی دوێ" وەسەر کەوتین. کاک حەمەرەسووڵی کەریمی لە نێوەڕاستی هێزی زمزیرانو منیش لە نیوەڕاستی هێزی بەیان گۆرانیی "ماڵمان لەوبەری دێیە"مان دەگوت. هەمووو پێشمەرگەکانیش کە زیاتر لە سێ سەد کەس دەبوون، دەیانگوت: "ئای بەلەنجەو بەلەنجە". ماوەی پێنج تا شەش کاتژمێر بەسەر بەفردا رۆیشتینو پاشان رۆژمان لێ بۆوەو کوتیان پایگا دیارە هەر لێرە لەسەر ئەم بەفرە بخەون!!! تاکوو ئێوارە لە سەرمان هەڵلەرزاین. ئێوارە دەمانهەویست وەڕێ کەوین، سەیرمان کرد سێ نەفەر هاتن بۆ لامان. کورە چکارەن؟ وەڵا تەپڵو دووزەلەیان دەرهێناو گوتیان هاتووین بۆ لای ئێوە. شەهید محەممەد ئەسپۆغە لێیان تووڕە بوو، کوتی برۆن برۆن ماڵی بابوو خرانەبێ کەی وەختی ئەوەیە؟ ئەوە ئێمە سەرما دەمانبا. بۆ بەیانی چووینە شوێنێک

[13] -(ئەگەرچی بواری هەر نەداو چووینە سلێمانییەو بە سوورکێوی بانە دا رۆیشتینەوە).

لـەوێ ئەرکـەکان دیـاری کـران. شـەهید وەسـتا ئەحمـەد کـوتی هـەر یـەکی یـەک قوتـوو گۆشـت گـاو دوو قوتـوو پەنیری سەقر( وێنەی باڵندێک بوو بە سەر قوتوو پەنیرەکانەوە) هەڵگرن. گەلاڵەی عەمەلیاتەکەی بۆ باس کـردین کە چۆناوچۆن دەبێ. لە کۆتاییدا گوتی: هـەر کـەس هـەڵبڕا، رووبکاتـەوە رۆژئـاواو بـەرەو قەنـدیل بێتـەوە، ئەگـەر تووشی خەڵکو کاروانچی هاتن، سۆراغی ئێرە بگرن، کە ناوی "گانەپێ"یە. پاشان  گـوتی کـەس پرسـیاری نییـە؟ شەهید سەعید رەحمانی کوتی با من پرسیارم هەیە. وەستا ئەحمەد گوتی چیت دەوێ سـەعید؟ گـوتی مـن گـوێم لێ نەبوو، ئەگەر هەڵبڕاین بێینەوە کوێ؟ وەستا ئەحمەد پێکەنیو کوتی بێدەنگ بـە سـەعید! سـەعید دەیەویسـت وەستا دووبارە بڵێ "گانەپێ".

شـەوێ وەڕێ کـەوتین. پێشـمەرگە جارجـارە دادەنیشـتن بـۆ حەسـانەوەو سـیگاریان هەڵدەکرد. وەسـتا ئەحمـەد دەیکـوت سـیگارەکانتان  لـە قۆلتـان گـرن بـا شـەوق نـەدا. سـەعیدیش دەیکـوت، کـاک وەسـتا ئەحمـەد دەڵـێ: "لـە قوونتانی بگرن تا شەوق نەدا." سەعیدیان دیاری کردبوو کە بۆ خۆیو پێشـمەرگەکانی پەلەکەیـەوە لـە زیـاتر لـە 15 پایگا بدەن، تاکوو دەرفەتی دیفاع کردنیان لە پایگاکانی دیکە نەبێ. بەشێکی دیکە لە لکی دووی هێـزی بـەیان و بەشێک لە لکێکی هیزی قەندیلیش بە پشتیوانی تیرباری بیکەیسی و ناسر دامنگیر کە لە سەر گردێکی پشـت خۆمان دامەزرابوو، سەر جادەی قەبری حوسین بۆ سـێپەکانمان گـرت، دوو ماشـێن کـە دەیانەویسـت بـە هانـای هێزەکانیـان لـە نێـو ئـاوایی سـێپەکان بچـن کەوتنـە کـەمینی  ئێمـەوە  چونکـە ئـەوانیش ئامـادە بـوون لـە یەکـەم دەستریێژ دا حەوت هەشت کەس خۆیان لە ماشێنەکان فرێدا خـوارێ و لـە گـەڵ پێشـمەرگەکان تێکـەڵ بـوون. جـا وەرە  ناسـر بـە تیربـار وەرگـەڕێ پێشـمەرگەکانی خۆمـان و پاسـدارەکان، ناحـەقی نـەبوو سـێبەر بـە سـەر دا کشابوو ئەوانیش وەک ئێمە جلوبەرگی خاکیان لە بەر دابوو.

دوای گەڕانەوە لە عەمەلیاتەکە، پێشمەرگە سمێل زلەکەی هێزی قەندیل، پەکی کـەوتبووو نەیدەتوانی بـڕوا. هـەر دەیکـوت کـوڕە بـە قوربانتـان بـم هێـزی بـەیان ئـەو شـتانەم بـۆ هـەڵگرن. تفـەنگو کۆڵەپشـتیەکەمان لێوەرگـرت، پشتێنەکەمان لێ وەرگرت. حوسێن بەقاڵی کوتی: "جا هەر پاتۆڵەکەت ماوە بۆ ئەویش داناکەنی بۆت هەڵگرین"!

کە گەڕاینەوە بۆ "گانەپێ"، ئەحمەد کەرتۆقێن کە لە لای کەلوپەلەکان بەجێ مابوو، دوو کیسـەڵی کوشـتبوو. کـوتی پێتان وانەبێ هەر ئێوە تانکتان شکاندووە، ئەوەتا دوودانە تانکی چیفتێنم تێکشکاندووە. ئەم ئەحمەدە زۆر خۆش بوو؛ کە لێت پرسیبایە خوێندەواریت چەندەیە؟ دەیگـوت لـە زەمـانی شـاوە دەخـوێنم هـەر پـۆلی یەکـەمم. جارێـک کاک جەعفەر حامیدی  گوتبووی ئەحمەد سیگار تەرک کە. گوتبووی نـاتوانم. گوتبـووی بـۆ نـاتوانی؟ ئـەویش لـە وڵامدا کوتبووی: "ئەگەر تۆ توانیت ئەو عەینەکانت تەرک بکەی، ئەوا منیش سیگار تەرک دەکەم" ( کـاک جەعفـەر عەینەکی بوو).

مانگی پووشپەڕی ساڵی1367 (1988زاییینی )، هێزی بەیان لەگەڵ هێـزی ئاربابـاو مەڵبەنـدی دوو، لـە کـەناروێ شووتییان بۆ کڕیبووین. شەهید عەلی حەسەن[١٤]ئاغـا شـووتییەکی لە تێرەکەدا شـاردبۆوە بـۆوەی گەیشـتە سـەر سووورکیو بیخوا. هەر لە داوێنی سـوورکێو شـەهید مسـتەفا بـەدری[١٥] و سـەعید رەحمـانیو چەنـد کەسـی دیکـە شووتییەکەی دەخۆن. زۆر گەرم بوو بە پێیان وەسەرکەوتین بۆ سوورکێو پێم وابێ زیـاتر لـە سـێ کـاتژمێر بـە ریگاوە بووین تا گەیشتینە سەر ئاسۆگ. شەهید عەلی حەسەن ئاغا گوتی جا شووتیم پێیە چاک دەچەسپێ، کە گەڕا شووتی لە بارەکەی دا نەمابوو، هەزار جنێوی بە هێزی بەیان دا.

---

١٤ - چیای گاکر شەهید بوو) ( لە

١٥ - سەر جادەی بانە _ سەردەشت شەهید بوو) (لە

له "سوورکێو"ەوه به ناوچەی بانەدا چووینەوه بۆ نێوخۆی وڵات. له ناوچەی بانه له دەروازێک دەپەڕینەوه. گوتیان هەمووتان کەوشەکانتان دامەنێن، بۆ ئەوەی ئەگەر شتێک روویدا با پێشمەرگەی ئامادەمان هەبێ‌و یەکتر لەکۆڵ بکەن. من وەبەر ناسری عەزیزی کە پاشان لەگەڵ ئەحمەد قۆچاخی خۆیان تەحویل دایەوه، کەوتم؛ کە گەیشتینە نێوەڕاستی ئاوەکە، وتی جا من شیری گامێشم زۆر خواردوەو ئێستا مەلە دەکەم‌و منی فرێدایە نێو ئاوەکە.

هێزی ئاربابا له "کانی کیژان" جودا بوونەوه. ئێمەو مەڵبەندی دوو چووین بۆ گەورکی مەهابادو پاشان هێرشمان کردە سەر پایگای "باغی شێخان"، لەکاتی لێدانی پایگاکەدا، پاسدارێک بە ناوی نەریمان هاتبووە خوارەوە بۆ ئاودەست. کە تەقە دەستی پێکرد، نەیوێرا بگەڕێتەوه بۆ پایگاکەو داگەڕا خوارێ‌و پێی وابوو نەجاتی بووە، راست هاتە بەردەستی ئێمەو گیرا. هەر ئەو شەوە ملی رێگامان گرت بۆ بناری چیای وەنەوشە، لەوی جوانەگایەکیان کرێ سەریان بڕی، پاش چەند رۆژان شەهید مامۆستا ئازاد و شەهید شەهید وەستا ئەحمەد باسیان دەکرد کە ئیتلاعات ویستبووی بزانێ چەند کیلۆ بووە وئەگەر هەر پێشمەرگەی دوسەد و پەنجا گرەمی بەر کەوتبی ئەوە چەند کەس بوون، گۆتم دەوەڵا قەت نازانن چەند کەسین ئەوان چووزانن ئەسکەندرە بە تەنێ سێ کیلوی خواردوە.

له وەنەوشەش تووشی شەڕ هاتین‌و رووەمان له ناوچەی سەرشیوی سەقز کرد. دوای ماوەیەک له مانگی گەلاوێژدا له دەوروبەری ئاوایی "باراوا" لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا یەکترمان گرتەوەو هەر ئەو رۆژە مەجید خەبات له زیندان رزگاری ببوو و هاتەوه بۆ نێو ریزی خەبات.  پاشان چووینە پشتی "کانی رەش"، هێزی پێشەواش بە دیوی ئاوایی "ئاچی دەرێ"دا له "ئاشی جەهانگیر" مابوونەوه.

رێبەرایەتیی شۆڕشگێر هەر ئەو رۆژە له تەرەغە تووشی شەڕ ببوون‌و هێزێکی زۆری دوژمن کە دەچوو بۆ شەڕ لەگەڵ ئەوان، لەگەڵ هێزی پێشەوا له نیزیک "ئاشی جەهانگیر" تووشی تێکهەڵچوون بوون. ئێمەش خۆمان ئامادە کرد تا پشتیوانی له هێزی پێشەوا بکەین. ئەو رۆژە من لە گەڵ شەهید وەستا ئەحمەد، محێدینی خان ئەحمەدی، شەماڵ سەرچاوە و کەماڵە سوور پێکەوە له بن بەردێک بووین .کاک وەستا گوتی بابە شێخ لە گەڵ کەماڵ بڕۆن بۆ ئەو گرە بەردە بزانن لەو دیو  چ باسە، هەر گەیشتینە سەر ئاسۆگ کاتیوشایەک هات من و کەماڵی له تۆزدا ون کرد، بەردێک وە سەرم کەوت من هەستم کرد کە گێژ بووم تا ئێواری سێ‌چوار جار خەریک بوو برشێمەوە کەماڵیش دەیگوت ئەو نانەت بدە بە من خۆ تۆ بۆت ناخورێ ناتوانی ئەوە نییە خەریکە برشێیەوە و بەمجۆرە تا ئێواری هەر گاڵتەی پێ‌کردم. له خوار ئێمەوە شەهید جەلیل رەحیمان وایزانی هێزی پێشەوا، جاشەکانن هەر بۆیە بە تیربار تەقەی لێکردن و کاک حەمەدەمینی شەریفی برینداری کرد.  بۆ ئێوارە وەرێکەوتین بۆ پشت ئاوایی " قەمتەرێ"، بۆ رۆژی دوایی لەوێ تووشی شەڕ هاتین‌و گەڕاینەوه لای ئاوایی "ئاچی دەرێ". بۆ شەوێ چووینە پشت ئاوایی "قالوێ" لەوێش تووشی شەڕێک بووین. هاتینە ئاوایی "گڵۆڵان"و ئێوارە بۆ کاری تەداروکات چووینە نێو ئاوایی. تیمی پیشرەویان له پێشدا ناردە نێو دێ بۆ ئەوەی بزانن چ خەبەرە. کە چووینە نێو دێ، خەڵک لەبەر دەرکی مزگەوت کۆ ببوونەوه تاکوو بچن ئەو گەنمەی لەوبەر ئاواییەوە ئاگری تێبەربوو، بکۆژێننەوە. فەرماندەری پایگایش لەگەڵ پاسدارێک هاتبووە نێو خەڵکەکە، لەگەڵ شۆراکان قسەی دەکرد. خەڵکیش هەر چاویان بە ئێمە کەوت، گوتیان: ئەها پێشمەرگە هات. فەرماندەرو پاسدارەکەش هەڵاتنەوه بۆ نێو پایگاکە. من‌و عەلی لالەو رەحمان گەورەکی‌و کاکە ساڵەی ئەڵماسی[١٦] بە

١٦ -( هاورێکەی دادەبڕێ و دە لێن شەهید بووە .بەڵام بەڵگە نیە بۆ پشتراستکردنەوی شەهید بوونی) لە

دوویاندا رۆیشتین بۆ بن پایگا. بە پێی عادەت نۆرەی پەلی ئێمە بوو کە نیگابان لە لای پایگا دابنێین تاکوو پێشمەرگەکان بە ئاسوودەیی بێنە نێو دێ‌و نان بخۆن. دانانی نیگابان لە لای پایگاش دەبووایە لە ئاخرین ماڵ یان ئاخرین قەڵاغی نزیک بە پایگاکە دانرابایە. منو عەلی لالە لە بن دیوارێکەوە دەمانەویست بچین بۆ بن ئەو قەڵاغەی سەد میترێک لە پایگاکە دوور بوو تا بزانین بۆ شوێنی نیگابانی دەبێ یان نا. مانگەشەوێک بوو وەک رۆژی رووناک، زۆر بە هێواشی‌و بێ هەستو خۆست دەچووینە پێشێ. ئیتر بێ خەبەر لەوەی کە پایگا ئێمەی دیوە. هەر ئەوەندەمان زانی پایگا وەبەر رەگباری داین‌و لە تەپوتۆزدا ونی کردین. ئێستاش نازانم چۆن خۆمان گەیاندە تریلییە بەردێک کە لەوێ هەڵیانڕشتبوو. عەلی لالە کە سەرپەل بوو و دەبووایە بڕیار بدا کە چی بکەین، سەیرێکی منی کردو ئەگەر لەپڕدا تاوی دایە جامانەکەی سەرم‌و گوتی ئەرێ دەلاییە. دەڵێی کەری بەڵەکی ئەوە ئەوەیان دیوە بۆیە تەقەیان لێکردین!

پاشان وەڕێ کەوتین بۆ پشتی ئاوایی "یاغیان". رێژیم تۆپبارانێکی خەستی کردین. بۆ رۆژی دوایی چووینە داوێنی چیای "سەرتوون". شەوێ بەشێک لە پێشمەرگەکان بۆ تەداروک هێنان چووبوونە ئاوایی "سیادەر"، پاسدار لە نێو ئاوایی دەبن توشی شەڕ هاتبوون پاسدارێکیان لە تابوت دا درێژ کردبوو ناردبویانەوە بۆ تاران تفەنگە( ژێ سێ) کەیان هێنابوو هاتنەوە بۆ لامان. گرووی زەربەتیشیان بە شوێنی خۆیاندا پەلکێش کردبوو.

پاش شەهید بوونی سەعید رەحمانی، عەلی لالە کە جێگری بوو، ببوو بە سەرپەل. شەهید وەستا ئەحمەد گوتی عەلی بۆ خۆت لەگەڵ کوڕەکان بچۆ بۆ شاخی "سەرتوون" بۆ کەمین. عەلیش لەبەر تەمبەڵی هەر لە خوارەوە مایەوەو نەچووە سەرێ. بێسیمەکەشی دابوو بە دوکتور خەلیلو لەگەڵ هێندێک پێشمەرگەی دیکە بەڕێی کردبوون بۆ کەمین. منو عەلی لە یەک میتری یەکتر خەوتبووین، وەستا ئەحمەدیش تەنیا 5 میتر دوور لە ئێمە خەوتبوو. بایەکی ساردی دەهات، تەپووتۆزی هەموو گوێنی‌و دەوەنی ئەو دۆڵەی لە نێو کیسەخەوەکانمان دەکرد. لە پڕا تەقە لە شاخ ساز بوو، هەموومان هەستاین. لەبەر باو تەپوتۆز چاومان هەڵنەدەهات، وەستا ئەحمەد بە بێسیم پرسیاری کرد ئەوە چی بوو؟ چاوەڕێ بوو کە عەلی لالە لەسەر شاخەوە وڵامی بداتەوە. بە بێسیمەکە گوتی عەلی عەلی ئەو تەقەیە چی بوو؟! عەلییش لە پشت وەستا ئەحمەدەوە وتی بەڵێ کاکە؟ وەستا گوتی ئەوە لێرە چ دەکەی؟!! هەستە بگە لای ئەو پێشمەرگانە. لەگەڵ عەلی وەسەر کەوتین. تا ئێوارە شەڕ بوو.

ئێوارە لە کاتی پاشەکشەدا، کاکە ساڵەی ئەڵماسی لە پێش منەوە دەڕۆیی. ئەو شوێنەی کە پاشەکشەمان پێدادەکرد، هێزەکانی رێژیم بە کاتیۆشا لێیان دەدا. عەلی کەسنەزانی (عەلی شەهید ئەحمەد) وتی کاکە ساڵە گیان تۆزیک زوو برۆ با لێرە نەجاتمان بێ. کاکە ساڵەش هەروا لەسەرخۆ دەڕۆیشت. کاتیۆشایەک هاتو لە دە میتری پشت سەرمانەوە لە عەرز کەوتو نەتەقییەوەو هەڵبەزییەوەو بەسەر سەرماندا بە لوورە لوور رۆیشت لە بەردەممان کەوت. کوتم: "کاکە ساڵە دەبرۆ ماڵت نەشێوێ، هێندە بە کاوەخۆی، دەڵێی دەڕۆی بۆ سێزدەبەدەر. کاکە ساڵەش هەنگاوەکانی توندتر کرد".

شەوێ بە پشت "کانی کەوتم"دا چووینە هەوارەکانی ماڵی حاجی شەریف، لەوی شەهید ئەبوو جامەردی کە لەو شەرەدا بریندار و لە سەر هێسترێک بوو، هەر دەیگوت ئاو، ئاو؛ شەهید وەستا ئەحمەدیش بۆ شەهید جەعفەر جەعفەرپوور کە لەو شەڕەدا شەهید کرا، نارەحەت بوو گوتی ئەبوو بێدەنگ بە ئاو خراپە بۆت لە گەڵ جەعفەر لێم بۆنەتە فیلم بە پێوە شەڕتان دەکرد. شەهید ئەبوو گوتی ئەی هاوار قرم هات، بابە کاک وەستا وەڵا فیشەکەکان دەریان نەدەکرد. وەستا گوتی من دەڵێم چی و ئەو دەڵێ چی، دا رەحمان کانی‌درێژی بزانە شیری بۆ پیدا ناکەی لەو ماڵانە. لەوێشەوە رۆیشتین بۆ پشتی ئاوایی "مووسێ". بۆ بەیانی رەحمان گەورکی، کەماڵە

سوور، کەریمی ساڵحزادە، شەهید ئەبوو مەلالەری[١٧] و منیان نارد بۆ پشتی ئاوایی بەردەڕەشی بانە تاکوو ئەو کورتانانەی کە پێشتر رایانسپاردبوون بۆ هێسترەکانی دروستکەن، بهێنینەوە.

کاتژمێر چواری ئێوارە بوو، بێری لە "سووتوو"و "بەردەڕەش"ەوە هاتبوون بۆ دۆشینی مەڕ. کوتمان نانتان پێیە؟ کوتیان نا. بەڵام هەریەکەی پرێسکەیەکی چووکەیان پێ بوو کە پڕ بوو لە ورتکەنان. گوتمان ئەی ئەوە چییە؟ کوتیان ئەوەمان پێیە تاکوو بزنەکانی پێڕاگرین بۆ دۆشین. گوتم ئەو ورکە نانە بدەن بە ئێمە، جا بزانن چۆن بزنەکانتان بۆ دەگرین. شەهید محەممەد ئەسپۆغەیی کە فەرماندەری لکی دوو بوو بە بێسیم ئاگاداری کردین کە ئەحمەدە سوور (کە ماوەیەک بوو هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی) هەلاتۆتەوەو ئاگاتان لە خۆتان بێ. ئێمەش تۆزێک بە پارێزەوە گەڕاینەوە بۆ لای پێشمەرگەکان. باسی ئەحمەدە سوور (سلامەت)یان کرد کە گوتوویەتی لە ترسی گیادروون هاتبووم بۆ پێشمەرگایەتیو ئێستا کە گیادروون تەواو بووە دەڕۆمەوە. کاک وەستا ئەحمەد گوتی جا خۆ من یەک مانگە ئەو خومپارە شەست میلیمیترەم بە کۆڵی ئەو کوڕەدا دابوو، یانی ئەوە لە گیادروونەکە خۆشتر بوو؟!

دوای چەند رۆژ چووینە کوێستانەکانی "کانی رەش"و "تۆرە". شەوێ بۆ تەداروکات چووینە ئاوایی "گرشیلان"، کەریم شوجاعی یەک شانە هێلکەی کڕیبوو و بەماڵێکی گوتبوو کە ئەو هێلکانەی بۆ بکوڵێنن. بۆ شەوێ هێلکە کولاوەکانی هێنابۆوە بۆ کوێستانی "تۆرە". هێلکەکانی لەبن سەری خۆی دانابوونو بۆی خەوتبوو. ئەمیر رەسووڵیو کەماڵ فازڵی کە بێسیمچی بوون، شەو لەگەڵ کادرەکانی کۆمیتەی شارستان هێلکەکانی کەریم شوجاعی دەخۆنو توێکڵەکانی لەبن سەری دادەنێنەوە. کەریم بەیانی هەستابوو لە نێو توێکڵە هێلکەکاندا بۆ هێلکەی ساغ دەگەڕا. دەیگوت تۆ شەرەف سەیرکەن، بابە لانیکەم یەک هێلکەتان بۆ هێشتبامەوە؛ پاشان یەک دوو هێلکەی لە نێو تۆکڵەکان دا دیتەوە.

پاش چەند رۆژی دیکە لەگەڵ هێزی زمزیران، ئاربابـاو پێشەوا چووینە "ناوکێل"و دواتر چووینە ئاوایی "سێونێ"، لەوێ لە ماڵێک بووین شۆرباویان بۆ هێناین. ماڵەکە زۆر روونـاک نەبوو، هێندیک شت لە نێو شۆرباوەکەدا بوون، وەمزانی پەتاتەیە. کە لە زارم نا، تامێکی زۆر سەیرو سەمەرەی هەبوو. پرسیارم کرد، وتیان ئەوە شۆرباو پەنیرە. هەر ئەو شەوە لە جاددەی پیرانشار -- سەردەشت پەڕینەوەو شەوی دوایی لە سنوور ئاوا بووینو چووینە کۆمیتە شارستانی سەردەشتو هێزی گیارەنگ لە "سوونێ". ماوەی زیاتر لە مانگێک لەوێ بووین. هەموو رۆژێک ماشێنەیان دەرخوارد دەداین. شەهید محەممەد ئەسپۆغە دەیگوت کوڕینە ئەوە هەر لە هەرزنی لای خۆمان دەچێ کە زستانانە دەیدەن بە حەیوان تاکوو قەڵەو بێ، جا بخۆن با قەڵەو بن. لەوێوە بە رێگای قاچاغدا چووینە نزیک قەلادزێو لەوێشەوە بۆ قەندیل. ئێمە وەک هێزی بەیان چووینە ئێندزێ. لکی دوو لە پشت مالان لەسەر مەنبەع ئاوەکە چادرمان هەڵدا. من کە بێسیمچیی لک بووم لەگەڵ شەهید محەممەد ئەسپۆغە کە فەرماندەری لک بوو، حوسێن بەقاڵیو سەید ئەحمەد توڕابی لە چادرێکدا بووین. محەممەد ئەسپۆغە هەتا بڵێی ئینسانێکی بەئەدەبو بەشەخسیەتو لەسەرەخۆ بوو. ئەهلی شۆخی نەبوو. بەڵام کەماڵی فازڵی بەزۆری لەکۆڵی نەدەبۆوەو دەیبزواند. رۆژێکی کاک محەممەد کترییەکی ئاو گەرم کردو کوتی دەتوانی بیکەی بەسەرمدا؟ هەر لێرە لەو پێشخانەیە سەرم دەشۆم. سندووقە فیشەکێکی هەبوو هێنای، خاولییەکو دوو شامپۆی لێدەرهێنا. سەری سندووقەکەی هەروا بە ئاوەلایی هێشتبۆوە، ئودکلۆنێکی تیرۆزو

---

[١٧] - چیای وەنەوشە شەهید بوو)(لە

کرێمێکی نیوئاشی تێدا بوو. خەریکی سەرشۆردن بوو کە کەماڵ فازڵی هاواری کرد، حەمە ئینگلیز لە ماڵن؟ گوتی وەرە کەماڵ چا بخۆوە. کەماڵ هەرکە پەتۆکەی بەر دەرگای لادا، چاوی بە شامپۆکانو سندووقەکە کەوت، کوتی: ئەوە چییە کونکەش ئەوە دووکانی حاجی خانمە؟! (حاجی خانم لە شاری بوکان دوکانی فرۆشتنی پێداویستیی ژنانەی هەبوو).

بۆ بەهاریٚ سازماندەهی تازە کراو کراین بە یەک لکو فەرماندەری لکمان کاک برایم چووکەڵی بوو و جێگرەکەشی شەهید ئەبوو کانیدرێژیو منیش هەر چەند هاوارم کرد کە بێسمیچی نابم چووکەڵی دەیگوت بە شەرەفم پەتکت لە مل ناکەمەوە (مەبەستی بەندی بێسیمە یاشاکە بوو) لە تۆ قوت تر وسەگترم دەست ناکەویٚ، بیجگە لەوەش بە قەولی قادر راد تۆ تازە بەرخی ئەبوو کانیدرێژی، بۆ کویٚ دەچی لێرە لە ئەرکانی لک، ئەوە عوسمان مەمیل و عەلی لالەش لێرەن. منیش چارەم نەبوو هەروەک بێسیمچی لەگەڵیان مامەوە. ئەو ساڵە ئەو پێنج کەسە واتە چووکەڵی، مەمیل، شەهید ئەبووکانیدرێژی و من و عەلی لالە دەستەیەکمان پێک هێنابوو پێیان دەگوت ئەرکانی لک، کە بەراستی دەورانێکی خۆش بوو بە تایبەت ریسک کردنەکانی مەمیل و سەر لە هەموو جێگا دەرهێنانەکانی چووکەڵی، جاری وا بوو کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ چوکەڵی بۆ خۆی تراکتوری لێدەخوڕی بۆ نێو ئاوایەکان، پاشان بە بێسیم هێزمان بانگ دەکرد کە وەرن بۆ نێو ئاوایی، ئەمن و ئەمانە.

رۆژێکی چوینە ئاوایی سێوەدینی خواریٚ بە شەهید ئەبووم گوت با بچینە ماڵیک دۆیان هەبیٚ زۆرم ئیشتیا لە دۆیە، چووینە ماڵێک دووکچیان هەبوو کاک ئەبوو گوتی ئەوەش دۆ. جارێکی دیکە لە ئاوایی قشلاقی لای هەیەجانان لە گەڵ مەمیل و شەهید ئەبوو لە ماڵێک بووین مامۆستاکەی قوتابخانەی ئاوایی کە لە سەقز را هاتبوو، لەو ماڵە ژوورێکی خوارێی بە کریٚ گرتبوو هاتە سەری بۆ لامان دەست کرا بەقسە مامۆستا دیهویست بزانی بۆ حیزب لە شورای ملی مقاومت هاتۆتەدەریٚ مەمیل گوتی کاک من برسیمە هەڤاڵ بەشی چەقە چەقە، منیش هۆکاری هاتنەدەرکەم بۆ مامۆستا باس دەکرد ،ژنی ماڵەکە گوتی: کاکە گیان خواردنەکە سارد دەبێتەوە جاریٚ نانەکەت بخۆ. شەهید ئەبوو کانیدرێژی گوتی: دادە گیان غەمەت نەبیٚ ئەوە هەر وایە کەم دەخوا و زۆر دەڵیٚ.

باسی بێسیمی یاشام کرد ،جارێکی دوو کاتژمێری رۆژ مابوو لە ماشێنێکمان دا بێسیمەکەم باتری تێدا نەمابوو، جا ئەو بێسیمانە کە باتریان نەدەما ئەگەر کەسێکی دیکە قسەی لە گەڵ دەکردی بێسیمەکەی لای تۆ لە جیاتی ئەوی قسەی ئەوت بۆ بێنیٚ هاڕووهورێکی ساز دەکرد دەت گوت تەیاریە.لە گەڵ عەلی لالە خەریکی گۆرینی خەشاب بووین کە کاک عەولا شێنانی رەحمەتی[18]دیوست قسە لە گەڵ من بکا تا بزانی چیمان کرد .کەچی لێی حاڵی نەدەبووم لەو ژێر پردە دا هاڕووهوڕی بێسیمەکە ببوو بە چەند بەرابەر بێسیمەکەم بە بەندێک توند لە نێوقەدم بەستبوو هەموو لەشمی دەلەرزاندەوە گوتم عەلی تەیارە هات سیرێکی ئاسمانی کرد و گوتی ماڵی بابت نەشێویٚ تەیاری چی!! گوتم گوت لێنیە ئەی ئەو دەنگە چیە؟!!! جارێکی ساڵی 1367 (1988 زایینی )ئەحمەد قۆچاغی شەویٚ لە پشت گلۆلان لە کاتی نیگاهبانی لە شاخی خەوی لێکەوتبوو وڵامی بێسیمی نەدەداوە بەیانی کە هاتنەوە خۆاریٚ کاک وەستا ئەحمەد گوتی بۆ وڵامت نەدەداوە ئەویش گوتی کاک وەستا ئەو سەرە زۆر سارد بوو بێسیمەکەم بەستبووی کاری نەدەکرد.

---

[18] - وڵاتی نۆروێژ کۆچی دوایی کرد) ( لە

له ئیندزێ فروشگایەکی لێ بوو کە کاک عوسمان خورشیدی بەرێوەی دەبرد. شووتیو کاڵەکو ترێی هێنابوو، مێشی دونیای تێهاڵابوو. ئێوارەیەکی لە لای مەدرەسەکە، هیزی بەیانو مامۆستاکانی شۆڕش خەریکی والیباڵ بوون. سەربازێکی ئێراقی لە پایگاکەیانەوە هاتە خوارەوە بۆ لامان. وەستا خالید جەهانی کە لەوێ دانیشتبوو و سەیری والیباڵی دەکرد، کە چاوی بە سەربازەکە کەوت گوتی ئەو گونرەشە چی دەوێ؟ سەربازەکە هاتە پیشەوەو پرسیاری فروشگاکەی دەکرد، دەیگوت:" ها کاکە حانووت حانووت". وەستا خالیدیش گوتی: حانووت ماکو، حانووت قەپات. سەربازەکەش گوتی: "لیش کاکە لیش؟" وەستا خالیدیش گوتی لەبەر مێش. (حانووت مەبەست دوکانە و لێش یانی بۆ).

هەر ئەو فرۆشگایە گلەترێیەکی زۆری مابۆوەوەو کەس نەیدەکڕی، عەلی لالەو ناسری دامەنگیر چووبوون هێنابوویانو لە سەتڵێکی بیست لیتریدا دایاننابوو کە بیکەن بە شەڕاب. بۆ پاییز عەلی لالە سفرەی لێ ڕازندەوەو کۆمەڵێک لە کوڕەکانی بانگ کرد کە بابە وەرەن شەڕابم ساز کردووە با بیخۆینەوە.

کە هێنایانو سەری سەتڵەیان کردەوە، مشکێکی تێدا تۆپی بوو، مشکە هێندەی شەڕاب خۆاردبوو، هەڵمسابوو و بەقەد کەروێشکێکی لێهاتبوو. جا بە دوای ئەوەدا سەید تەها، عەلی لالەو ناسری دامەنگیری بەوە قەڵس دەکرد کە دەیگوت: "جا وەرە مشک بێ ئەوەی دەعوەتی کەن بە بێ ئیزنی عەلیو ناسر بچۆ بەدمەستی بکە". با لە باسەکە لانەدین کاک محێدین ریحانی کە دوکتورێکی شارەزاو مروڤێکی دڵسۆز بوو بۆ شورشی رزگاریخوازی کوردستان ، هەر کەس ئەو چەند دێرە دەخۆێنێتەوە و کاک محێدینی ناسیبێ بێشک ئەو تێگێشتنەی من سەبارت بە کاک محێدین پشت ڕاست دەکاتەوە. چونکە ئەوی رۆژێک چاک و چۆنی لە گەڵ کردبێ قەت لە بیری ناکا. جا کاک محێدین سەرەڕای بەئەدەبی و لەسەرەخۆ بوونی زۆر قسە خۆش بوو، بەیانییەکی لە گەڵ خوشکە ئالای هاوسەری کە ئەویش هەر لە نەخۆشخانە کاری دەکرد هاتن بۆ نەخۆشخانە. کاک محێدین هەر بزەی دەهاتێ، پاشان بۆی باس کردم کە چەند رۆژ بەر لە ئێستا ستڵە ماستێکیان لە ئاوایی هەرمۆتە کڕیبوو هەموو بەیانیان لێمان دەخوارد ئەو بەیانییە گەیشتبووە بنی سطڵەکە، چاوم بە پەتێکی رەش کەوت بە کەوچکێک ویستم دەری هێنم بەڵام دیتم تۆزێک قورسە کە دەرمکێشا دیتم مشکە لە ناو ئەو ماستەی کە چەند رۆژە لێیدەخۆین، تۆپیوە. ئالا گوتی ئەی هاوار ئەوە چییە محێدین زوو لە سەر سفرەکەی لابە، منیش گوتم ئالا ئەو هەمووە ماستەی پێوەیە حەیفە نانێکم دەیە با ماستەکەی لێوەکەم!. کاک محێدین پێیوابوو کە لە کاتی هەوین کردندا لە هەرمۆتە، لە میچی ماڵەکەوە کە دارو حەسیر بوو مشکەکە بەربۆتەوە نێو سطڵەکە و لەوێ دا حاسێ بووە.

نەوروزێ لە نێوەڕاستی ئاوایی ئێندزێ شاییو هەڵپەرین بوو. کاک سالە ئەڵماسی کە کوڕێکی زۆر حەیا بەخۆو شەرمن بوو، سەرچۆپی گرتبوو. لاقی چووە سەر بەردێکی لووسو هەڵخلیسکاو کەوت. لەبەر شەرم کردن بە مست لە نێوچاوانی خۆی بەربوو. بەرەو لای مەردەسەکە سەرەوخورا رێگای گرتە بەر تا بە قەولی خۆی دەیگوت "دەمەویست هەرچی زووتر لەبەرچاوی خەڵک ون بم کە پێم پێدەکەنینو ڕوو بکەمە لای مەیدانی فووتباڵەکە". کەچی لە نەکاو خێزانی کاک جەواد دانشپەژوو کە ناوی مریەم بوو پێیان دەکوت مریەم عەجەم، بانگی دەکا دەڵێ: "کاکی پێشمەرگە دا زەحمەت نەبێ ئەو مریشکەم بۆ سەر برە".

بۆ بەهارێ محەممەدی سەلیمی فێر ببوو بۆ هێنانی کارگو ریواس دەچوو بۆ شاخی. مامۆستا سەلاح کوتی کورە بە تەنیا رووت لەو شاخانە نەکردبا، هەتیو دەتکوژن. محەممەدیش گوتی، نا مامۆستا مەترسە بە تەنیا نەبووم، دوازدە ژن بووین!. هەر رۆژێک لەو رۆژانە کە حەمە لە شاخ دەگەڕێتەوە، دەبینێ ئەوە سەربازەکانی

ئیراق به دوو ماشێنی ئایفاوه هاتوون، هەموویان کەبسووله گازیان بـه پشتەوەیەو خـەریکی ئاگرتێبـەردانی ئـەو چەند ماڵـە چۆڵـەن لـە ئـاوایی ئینذزێ کـە خـەڵکی کوردسـتانی ئیراق چۆڵیـان کردبـوون. لەسـەرەوەی ماڵـەکان تەویلەیەکی لێ بوو، هێزی بەیان ئێسترەکانیان لـەو تەویلـەیە کردبـوو. حەمـەش کـە دەبینـێ ئـەوە دەیانـەوێ ئـەو تەویلەیـە ئـاگر بـدەن؛ حەمـە کـە عـەرەبی نـازانێ دەچـێ بـۆ لای سـەربازەکانو دەیـەوێ بڵـێ ئـەو ئێسـترانه هـی ئێمەنو دەست بۆ لای ئێسترەکان درێژ دەکا دەڵێ: "هازا مەعارزە ئێرانییە". (ئەوە ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانییە).

ساڵی 1368 (1989زاییینی ) بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتین. له رێگای نێوان رانیـه ـ سلێمانییه لـه بێنزینخانەیـەک لایاندا تـاکوو بێنـزین لـە مینیبووسـەکان بکـەن. دوو منداڵ کـە ئاویـان دەفرۆشـت، وەسـەرکەوتنو گوتیـان ئـاوی سارد ئاوی سارد. کەماڵ فازڵی کوتی کوڕی باش ئەو جەماعەتەم به چەنده بۆ ئاو دەدەی؟  منداڵێکی دیکه لـه پەنجەرەی مینیبووسـەکەوە دەسـتی هێنـابووە ژوورەوەو پیفپافێکی بـە دەسـتەوە بـوو کـە بـۆ سـەمپاشـیو مێش کوشـتن بـەکاری دێنن. کـەماڵ فـازڵی کـوتی کوڕەکـە، ئـەو پیفپـافه بەچەنـده بـۆ بـن گـونی ئەسـپۆغە؟ (مەبەسـتی محەممەد ئەسپۆغەیی بـوو، ئەسـپۆغەش ئاواییەکـه لـه ناوچـەی ئەحمـەدی کـۆڕی بۆکـان) منداڵەکـەش گـوتی: "نـا خاڵه ئەوه بۆ بن گونی ئەسپ نابێ".

بـه سـلێمانییەدا بـەرەو "ئەزمـەڕ" وەسـەر کـەوتین. لـه خـاڵی پشـکنین، سـەربازەکانی ئێـراق پێشـیان پـێ گـرتین. سەربازێک سەرکەوتو هاتـه نێو مینیبووسـەکەی ئێمـه. پرسـیاری کـرد کـه چکارەینو بـۆ کـوێ دەچـین. پاشـان تێیان گەیاند کە ئێمه کێینو بۆ کوێ دەچین. ئـەوجار دەسـتی راداشـت بـۆ ماشـێنه بارییەکـەی پـاش ئێمـه کـه 5 ئێستری تێدابوو. عوسمان مەمیلیش لەگەڵ شۆفیرەکه له پێشەوە دانیشتبوو. به عەرەبی گـوتی ئـەی ئـەوه چییـه؟ کەماڵ فازڵێش کوتی: "خەمس قاتر مەمیل حەمایە قورمپوف".

که گەیشتینه سـەر سـنووری "شـەهابەدین" دەمانەویسـت بارەکـان لـه هێسـترەکان بنێین، گولـله ئارپیجییـەکان لـه تەلیسی بەندا بوونو به سوژن دوورابوون. فەرماندەی سـەربازەکانی ئێراق کـه چـاوی بـه گولـله ئارپیجییـەکان کەوت پێی وابوو کەلله قەندە. تـووڕە بـوو و هـات بـۆ لای بارەکـان، شـووڵێکی پـێ بـوو لـه بارەکـانی دا و وتـی:" کاکه شایو شکر مەمنووعە." وتیان بابا قەندی چی ئەوە گولله ئارپیجییە! گوتی باشه باش وامزانی قەندە، قەند مەمنوعە.

 با بۆ مێژوو لێرە کەوانێک بکەمەوە( ئەوانەی پێیان وایە حکومەتی ئێراق و سەربازەکانی فەرشی سـووریان بـۆ رادەخستین، با بزانن هەتا پێشمەرگەیەک بە لایان دا تێدەپەڕی دەبووایە حەوت خانی رۆستەمی بڕیبا، جگە لـەو هـەمووە ئـازار و گیرپێـدان و بەندکردنانـەی کـە دەرهـەق بـە ئێمـەیان دەکـرد، بـە دەیـان جـاریش تەقـەیان لـە بنکەکانمان کردوە، بۆردومانیان کردووین و پێشمەرگەیان لێ شەهید کردووین. کاتی خۆشـی  بنکـەی کۆمەڵـەی زەحمەتکێشـانیان شـیمایی‌باران کـرد. یـان لـە زینـدانیان دەکـردین و لێیـان دەدایـن و دەیـانگوت ئێـوش هـەر "موخەڕێبن" واتە تێکدەرن و تێکدەریش بە پێشمەرگەی باشووریان دەگوت. بـا تـەنیا باسـی یـەک نموونـە بکـەم، ،له سەرای سبحاناغا به دوو بریندارەوە گرتیانین شـەهید عومـەر سـەلیمی.سـەید ئەحمـەد تـوڕابی، کـەریم سـالح زادە و منیان جودا کردەوە و چەکەیان کردین گەرمایێک بوو هەر بۆ باس کردن نابێ بێ نـان ئـاو لـه ژوورێکیـان کردین تا شەوێ لە منیان هەڵپێچابوو کە تۆ لە کورد ناچی لە پاسداری ئێرانی دەچی .)

پێش ئەوەی وەڕێکەوین، له سلێمانییه زۆر له پێشمەرگەکان زانووبەندیان کڕیبوو له جیاتی زەنگاڵ (پووزەوانـه) و له پێیان دەکرد. هەربۆیە هەموومان لاقمان سپی بوو. مامۆستا سەلاح که بۆخۆیشی جووتێکی له پێ کردبوو

پێی دەکوتین هێزی پاشوو سپی. زۆر لە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دووش گۆچانیان پێ بوو. بەوانیشی دەکوت هێزی گۆچان قەوی.

خەریک بووین لە ئاوەکەی چۆمان بپەڕینەوە، ئاوەکە هەتاکوو سەرچۆکمان دەهات. شەهید محەممەدی عەلیزادە کە بەراستی کوڕێکی زۆر ئازا بوو، بەڵام زۆر لە ئاو دەترسا. هاواری لێ بەرز بۆوە کە ئەی هاوار خنکام. کەماڵ فازڵی کوتی کورە ئابڕووم مەبە خۆ ئاو نەگەیشتۆتە چۆکانت، ئەوە دوو ڕۆژە من بە هێزی ئاربابا دەڵێم ئێوە مەلەوانتان نییە، هێزی بەیان هەمووی مەلەوانن. پاش حەفتەیەک گەیشتینە ناوچەی گەورکی سەقز، چووینە ئاوایی "قارەمان"، لەگەڵ کەماڵ فازڵی چووینە ماڵێک. کابرای خانەخوێ زەفتێکی هێنا گوتی حەسەن میراوایی نەوارێکی تازەی دەرکردوە، کەماڵ فازڵی گوتی دادەی بیهێنە. کە نەواری وەسەرخست، تەواو دەنگی دایەو تەپووتۆز لە بڵنگۆی زەبتەکەوە هاتە دەرێ. هەر دەستی ڕاکیشاو گووشی بێسیمەکەی لە من وەرگرتو وەبەر بڵندگۆی زەبتەکەی دا. وابوو لە هەموو بێسیمەکانی پێشمەرگەکاندا گۆرانییەکە بڵاو دەبۆوە. کاک عەبدوڵڵا شێتانی رەحمەتی دوو جار کوتی ئای ئای، کەماڵ فازڵی دووبارە گووشی بێسیمەکەی وەبەر بڵنگۆی زەبتەکە دایەوە، هەرچەندە کوتم کورە کاک کەماڵ، کورە کاک کەماڵ خاڵە عەبدوڵڵا تووڕە بووە. گوێی نەدامێ. ماڵەکە قەیسیوڕۆنیان لێنابوو. منیش دەمەویست بە کەوچکە فافۆنەکە رۆنی قەیسیوڕۆنەکە بگرم. توند کەوچکەکەم بە پارووەکەدا دێنا بۆ ئەوەی رۆنەکەی بچۆڕێتەوە، چما کەوچک نەشکاو! کابرا وتی ئەو کەوچکەت بۆ شکاند؟ وەڵڵا بەزمەکەی لێ تێکداین. بەڵام کابرا پاشان کە زانی من‌و کاک کەماڵ مات بووین، کوتی بەقوربانت بم، کورە جا کەوچک چییە؟ کەوچک بە پیاوان دەشکێ، هەر وایگوت، کەماڵ فازڵی دووبارە هەڵەسوونی هێنایەوەو پری بە گوشی بێسیمەکەمدا کردو دیسان وەبەر بڵنگۆی زەبتەکەی داوە. ئەو جار ئیدی کاک عەبدوڵڵا بە یەکجاری تووڕە بوو. بانگی بێسیمەکەم کە ناوی "ئاگری" بوو کردو گوتی: ئاگری هەرچی زووتر بە هەموو واحیدەکان بڵێ لە ماڵان بێنە دەرێ‌و دەرۆین. ئەگەر هاتین بۆ بەر دەرکی مزگەوت، لەوێ خاڵە عەبدوڵڵا کوتی ئەوە کێ بوو ئەو تەپڵو دووزەلەیەی وەسەر خستبوو؟ ئەوانەی بێسیمیان پێبوو هەموومان حاشامان کرد. گوتم باوەڕم پێ بکەن خاڵە من دەستم بۆ گووشی بێسیم نەبردووە، ئەوە کاک کەماڵ شاهیدە. کەماڵ فازڵیش لە ملی دەداو دەیگوت من شاهیدم بەشەرەفم هەڤاڵ دەستی بۆ گووشی بێسیم نەبردووە.

پاشان لە ناوچەی بۆکان دەستمان کرد بە جەولە لێدان. ڕێژیم زۆر بێدەنگ بوو. جاری وابوو هەر کاتژمێری 3ی دوانیوەڕۆ دەچووینە نێو ئاواییەکانەوە. ڕۆژێکی کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ چووینە ئاوایی کەڵتەگە. من و جەعفەرە سوور و سەید تەها چووینە ماڵێک، وەتاغێکیان هەبوو دەبووایە بە پلیکان بۆی وەسەر کەوی، ژنی خاوەن ماڵەکە گوتی کاکە گیان سەرکەونە سەرێ بۆ وەتاغێ من ئێستا لە متبەقەکە چاو نانتان بۆ ساز دەکەم. کە سەرکەوتین سەید تەها چاوی بە دەفەیەک کەوت کە لەوێ بە دیوارەکەوە هەڵواسراوبوو. وێنەی دەستێک و هێندێک نوسراوی ئایینی لە سەر چەرمی دەفەکە بوو، تەها هەر ڕۆ هاتە دەفەو گوتی دا هەڤاڵ بەندێک حەوا دە دەستی کرد بە لێدانی دەفە، هەر ئەوندەمان زانی ژنە بە پەلە خۆی کرد بە ژۆریداو بە هەردووک دەستی دەموو چاوی خۆی ڕنی و گوتی: کاکە بۆ خاتری خودا ئەو دەفەیە هی زکر کردنە گورانی پێ مەڵێن رسق و ڕۆزی لە ماڵەکەمان دەبڕێ .تەهاش گوتی: ها دەفەکە دایە گیان خەمت نەبێ خۆت دیتت کە هەر بە قەراغەکەی لێمدەدا!.

هەر وەک گوتم ناوچە ئارام بوو، کاک عەبدوڵڵا لە پێشدا منی لەگەڵ تیمی پێشڕەو دەنارد، پرسیاری دەکرد ئاگری چ خەبەرە، منیش دەمگوت خاڵە ئەمنوئەمانە ئێوەش دەتوانن بێن. دەیگوت بە قوربانت بم هەروا وشیار بە، جا ئەگەر گەورە بووی ژنت بۆ دێنم. کەچی لە قشلاقی سەرشیوی سەقز لە گەل مەجید خەبات قسەی بۆ کومەڵیک خەڵک دەکرد کە سێ چوار کچی جوانیان لە نێو دابوو، لە گەڵ غەفووری سۆفی چووین بۆ لای گوتم خاڵە جا ئێستا گەورە بووم، تووڕە بوو کوتی؛ "بڕۆنە دەری دەی دەی بێرە دا نەیەنەوە".

مانگی جۆزەردان لە نزیک ئاوایی "ئاڵبلاغ" مابووینەوە، ئێوارە لەکاتی چوون بۆ نێو ئاواییدا تووشی شەڕ هاتینو ماشینێک سووتا. بۆ ئەوەی لە ناوچەکە دوور کەوینەوە، رووومان لە ناوچەی "ئاڵەشین" کرد تاکوو گەیشتینە نێزیک ئاوایی "حەساربلاغی"؛ شەوێ بۆ ئەوەی خۆمان نیشانی شوانو ئاودێرو باخەوان نەدەین، مەجبوور بووین سێ تا چوار جار ئەمبەرو ئەوبەری جادەی قیرتاوی مەیاندواو ـ بۆکان بکەین. رەحمان زەندە کە خەڵکی پیرانشار بوو لەگەڵ ئێمە بوو، هێندە ئەمبەرو ئەوبەری جادەی کردبوو، ماندوو ببوو، گوتی بەشەرەف ئەو شەو کاک برایم چووکەڵی وەبەر ماشێنمان دەدا. جا ئەو رەحمانە هەر کە ماندوو دەبوو دەیگوت کاکە با لێرە بیخەین بەیانی ئەگەر نیروو هات لە دەمی دەدین؛ یان مێروڵە لە خەو دا گازیان لێگرتبوو هەستابوو دەمانچەی لە مێرولە سوار (مسلح ) کردبوو!.

بۆ شەوی داهاتوو لە نزیک ئاوایی "داشبەند" لە جادە دەپەڕینەوە تووشی مێگەلە مەڕێک بووین. ئەو کاتیش عەجەم لە میاندواوەوە دەهاتنو دەستو لاقی شوانەکانیان دەبەستو مێگەلە رانەکەیان بە ماشێن دەبرد. کابرای شوان وایزانی ئێمەش دزین. هەڵدەهاتو دەیگوت دایکەکەتان دەگێم دزی لەبرسان مردوو. دەمانگوت کوڕە وەرە رامەکە ئێمە دز نین. بەڵام ئەو هەر هەڵدەهاتو جنێوی دەداو دەیگوت منتان بۆ ناگیرێ. کاک عەبدوڵڵا شێنانی کە لە لایەکی دیکەوە دەهاتەوە، شوانەکەی گرت. دەرکەوت کە ئەگەر زوو رانەکەین، هەموو خەڵکی ئاواییمان وەسەر دەگەڕێ. ئێمە رۆیشتینو خەڵکیش هاتن بۆ لای شوانەکەو شوانەش وەک "چووپانی دروغگو"ی لێهات. بۆ شەوێ گەیشتینە نێو دارەکانی ئاوایی "دوونگوز". خەریک بوو خۆمان بکەینەوەو ئیستراحەت بکەین، دەنگێک هات. گوتیان بزانن ئەوە کێیە، منو تاهیری رەشیدی وەشوێن دەنگەکە کەوتین. دیتمان کە نەفەرێک بوو و هەڵات. لە نێو دێراوێکدا کەوتو گەیشتینە سەریو لەگەڵ خۆمان هێنامانەوە بۆ لای کوڕەکان، تاهیر کوتی خۆ نێوی ماشەکەشم کێشا جا چا نەبوو نەم کوشت. کوتیان ئەوە چی دەکەی؟ کوتی کاکە شەوانە دێن داردەبڕنو دەیدزن، منیش هاتبووم خۆم ماتدابوو تاکوو بزانم بە گا بە ئەرەبانەو یان بە چی ئەو دارانە دەبەن.

سەیدێکی چووکە بوو لە بۆکان دەرمانی بالووکە، خلۆرکەو لیرو شتی وای دەفرۆشت، بەیانی هاتبوو بۆ نێو ئەو باخانەو ئێمەش نەمانهێشت بڕوا. شەهید عوسمان سارۆقامیشی کە لە خەو هەستاو چاوی بەو سەیدە کەوت، وای زانیبوو ئەوە ئەو بووە کە شەو هەڵاتووەو خەریک بوو بیکوژین. کوتی جا چا نەبوو نەتانکوشت. بەخودا خەڵکی بۆکان بە بالووکەو لیر گول دەبوون. ئیتر کەس نەدەما دەرمانیان بداتێ. ئەو رۆژە ئاڵووباڵووی زۆرمان خوارد. لەگەڵ سمایلی ئیبراهیمی چایی بەلاڵووکمان پێ ساز کرد کە بەراستی بەتام بوو.

بۆ ئێوارە چووینە ئاوایی "دونگووز". قەرەچی لە قەراغ ماڵان چادریان هەڵدابوو. لەگەڵ عوسمان مەمیل خۆمان کرد بە میوانی قەرەچیان. لەوێوە چووینە دۆڵی "خۆراسانە"، شەوی دواتریش بۆ پشتی ئاوایی "کانیپانکە"و دوایە لە دەربەند ئاوابووینو چووینە "جەمۆغە". پاش چەند رۆژی دیکە ئەمیری رەسووڵی داوای لە منو شەهیدان محەممەد عەلیزادەو عوسمان سارۆقامیشی کرد کە بۆ کارێکی تایبەتی لەگەڵی بچینە ئاوایی

"هەبەکی"، ماڵەکە لەوپەڕی ئاواییەوە لە نزیک پایگا هەڵکەوتبوو. بە بن دیوارەکاندا تێپەڕین تا گەیشتینە نزیک ماڵەکە. منو شەهید محەممەد عەلیزادە زۆر لە سەگ دەترساین. بێدەنگییەکی تەواو بە سەر کۆڵانەکەدا زاڵ بوو. هەر ئەوەندەمان زانی گۆڵەسەگێکی زەلام کە لەسەر دیوارێک خەوتبوو، بازی دا نێو کۆڵانەکەو تەپووتۆزو وەڕین تێکەڵ بوونو ئەو کۆڵانەیان داگرت. منو شەهید محەممەدیش لە ترسانا قوونمان بە دەرکی کادێنێکەوە نابوو خەریک بوو لە ڕێسمەی بەرین، بە لوولەی تفەنگەکانیشمان نەماندەهێشت سەگەکە لێمان نزیک بێتەوە. لەترسی پایگاو تێکنەچوونی کارەکەی ئەمیریش نەماندەویست تەقە بکەین. ئەمیریش کە لەگەڵ شەهید عوسمان لەوبەری کۆڵانەکەوە بوون، دەیگوت هەک دڵتان تۆقێ، کوڕە وەرنە ئەو بەری کۆڵانەکە خۆ ناتانخوا، جا تۆبی ئەو خودایە من کێم لەگەڵ خۆم هێناوە! بە هەزار چەرمەسەری ئەمیر سەگەی لەکۆڵ کردینەوەو خۆمان بە حەساری ماڵەکە داکرد. سەگوەڕەکە هەروا توند بوو. دوو کوڕ لە حەوشەی ماڵەکە بوون روویان لە ئێمە کرد و گوتیان "ئەو سەگوەڕە بەقوەتە ئێوە بوون؟" شەهید محەممەدیش کە تاکوو ئەو کاتەش لە دەستی سەگەکان تووڕە بوو، گوتی: کاکە ئێمە نەبووین بە ئێمە دەوەڕان.

بۆ پاش دوو ڕۆژی دیکە چووینە ئاوایی "هەرمێلە" کە دەڵێن هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک لەوێ لەدایک بووە. لەگەل شەهید عەلی شەهابی[19] و حوسێن نیکەنی چووینە ماڵێک. کوڕێکیان هەبوو سیگاری "تیربەهمەن"ی دەکێشا. گوتم کاکە ئەو پاکەتە سیگارە بدە بە من، پووڵت دەدەمێ بەیانی بۆ خۆت لە دووکان بیکڕەوە. گوتی فەرموو قابیلی نیە و پووڵیشم ناوێ. لەو قسانە دابووین کە تەقە دەستی پێ کرد. ئەو ماڵەی ئێمەی لێبووین، لە پایگاکە نزیک بوو. لە کۆڵانی بەردەرکی ماڵەکە نارنجەک دەتەقینەوە نەشماندەزانی هی خۆمانە یان هی دوژمن. ئیتر ئێمە بێخەبەر لەوەی کە بێجگە لە پایگا کە تەقە دەکا، گرووی بەناو زەربەت لە ڕێگای ئاوایی "سونج"یش هاتۆتە نێو دێ. بۆ ئەوەی نەمانبینن شەهید عەلی شەهابی فوویەکی لە چراکە کرد. ژوورەکە تاریک تاریک داهات. چاومان یەکتری نەدەدیت. من لە دەرگاکە نزیک بووم. شەهید عەلی گوتی هەڤاڵ بڕۆ دەرێ بۆ حەوشە تاکوو لێرەدا نەیانکوشتووین. لەبەر تاریکی نێو ژوورەکە من دەرکەکەم لێ ون ببوو. بۆیە لێم پرسی دەرگاکە لە کوێوەیە؟ کوتی ماڵتە لە دەستی ڕاستتە دەی زوو درگاکە بکەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە گوللە وەک برێشکە دەتۆقا، نازانم لە ترسانا بوو یان هەر بەسەر زارمدا هات گوتم: ماڵت نەشێوەی بەو تاریکییە چووزانم ڕاست و چەپم کامەیە!

لە کاتی هاتنە دەرێ لە نێو ئاوایی، پێنج پێشمەرگەمان بریندار بوون، یەکێک لە برینداڕەکان عوسمان مەمیل بوو کە هەردووک دەستی بریندار بوو، بە جامانەیەک بە ملیەوە هەڵواسیبوون. گەیشتینە باخێک، پێشمەرگە دەستیان بە قەیسی خواردن کرد. عوسمان مەمیل کە زۆر نەوسن بوو کوتی: هەڤاڵ قەیسێک لە زارم خە. منیش دەستم کێشا دوو قەیسیم لێ کردەوەو هەردووکیانم بە جارێک لە زاری خست. تووڕە بوو هەردووکیانی فڕێ دایەوە گوتی: گوو بە  پیاوەتیت، یەک یەک لە زارمیان خە. هەر ئەوەندەم زانی ئەو کوڕەکەی کە شەو لە ماڵیان بوومو پاکەتە سیگارەکەم لێ وەرگرتبوو، گوایە قسەی لەسەر بوو،  پێشمەرگەکان نازانم بە کوێدا لەگەڵ خۆیان هێنابوویانو لێم پەیدا بوو. گوتی: ئەرێ تۆ نەبووی شەو لە ماڵی ئێمە بووی؟ بە دەنگەکەمدا منی ناسیبۆوە، خۆ بە خودا هەر ئەو پاکەتە سیگارەم هەبوو دام بە تۆ، تۆخودا سیگارێکم دەیە.

---

[19] - ( لە چیای پیر چۆپان لە گەڵ برایم جەهاندیدە، ساڵە شەریفی، محەممەد خانەخاە، مەلابرایم پورسەعید، عەولا چراغوارە، سەعید شکنجە و خدر عەربی شەهید بوون)

بۆ بەری بەیانی گەیشتینە شوێنێک، حوسێن ساڵحی(ئازاد) وەسەر دار کەوت بۆ لێکردنەوەی هەڵووچە. برایمی چووکەڵی لێی تووڕە بوو کوتی: "کاکە وەرە خوارێ ئەو عالەمە مەهارووژێنە". دیارە چووکەڵی ناحەقی نەبوو، پاسدارەکانی دیبوو کە لە هەر چواردەوری ئێمە ئاگریان کردۆتەوە، وابوو پاسدارەکان لێمان نزیک بوونەوەو تەقە دەستی پێکرد. کابرای گوماناوییان لەگەڵ ئێمە نارد بۆ بن بەردێک. لەوبەر تەپکەیەکی دیکەوە بە بیکەیسی داینـاگرتین. کـابرا خـۆی بـە ئەرزەوە مـەڵاس دابـوو، هەڵنەدەسـتا. جەعفـەری ئیشـقی گـوتی سـەگباب دەتکـوژم هـەسـتە بـا بـڕۆین. کـابرا کـوتی لەوبەرەو دەمکـووژن. چوونکـە لیباسـەکانی رەش بـوو، لەوبـەرەوە دیبوویـانو کردبوویانـە نیشـانە و تەقـەیان لێدەکردین. تـا شـەهید مسـتەفا بـەدری و رزگـار و تـاهیر قـادرپوور ومحێدین و حوسێن بەقاڵی، عەلی سەرایی و چەند کەسی دیکە گەیشـتنە سـەر تیربارەکە و گرتیـان و ئێمەشـیان لـە دەسـتی رزگارکرد. ماوەیەک پێش ئەو شەڕە لە کەمینێک دا لە گەڵ مەمیل وعەلی لالە و چووکەڵی مـن تفەنگەکـەم گیـری کرد. دواتر گوتم مامۆستا سەلاح تۆ مامۆستای فێرگە بووی بزانە کێشەی ئەو تفەنگەم بۆ چارە ناکـەی ئـەویش ئاسنێکی لـێ دەرهێنـا و گـوتی ئـەوەی پێوسـت نیـە گـوتم کـورە پیـاوی چـا بـە تـۆ بلێـێ کارخانەکـەی سـەهووی کردبێ؟ جا لەو شەڕە دا یەکەم جار بوو پاش دەست کاری کردنەی مامۆستا سـەلاح تەقـەم پێدەکرد، بێسـیمان لە لا نەبوو کاتێک کورەکانی دیکە کە شوێنەکەیان لە ئێمە بەرز تر بوو هاواریـان کردبـوو ئـەوە بـۆ لێیـان نـادەن تێکەڵتان بوون. ئاگامان لێنەبوو تا لە گەڵ پاسـدارەکان تێکـەڵ بـووین، هـەر دەسـتم بـە ماشـە دا هێنـا تفەنگەکـەم بەو دەست کاری کردنـی مامۆسـتا سـەلاح لـە میزان دەر چووبـوو هـەر چـل فێشـەکەکە بـە یـەک جـار تـەقان، تـا خەشابم گۆڕی شەپکە توند بوو جاشەکان لەو دیو بەردەکەوە کە هەر سێ چوار میتر مـەودای هـەبوو لـە گـەڵ ئێمە بە کوردی جنێویان دەدا، دیار بوو رادەیان یەک جار زۆرە تازە خـۆر هەڵـدەهات لـە دڵ خۆمـدا گـوتم ئـای مامۆستا سەلاح بە کوشتت دام بۆ تفەنگ چاکردنت، من و عوسمان سەلیمی لە سـەنگەرەکەی پێشـەوە دابـووین. قەرار بوو باسی شەرەکان نەکـەم، بـەڵام بەراسـتی پێم حەیفـە باسـی قارەمانـەتی عوسـمان سـەلیمی نەکـەم لـەو شەڕەدا، کاتێک بریندار بوو تفەنگەکەی لە دەست پەڕی، گـوتی: "تـۆ بـڕۆ پاشـەکشـە بکـە بـۆ لای کوڕەکـانی دیکـە من بە نارنجۆک پێشیان دەگرم، شەرە نارنجۆکێکی باشی کرد هەم من و هەم خۆشی رزگار کرد.
تا من بە هەڵاتن و عوسمانیش بە شەلەشـەل گەیشـتینە لای کوڕەکـانی دیکـە بـە تیربـار قوولـەیان پێکـردین، وا بوو حوسێن نیکەنی کە شەوێ چاوی بە پریشکەی خۆمپارە لە دەست دابوو دووبـارە لاقـی بـە فیشـەکی تیربـار بریندار بۆوە، شەهید قادر راد حوسێن نیکەنی لە کۆڵ کرد تاکوو داوێنی شـاخەکە. لەوێشـەوە هێسـتریان هێنـاو سواری ئێسترمان کرد. لە دۆڵێک تێهەڵبووینەوە تا بڕۆین بۆ چیای وەنەوشە، کۆپتەر گەیشـتە سـەرمانو وەبـەر راکێتی داین. رەحمـان گـەورکی گـوتی پێم وابێ ئـەو هێلیکۆپتێرە هێسـترەکەی دیـوە، دا رەحمـان شـیخەی گیـان بزانە ئەو هێسترە لە ئەرز نادەی. رەحمـان شـێخەش بـاوەشـی بـە هێسـتر داکـردو هێسـتری بـە ئـەرزدا دا. بـەڵام کۆپتەرەکە مەسیرەکەی ئێمەی دۆزیبۆوەو دوو راکێتی دیکەی لـە نزیـک داین. رەحمـان گـەورکی دەیگـوت کـورە شیخە گیان گوێچکەی بگرە گوێچکەی، ئەوە گوێچکەی دەلەقێنێ بۆیە دیویەتی!.
دوای چەند شەو لە داوێنی چیـای قـەرەقا بـە سـەر لێواری ئەسـتێرە ئاویک دا هێسـترەکەی حوسـین نیکـەنیمان دەپەراندەوە، هێسترەکە چاوی راستی کوێر بوو و برینـدارەکەش هـەر هەمـان چـاوی برینـدار بـوو. هێسـتر بـە لا چاوە کوێرەکەی دا لە ئاوکەوتو برینداری وەبن خۆیدا. منو مام تۆفیق خۆمان فرێدا نێو ئاوەکـەوە بـۆ نـەجات دانی حوسێن. شەهید قادری رادو عوسمان شێخەش، عوسمان سەلیمی کە بریندار بـوو لـە بـن مـەڵۆ وێنجەیـەک خست و هاتن بۆ هاوکاری ئێمە. پاشـان نەدەچووینـەوە سـەر ئـەو مەڵۆیـە کـە عوسـمان سـەلیمی لـە بـن دا بـوو.

دواتر بە بریندارەکانەوە چووینە "کانی کەوتم". بۆ شەوێ نۆرە کەمینی ئێمە بوو. رەحمان گەورکی، شەهید قادر راد، منو سەلاح مەحموودی کە سەرپەل بوو، چووین بۆ کەمین. بەیانی هێزی ئاربابا کە لە شێنانەوە وەسەر کەوتبوون تا بێنە شاخی بۆ لای ئێمە ئەو کەمپوتانەی کە پێشتر رامانسپاردبوو بۆمان بکرن، لەگەڵ خۆیان هێنابوویان. پاسدار بە شوێنیاندا هاتبوونو تووشی شەڕ بوون کەمپوتەکانمان تێداچوون. ئیتر ئێمە نەمانتوانی تەکان بخۆینو لەوێ ماینەوە. هەلیکۆپتێریش زۆر بە نزمی بەسەرماندا دەگەڕاو تەنانەت نەماندەتوانی خۆشمان بخورێنین. ناچار بووین لەبەر بریندارەکان، تووشی شەڕ نەبین. رۆنەکەرە کە لە کۆڵەپشتەکەمدا بوو، لەبەر ئەو خۆرە توابۆوەو لە بن کۆڵەپشتیەوە بە نێو رانمدا هاتبووە خوارێ. شەهید قادر راد دەیگوت: ئەوە خۆت پیس کردووە مێرووڵەی دونیات لێهاڵاوە؟!

بۆ ئێوارێ چووین بۆ پشتی "سووتوو"و "بەردەڕەش". شەوێ بەڕێگادا دەڕۆیشتین، برایمی چووکەڵی لە پێش منەوە بوو، پێی کوتم: "بە کوڕەکان بڵێ کەس لەو بێستانە لانەدا! ئەمنیش بە شەهید محەممەد عەلیزادەم گوت کە لە دوای منەوە بوو: "کەس لانەدا". ئەویش دەبوا بە نەفەری دوای خۆی بڵێو پێشمەرگەکانی تر دمبەدم بە یەکتری بڵێن. بەڵام بۆ خۆم رووم لە بێستانەکە کردو میوەیەکم دیبوو، نەمدەزانی کوولەکەیە، کاڵەکە، شووتییە، چییە، هەربۆیە داهاتمەوە تا لەبەر شۆقی مانگەشەوەکەوە سەیری بکەم. دەترسام کوولەکە بێو لە جێگای کاڵەک تاکوو بەیانی هەڵیگرم. لە پڕ نەفەرێک لە پشتەوە کۆڵەپشتییەکەی گرتمو هەڵیساندمەسەر پێ. کە سەیرم کرد کاک برایم چووکەڵی بوو. بە تووڕەییەوە کوتی: "کاکە مەگەر ئێمە نەمانگوت کەس لانەدا"؟ منیش کە هیچم بۆ بەرگری کردن لە خۆم پێ نەبوو، کوتم: "کاکە تماشای دەکەم".

لەوێرا چووینە پشتی ئاوایی مووسێ. بۆ بەیانی چەند پێشمەرگەیەکی هێزی زمزیران کە یەکێکیان حەمەرەسووڵی کەریمی بوو، ئەگەر هەڵە نەکەم کاک ساڵە رەبەتیشیان لە گەڵ بوو، هاتن بۆ لامان. نازانم پێش ئەوەی ئەوان بێن کومیتەی بۆکان لە کوێوە شووتییان هێنابوو؟ هەر پێشمەرگەو قاشێکی چووکەیان دابوویە. شووتییەکیشیان بۆ میوانەکان دانابوو. کە میوانەکان رۆیشتن قاشێک شووتی مابوو. کەمال فازڵی خەریک بوو دەیخوارد، کوتم کاک کەمال بەشم نادەی؟ گوتی چی؟؟؟!!! کورە بەشەرەفم بۆ خۆم لە منداڵییەوە شووتییم نەدیوە.

شەوێکی چووینە ئاوایی مەنیجەلان. کەماڵ فازڵی لە ماڵێک دەبێ. جەعفەر عیشقی بە کڵاوێکی بەڵەکەوە خۆی بە ژوورێ دادەکا. ژنی ماڵەکە وادەزانێ پاسدارە دەڵێ کوڕە بەدبەخت نێودێ پڕە لە پێشمەرگە هەڵێوە بۆ پایگا.

پاش ماوەیەک داگەڕاینەوە بۆ لای "تورجان"، دەمانەویست بچین بۆ نێو ئاوایی. لە پێشدا ئێمە پێنج کەس کە جەعفەرە سوور، جەعفەر ئیشقی، رەحمان گەورکی، حوسین گاوەشەلە و من وەکوو تیمی پێشڕەو چووین بۆ نێو دێ. لە قەراخ ماڵان باخە قەیسییەکی لێ بوو، لە تەنیشت باخە قەیسییەکە تەپاڵە(دەوە)یەکی زۆریان پێژابوو. نوورو رووناکایی نورئەفکەنەکەی پایگاکەی ئاوایی، هێندە بەهێز بوو لە چاومان چەقیبوو، هۆشی تەپاڵە تازەکانمان نەبوو و هەتاکوو ئەژنۆیان چووبووینە نێو تەپاڵەوە. چووینە نێو دێ، لەهەوەڵ ماڵ پرسیارمان کرد کە چ خەبەرە؟ کچی ماڵەکە کوتی، دوو پاسدار لە نێو دێ بوون کە ئێستا چوونەوە بۆ پایگا. هیچ خەبەر نییە. بەڵام بۆ خاتری خوا ئاوا مەیەنە ژوورێ گشت گیانتان شیاکەیە.

پاش ماوەیەک گەڕاینەوە بۆ کوێستانەکانی "مێرگەنەخشینە"و ئەو جار لەگەڵ هێزی ئاربابا چووین بۆ ئاوایی "پیربادین". ماوەیەکی زۆر بوو تەداروکاتمان پێ نەبوو. هەموومان برسی لە قەراغی ئاوایی چاوەڕێ بووین

هەتاکوو تیمی پیشڕەو کە لە برایم چووکەڵی، عەلی لالە، رزگارو جەعفەرە سوور پێک هاتبوون، ئاوایی تاقی بکەنەوەو دواتر ئێمەش بچینە نێو ئاوایی. بەڵام کە تیمی پیشڕەو دەچنە نێو ئاوایی، گرووی زەربەت لەوێ دەبێ. رزگارو جەعفەرە سوور نیگابانەکەیان بەدیل گرتبووو لەگەڵ خۆیان هێنابوویان. گەیشتنە نێو چۆمەکەو پێیان زانیبوونو دایاننە بەر دەسرێژ. دیلەکەیان لەگەڵ خۆیان هێنا، کوڕێکی ناوچەی هەوشار بوو. هەموومان لەوەی کە نانخواردنەکەمان لێ تێکچووبوو زۆر تووڕە بووین. یەکێک لەوانە مامۆستا سەلاح بوو. هەر چاوی بە دیلەکە کەوت، کوتی: رووی بابتان رەش بێ ئەوە چیتان دەکرد لە نێو دێ؟ کوڕەکەش دەستی کرد بە گریانو ژێر نەدەبۆوە. وەڕێ کەوتین تا گەیشتینە پشتی "باغی شێخان"و بۆ پشوودان لاماندا. دیلەکە هەر نووکەنووکی دەهات. گوتیان ئەوە بۆ دەگری. کەماڵ فازڵی کوتی: دەی وەڵا ناحەقی نییە. ئەو عالەمە هەموو تفەنگی پێیە هەر ئەو بێچەکە، دە تفەنگێکی بدەنێ با ژێر بێتەوە.

پاشان لەگەڵ هێزی ئاربابا رۆیشتین بۆ ناوچەی "ئاڵەشین"ی بۆکان، شەوێکی چوێنە ئاوایی "دوکچی" هەر بە گەیشتنی ئێمە بۆ نێو ئاوایی گرووی بەناو زەربەتی دوژمن کە نێومان نابوون گرووهی زەربەخۆر هاوکات لە گەڵ ئێمە گەیشتنە ناو ئاوایی و تەقە دەستی پێکرد، کاک کەریم سەقزی کە بەرپرسی بانە بوو گوتی زوو ئەو گردەی پشت ماڵان بگرن کە گەیشتێنە سەر گردەکە جاشەکانیش هاوکات لە گەڵ ئێمە گەیشتنە سەر گردەکە و تەقە دەستی پێکردەوە و دووبارە تێک شکان و هەڵاتن ئێمەش شوێنەکەمان گوێزتەوە بۆ دوو گردی ئەولاتر و چاوەڕێی هاتنی دووبارەی گروی زەربەتمان دەکرد، بێدەنگ خۆمان مەڵاس دابوو ئەگەر لە پڕڕا دوو پێشمەرگەی هیزی ئاربابا لەو دیو گردەکەوە هاتنەوە بۆ لامان و گوتیان تانگ هات، هەمووومان رووومان بە قەولی وان لە لای دەنگی تانگەکان کرد، هاڕە هارێکی زۆر و روناکایی شۆقی چراکانیان دەهات کە لێمان دەرکەوتن دیتمان کۆمپایینن خەریکی درۆنە کردنن، گوتیان وەڵاهی ناحەقمان نیە لە هەموو ناوچەی بانە دوو کومپاینیی لێ نییە.

بۆ شەوی داهاتوو کە دەکەوتە نێوەڕاستی مانگی گەلاوێژ کەمینێکمان لەسەر جادەی بۆکان - میاندواو لە نێوان ئاواییەکانی داشبەند و مەڵالەر دانایەوەو شەوێ بۆ نانخواردن چووینە ئاوایی ئەسپۆغە. رەحمان شێخەو منو حوسێن ساڵحی چووینە ماڵی ئاشنایەکی من. ماڵەکە شۆرباو کفتەیان لێنابوو، لە حەوشە جێگایان راخستبوو لەبەر چرا فانۆس خەریکی نانخواردن بوون. هەر یەکی قاپێکی کفتەیان لەبەر دەممان داناو بۆخۆشیان چوونە ژووری تاکوو نانو ئاوی دیکەمان بۆ بێنن. رەحمان شێخە بە کەوچک هێندێک کفتەکەی سەراوژوور کردو کوتی: ئەوە چییە؟ ئەو سەرە پشیلەیە لەو قاپەدا! من ئەوە ناخۆم. حوسێن ساڵحی کوتی کوڕە عەیبە رەحمان ئابرووومان دەچێ. خێرا چوومە ژووریێو گوتم ئەو کوڕەی ئێمە بە گۆشت حەساسیەتی هەیە، زەحمەت نەبێ پیاڵەیەکی ماست بۆ بێنن.

بۆ شەوێ چووینە "باغەکانی خۆراسانە". بۆ شەوی دوایی لەگەڵ هێزی ئاربابا چووینە ئاوایی "سێوەدین"ی سەرێ. شەهید محەممەدی شامحەممەدی لە خوار ماڵانەوە نیگابان بوو، ئاگاداری کردین کە گروهی زەربەت هات. نەماندەویست تووشی شەڕ بینو پاشەکشەمان کرد. هەر ئەو شەوە رزگار حەبیبزادەو جەعفەر ئیشقی کە بۆ هێندیک کاری حیزبی لە ئێمە جودا ببوونەوە، لێمان هەڵبڕان. ئێمەش پاشەکشەمان کرد بۆ پشت ئاوایی "کانیەڕەش". شەوێ دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکان کابرایەکیان هێنابوو کە دەماننناسیو قسەی لەسەر بوو. دیارە پێشتر چووکەڵیو منو عەلی لالە چووبووین بۆ لایو ئامۆژگاریمان کردبوو، بەڵام ئاقڵ نەدەبوو هەر بۆیە ئەم کەڕەتە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان. شەوێ زۆر سارد بوو جاجمێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە پێی

بخەوێ. خۆی گرمۆڵە کردبوو و بۆی خەوتبوو. شەوێ کە نۆرە کێشکی من هات کوتم با سەرێکی بدەم بزانم هەڵنەهاتووە، کە لێی نزیک بوومەوە لە پڕ ئەگەر هەستاو گوتی: ئەرێ کاکە گیان جاجمی زیادیتان پێ نییە؟ وتم نەوەڵا. بەیانی بەسەرهاتەکەم بۆ کوڕەکان دەگێڕایەوە کە داوای جاجمی لێ کردووم. مەمیل دەیگوت: وای زانیوە جۆلای. هەر ئەو ڕۆژە کوتیان پەیامێکی رادیۆیی بۆ جەعفەر ئیشقیو رزگار حەبیبزادە لێدەن با بێنەوە. گوتیان جا باشە بڵێین بێنەوە کوێ؟ کوتیان بڵێن بێنەوە ئەو دۆڵەی کە جەعفەر ئیشقی سەری لێ تاشیوە. کوتم کاکە خۆ دۆڵ نەماوە جەعفەر ئیشقی سەری لێ نەتاشیبێ. ئەگەر وابێ تاکوو یەک ساڵی دیکە ناماندۆزنەوە. پێیان بڵێن با بێنەوە "کانی کەوتم"، رێژیمیش نازانێ کانی کەوتم کوێیە. هەر واشیان کرد، لە پەیامە رادیۆییەکەدا نووسرابوو کە ئەوان بگەڕێنەوە کانی کەوتم.

بۆ ئاخروئۆخری مانگی گەلاوێژ، لە بن دەکەڵەکەی کەلیخان رووبەرووی خافوورەدێ مابووینەوە. هەر سێ هێزی بەیان، ئاربابـاو مەڵبەندی دوو بووین. هەوایەکی سافو خۆشی بوو. بەڵام کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ هەورێکی رەشی هێناو تەرزەیەکی قورسی داباراند. بە جۆرێک کە هێندیک لە بارە تەقەمەنییەکانمان ئاو بردی. سەید تەها باترییەکی گەورەی قوڕاوی لە زاری نابوو، وەک دەرویش هوو هووی دەکرد بۆ ئەوەی گەرم دابێتەوە. بۆ شەوێ لەبەر ماڵەکانی ئاوایی "کیلەشین"ەوە لەسەر جادەی بانە - سەقز پەڕینەوە، تووشی دەستەیەک پێشمەرگەی کۆمەڵە هاتین، دوژمنی کوردمان بە خۆمان خۆش کردو سەرەڕایی ئەو باران و قوڕو چڵپاوە، شەڕێکی باشمان کرد و پایگای ئاواییش سەیری دەکردین. دوو ڕۆژ دواتر لە کوێستانەکانی "قوولقوولە"و "گردەکۆ" تووشی شەڕ هاتین بەلام ئەو جار لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان. پاشان بە بریندارەکانی ئەو شەڕەوە چووین بۆ پشت ئاواییەکانی "میک"و "باینجان" لە شیوێک بە بێ نانو خواردەمەنی مابووینەوە. پێشمەرگەکان هیچکامیان سیگاریان پێ نەبوو. رەحمان گەورکی کە سیگاری لێ بڕابوو. ماتو مەلوول لە بن بەردێک دانیشتبوو و حەوسەلەی نەبوو لەگەڵ کەس قسە بکا. کەماڵ فازلی بانگی کرد کوتی: رەحمان وەرە سیگارێکت بدەمێ. (کاک کەماڵ سەرەڕای ئەوەی سیگاری نەدەکێشا بەلام هەمیشە پاکەتێکی سیگار پێ بوو کە لە ڕۆژی تەنگانەدا دەیدا بە پێشمەرگە سیگارکێشەکان،بەڵام ئەو جارە سیگاری پێ نەبوو) بە بیستینی نێوی سیگار، رەحمان گەورکی هێزو تینێکی دیکەی وەبەر هاتەوەو بە پەلە خۆی گەیاندە کەماڵو کوتی: "هەی بە نۆکەرت بم کاک کەماڵ، کورە دا سیغارێکم دەیە خۆ شێت بووم. کەماڵ فازڵیش دەستێکی بە نێو کۆڵەپشتییەکەی دا هێناو کوتی: "رەحمان بە سەری بابم سیگارم پێ نیە، ماڵتە بۆ تەرکی ناکەی"؟

بۆ لای "پەڕەژاڵ" وەڕێکەوتین، تەداروکاتمان پێ نەمابوو. لە پشتی "حەوتاش" لە شیوێک مابووینەوە، چۆڕە ئاوێکی گەرمی پێدا دەهاتە خوارێ. شەهید جەلیل رەحیمیان بێ حاڵو برسیو لەحاڵی خۆی وەڕەزبوو، جامانەکەی کردبوو بە کەپرو لە بن سێبەرەکەی درێژ ببوو. سەید تەهاش قسەی بۆ منو شەهید مەنسوور ئالبلاغی[٢٠] دەکردو دەیگوت: "جا کە چووینەوە ئینذزێ دەچم ئاردو شەکرو رۆن دێنم، تاوەیەکیش دەبەم، لە خوار مەقەرەکانەوە یەک هەڵوا دروست دەکەم، ئەمما هەڵەوا، شاخی وا بێو باڵی وابێ". شەهید جەلیلیش بە بێدەنگی سەیری دەکردو گوێی دابووە قسەکانی. سەید تەهاش ئەوەندە بە باش باسی دروست کردنی هەڵواکەی دەکرد، ئیدی کاک جەلیل، بێدەنگیی شکاندو گوتی: "ئەرێ کاکە تۆ شێتی تووشی تەوەهوم بووی؟ سوورسوور دەزانی ئەوە دوو ڕۆژە یەک پاروو نانمان نییە بیخۆین، تۆش باسی هەڵوا دروستکردن دەکەی. بۆ نەخۆشیی رەوانی بۆ ئەو عالەمە دروست دەکەی کاکە گیان"؟! سەید تەهاش کوتی: "جا بە تۆ چی کاکە گیان؟

---

[٢٠] - نێوان سلێمانیە وتاسڵوجە ترور کرا) ( لە

هەڵوای خۆمەو زۆری چەور دەکەم". کاک جەلیل کوتی: "برۆ چۆنی دروست دەکەی دروستی بکە، تۆم بۆ حاڵی نابێ".

پاش دوو رۆژ مانەوە لە سەر سنوورو بەڕێکردنی بریندارەکان بۆ نەخۆشخانە، گەڕاینەوە بۆ ناوچەی سەقزو لە ئاوایی "حەسەن سەلاران" لاماندا. ماوەیەک بوو بە بێ تەداروکات مابووینەوە. لە ماڵێک کوڵەپشتییەکەم پڕ کرد لە نانو قەند، ژنی ماڵەکە کوتی: "خۆ شوکور ولاغتان پێیە بۆ ئەوەی کوڵەکەت بۆ هەڵگرێ؟ کوتم نەوەڵا دایە گیان ولاغی چی ئەوە هەمیشە بە کوڵی خۆمەوەیە". ژنەکە کوتی: دەک دایکت کوێر بێ رۆڵە خۆ ئەوە ولاغ نایتوانێ تۆ چۆن هەڵیدەگری"؟! با ئەوەشم لەبیر نەچێ، جارێک بە لای ئاوایی "بناویلەی کوردان"ی ناوچەی بانەدا تێدەپەڕین. لە نێو ئاواییدا کەرێک دەیزەڕاند. سەید تەها گوتی: "بە شەرەف ئەو کەرە ئەو کوڵەپشتەی هەڤاڵی دیوە، بۆیە دەڵێ ئا ئا ئا".

هەر لەسەر کوڵەپشتیی گەورە، سمکۆ بێکەس کە ساڵێک بۆ مەئموورییەت چووبۆوە بۆ ناوچەی سەقز، کوڵەپشتییەکی گەورەی دەرمانیی پێ بوو. تووشی شوانێک ببوون، کەرێکی پێبوو کە کورتانەکەی زۆر خواروخێچ بوو. رزگاری حەبیبزادە ئەو کاتە لە هێزی سەقز لە مەڵبەندی دوو سەرپەل بوو، وتبووی سمکۆ وەرە وەرە، باری تۆ و ئەو کەرە موو لێک نادەن وەک یەک وان.

کە لە ئاوایی "حەسەن سەلاران" هاتینە دەرێ مەڵبەندی یەکی کوردستانیش کە هاتبوونە ئەو ناوچەیەو ئێمەش تاکوو لای "چلچەمە"یان لەگەڵ چووین. ئەو ماوەیە کە لە چلچەمە بووین، بەیانییەک لە خەو هەستاین، هێزی دووی رێبەندان لە خواروی ئێمەوە خەوتبوون. تاهیر قادرپوور کە لە کیسەخەوەکەی هاتە دەرێ لە یەک میتری خۆیەوە دەستی کرد بە دەموچاو شۆردن لەو ئاوەی کە بە جۆگەلەکەدا لە شاخ دەهاتە خوارەوە. مام تۆفیق ئەڵماسی کە جێگری پەل بوو کوتی: هۆ کورە هەتیم ئەوە تۆ نازانی پێشمەرگەی دیکە لە خوارەوە لەو ئاوە دەخۆنەوە، بۆ سەرو چاوی لێ دەشۆری؟! تاهیریش بە خەواڵوویییەوە کوتی وەڵا خاڵە خەواڵوو بووم هەر لە بیرم نەبوو. مام تۆفیق کوتی کورە وەڵا دەزانیو خۆت گێل دەکەی. تاهیر کوتی مام تۆفیق ئاگات لە قسەکانت بێ من رێزم هەیە بۆت تۆ لە جێگای بابمی. مام تۆفیق کوتی: "کورە وەڵا کوڕی وەک تۆم هەبێ دەیگێم".

پاشان ئێمەو مەڵبەندی دوو گەڕاینەوە بۆ لای ئاوایی "مەولاناوا"و دواتر چووینە نزیک ئاوایی "دەرەقووڵە"و بۆ شەوێ هێرشمان کردە سەر هەردووک پایگای "دەرەقووڵە"و "دەرەتوێ". ئێمەیان دیاری کردبوو بۆ لێدانی پایگای "دەرەقووڵە"و وەک چاوساغیش عەبە دەرەقووڵەییان لەگەڵ ناردبووین کە درگای پایگاکەمان پیشان بدا. منو تاهیر قادرپوور پێکەوە بووین. هەر بەدەوری پایگاکەدا دەخولاینەوەو دەرگامان نەدەدۆزیەوە. کوتیان ئەرێ ئەوە شارەزاکە کوا؟ گوتیان ئەوە نییە عەبە دەرقووڵەیی بۆ خۆی خەڵکی ئێرەیە. تەقەیەکی زۆر توند لەسەر پایگا بوو، کوڕەکان بە ئارپیجی لێیان دەدا. کوتم: کورە کاکە عەبە دەرەقووڵەیی چی، خۆ ئەوە گونی خۆیو گێزەر لێک ناکاتەوە، چووزانێ درگای پایگا لە کام لایە. عەبە تووڕە بوو و ئێمەش پاشەکشەمان کرد. بۆ شەوێ بەرەو "قشلاخ" هەڵگەڕاینەوە. چووینە نێو دۆڵێکو لەنێو پۆلە چنارێکدا بۆی خەوتین. جێگاکە زۆر تەنگ بوو. بۆ ئەوەی بەیانی کەس ئێسترەکانیش نەبینی، ئێسترەکانیشمان لەگەڵ خۆمان هێنابووە نێو دارەکانو بەستبوومانەوە بە دار چنارەکانەوە. بەیانی کە هەستاین سەیرمان کرد، ئێسترێک نزیک بە سێ کیلۆ تەرسی بەسەر حوسێن گاوەشەلە دا کردبوو کە لە کیسەخەودا خەوتبوو. بە پێکەنینی ئێمە لە خەو هەستا. سەیرێکی ئێمەی کردو کوتی ئەوە بۆ پێدەکەنن؟ سمایلی ئیبراهیمی دەستێکی بۆ لای تەرسەکان راداشتو گوتی:

"سەمەنگولی، سەمەنگولی". حوسێن گاوەشەلە کوتی: کاکە ئەوە ئەم تەرسە لەسەر سەرم باریوە بۆیە شەوێ وا گەرمو خۆش بوو. مادام باسی حوسێن گاوەشەلە کرا، با باسی ئەوەش بکەم؛ لە داوێنی چیای سەرتوون مابووینەوە، مام تۆفیقی ئەڵماسی بنبەردێکی بۆ حەسانەوەی خۆی خۆش کردبوو. حوسێن گاوەشەلەش چووبوو لەوێ لێی خەوتبوو. هەر لەسەر ئەوە لەگەڵ مام تۆفیق لێیان بوو بە کێشە. حوسێن بە مام تۆفیقی گوت: "بێدەنگ بە دەییوس! پاشان کێشەکەیان بردە لای کومیتە، مام تۆفیق دەیگوت من ژن ومنداڵم هەیە و پێی گوتووم دەییوس، حوسێنیش دەیگوت بابە وەڵڵا لە خۆڕا وامگوتووە، خۆ بە شەرەفم من بۆ خۆشم نازانم دەییوس یانی چی"!.

پاش چەند ڕۆژی دیکە چووینە ئاوایی "مازووداری شێخ"، لەگەڵ عەلی سەرایی‌و عوسمان سەلیمی چووینە ماڵێک. وەتاغی ماڵەکە کەسی لێ نەبوو تەنیا لانکەیەکی لێ بوو و نەفەرێک لە نێو بێشکەکەدا بوو. هەر ئەوەندەمان زانی لانکە وە جووڵە جووڵ کەوت‌و منداڵێکی گەورەی حەوت بۆ هەشت ساڵانە سەرپۆشی لانکەکەی لابردو بۆ خۆی دەسرازەکانی شل کردەوەو هاتە دەرێ. عوسمان کوتی: "هەتیو ئەو گوێلکە چ بوو لە نێو ئەو بێشکەیە دا؟ نانیان بۆ هێنایەن‌و خەریکی ناخواردن بووین، کەریم شوجاعی وەژوور کەوت. هاواری کرد، ماڵەکە ماڵەکە دا توخوا سێ چوار نانم بدەنێ. هەر بە دەم قسەوە وەژوور کەوت‌و هات بۆ لای ئێمە دانیشت. ژنەکەش چوو دەستەوارێکی نان بۆ هێنا. کوتمان کاک کەریم هەموو نانەکە مەبە، بەشی ئێمەش بێڵەوە ئێمەش دەبێ نان هەڵگرین. کوتی: "لاچۆ کاکە لاچۆ، ئەو ماڵەی لێی بووم ئەسڵەن نانیان نەبوو'. لنگی لێک بڵاو کردو دەستی کرد بە نان ژماردن‌و کوتی یەک، دوو، سێ و چوار و... پشقەڵێک لە نێو نانەکادا بوو، سەیری کردو گوتی ئەوە چییە؟! یەک پتەی لێداو دەستی کردەوە بە ژماردنی نانەکان، پێنج، شەش‌و ... دواییش ڕۆیشت.

بۆ بەیانی بەسەرهاتی ژماردنی نانەکەی کەریم شوجاعیم بۆ مامۆستا سەلاح دەگێڕایەوەو گلەیی ئەوەشم بوو کە کەریم هاتووە هەموو نانەکەی ئێمەی هەڵگرتووەو ئێمەش لەبەر ساحێب ماڵەکە پێمان عەیب بووە دەنگ بکەین. مامۆستا سەلاح گوتی: "کەریم دا وەرە. مەگەر نەمانکوتووە، لە هەر ماڵێک بووین خۆت‌و شانسی خۆت، جا هەر شتێکیان هەبوو، بۆت نییە بچیتە ماڵی دیکە چوونکە ئەوێش پێشمەرگەی لێیە. تازە لەوەش گرینگتر، نانیان بۆ هێناوی، پێخۆری تێدابووە بە ناقابیلی پتەت لێ داوە" (مەبەستی پشقەڵی نێو نانەکەی بوو)!.

هەر ئەو ساڵە لە داوێنی چیای "سەرتوون" مابووینەوە، هێندێک پێشمەرگەش چووبوونە نێو ئاوایی "سیادەر". غەفووری سۆفی کە لەگەڵ پێشمەرگەکان چووبوو بۆ ناو ئاوایی، شەوێ کاتژمێر سێ گەڕانەوە بۆ لامان؛ ئێمەش هەر کەسە لەبن بەردو بنچکێک بۆی خەوتبووین. غەفوور کە پێشمەرگەی پەلی یازدە بوو، هاواری کرد: "ئەرێ پەلی یازدە لە کوێ خەوتوون". شەهید کانی‌درێژی گوتی: "غەفوور سەبر قسە بکە ئەو عالەمە لە خەو هەڵمەستێنە". هەر لەو جێگایەی خۆت بخەوە ئەوێ پەلی یازدەیە. غەفووریش بە دەنگێکی بەرزتر کوتی نا کاکە، من قوولایی پەلی یازدەم دەوێ. کاک ئەبووش تووڕە بوو کوتی: "کوڕە دە لە قوولایی پەلی یازدەت بم ئەوێ پەلی یازدەیە لەوێ بخەوە".

هەر لە قسە خۆشەکانی نێوان کاک ئەبوو و غەفوور، شەوێک لەگەڵ کاک ئەبوو بۆ پشوودان لە شوێنێک دانیشتبووین. غەفوور هات کوتی کاک ئەبوو باوەڕ بکە زۆر ماندووم، ئەو کیسەخەوەی منیش بۆ لەو هێسترە نانێن؟ کاک ئەبووش کوتی غەفوور گیان بۆ خۆت سەیری کە، بیست کیسەخەوی پێوەیە، جێگای کیسەخەوی دیکە نابێتەوە. ئاخر ئەو حەیوانەش گوناحە. غەفووریش وازی نەدەهێناو دەیگوت: "کوڕە کاکە ئەبوو گیان خۆ

بە کیسەخەوێک پەنچەر نابێ"! کاک ئەبووش توورە بوو، دەستی بۆ گیرفانی برد قەڵەمو دەفتەرێکی دەرهێنا، گوتی ئەو غەفوورە بە من حاڵی نابێ. ها غەفوور گیان ئەتۆ هێسترێک بکێشەوە نەقاشی کە و پێنسەد کیسەخەوی لێنێ، کاکە نابێ نا!

کە هەوا ساردی کرد بەرەو سنوور گەڕاینەوە، لەسەر سنوور ئەرتەشی ئێراق هەموومانیان چەک کردو لە تەویلەیەکی گەورەیان کردین. دەیانکوت چەند کەسن. بۆ نموونە دەمانگوت سەدو پنجاه کەس، یەک یەک دەیانژماردینو دەیانناردینە ژوورێو دەیانگوت ئەی بۆ سەد و چل و نۆ کەسن ئەی یەک کەسەکەی دیکە کوا؟ پێشمەرگەیەکمان لەگەڵ بوو بە ناوی سەید جەلال پێیان دەوت "جەلال چلکن" لەبەر درگای تەویلەکە راوەستابوو لەگەڵ عەسکەرەکان پێشمەرگەکانی دەژمارد. بە قەول هاوکاری دەکردن بۆ ئەوەی زوو نەجاتمان بێ لەدەستیان. سێ چوار جاریان ژماردین نەفەرێک هەر کەم بوو. سەید جەلال دەیگوت: "ئەرێ ئەوە چ سەگبابێکە خۆی نەنووسیوە". پاشان کە لە جەلالیان پرسی کە خۆت نووسیوە، وتی نەوەڵا. دەی کوتیان ئەگەر وابێ سەگبابەکە بۆ خۆتی.

کەماڵ فازلی کە بێسیمی راکاڵی پێبوو و لە نێو کۆڵەکەیدا جامانەیەکی بەسەردا دابوو، نەیاندیبوو هەر بۆیە لەگەڵ خۆی هێنابوویە ژوورێ، لەوێ پێوەندیی لەگەڵ دەفتەری پاریس گرتو پێی کوتن کە دەفتەری سیاسی ئاگادار بکەن کە ئێمەیان گرتووەو بێن رزگارمان بکەن.

چووینەوە بۆ بنکەی سابت لە ئینذزێ، لە لایەن کۆمیتە شارستانی بۆکانەوە ناردیانم بۆ نەخۆشخانەی ئازادی لە بۆڵێ بۆ دیتنی دەورەی دەرمانی، کە چووم بەکرە یاسیناوایی، لوقمان کەسرایی، شەهیدان خالید باڵەکیو رەئوف شۆکە، برایم ناوێک لە مەڵبەندی یەک، ئەمیری قادریو بەکورتی لە هەر کۆمیتە شارستانێکەوە کادرێکیان ناردبوو بۆ دەورەی دەرمانی. هێندیک جار بۆنی دەرمانەکان دەهات بە سەرمداو دڵم تێکەڵ دەهات، شەوێک چوومەوە بۆ کۆمیتە شارستانی بۆکانو بە مامۆستا سەلاحم کوت: "بابە ئەمە چ شوغڵێکە بۆ منتان دیوەتەوە، بێزم نایە کاری وا بکەم". کوتی: "کورە بەیانی بڕۆوە بۆ دەورەکەت، بێز دەکەم یانی چی؟ ئەی چۆن ئەو هەموو دووگە پیسەت لە مەنتەقە دەخوارد، ماڵی بابت نەشێوێ"!.

بەیانی دیسان چوومەوە بۆ نەخۆشخانە. جارجاران ئێواران بەکرە یاسیناواییو شەهید خالید باڵەکی[٢١]دەچوون لە ئاوایی سلێ مەشرووبیان دێنا. ئەو کات لوقمان زارایی بەرپرسی بەخش بوو، دەیگوت کە مەشرووبتان خواردەوە کەس بۆی نییە بێتە نێو نەخۆشخانە، تاکوو سەرخۆشی بەرتان دەدا. ماوەیەکی پێچوو بەفرێکی زۆر باری، حەوشی نەخۆشخانە پڕ ببوو لە بەفر. ئێوارانە بە برانکارت بەفرەکەیان پێ فڕێ دەدایە دەرەوەی نەخۆشخانە. ئێوارەیەک لە نێو چادرەکەی خۆماندا دانیشتبووین، لە پڕدا شەهید خالید باڵەکیو ئەمیر قادری خۆیان کرد بە ژووردێداو کوتیان کوا شووشە بەتاڵەکان. کوتمان بۆ چیتانە، کوتیان بیانهێنینو پڕیان بکەن لە ئاو و سێ چوار لیوانیان بە دەورەدا دابنێنو سیگار هەڵکەنو دەست بکەن بە سیغار کێشان. هێندەی پێ نەچوو لوقمان زارایی بە دەنگە دەنگ هاتو گوتی ئەرێ کاکە، کادرەکان ئێوارەیە وەرن بۆ بەفر فڕێدان! هەر کە پەردەی بەر دەم چادرەکەی هەڵداوە، سەیری کرد ئەوە شووشە مەشرووب لەسەر کەشەف دانراوەو لە دەوریدا خەریکی سیگارکێشانن، کوتی باشە باشە، مادام مەستن بۆتان نییە بێنە حەوشەی نەخۆشخانە. پاش ماوەیەکو دوای تەواو بوونی دەورەکە بە کۆڵەپشتییەک دەرمانەوە گەڕامەوە بۆ هێزی بەیان، کە هاتمەوە کوڕێک بە ناوی برایم واتە هەمان ئیبراهیم جەهاندیدە لە هێزی کێلەشینەوە هاتبوو بۆ هێزی بەیانو لە پەلی

---

[٢١] - دۆڵەتوو شەهید بوو) ( لە

یازده کە شەهید عەلی شەهابی سەرپەلی بوو و پاشانیش پێکەوە شەهید بوون، سازماندەهی درابوو، لەگەڵ من بوو بە هاوڕێیەکی زۆر نزیک؛ جا قسەی خۆشی لە لا بوو.
دەیانگوت بۆ ئەوەی تۆزێک گورجوگۆڵ بن، بەیانیان زوو هەڵیاندەستاندین‌و دەیانبردین بۆ شاخی. ئەمە بڕیاری کۆمیتە شارستانی بۆکان بوو، بەڵام ئەوەشیان گوتبوو کە ئەگەر باران باری مەچن بۆ شاخی. بەیانییەکی زوو مەجید خەبات نیگابان دەبێ‌و زۆری پێخۆش نابێ بچین بۆ شاخی، دەچێ شیلانگی ئاوەکە دێنێ‌و بەسەر چادرەکەی کاک برایم چووکەڵی‌و شەهید ئەبوو جامەردیی[٢٢] دا دەکاو دەڵێ کاک برایم باران دەبارێ کوڕەکان هەستێنم بۆ شاخ. چووکەڵیش دەڵێ ماڵت خرانەبێ مەجید خەبات، مادام باران دەبارێ ئێمەشت هەڵنەستاندباو لێی دەخەوێتەوە. بەیانی کۆمیتەی شارستان هەڵدەستن‌و دەبینن کەس نەچووە بۆ شاخ، جا چۆنیان لەگەڵ برایم چووکەڵی حەل کرد نازانم.
شەوێکی زۆر سارد لەگەڵ سەلاحی مەحموودی کە دەبووایە دوو کاتژمێر نیگابان بووایەین، سەعاتێکی مابوو وازمان لە نێگابانی هێناو چووینەوە ژوور و بۆی دانیشتین گوتم مەحموودی ئەو عالمە بە تەمای ئێمە خەوتوون گوتی: بەو بەفرە تانگیش دەرناچێ، دیارە من هەربە دڵم نەبوو بەڵام ئێستا دەزانم بۆچوونەکەی زۆریش هەڵە نەبوو راستی دەکرد گورگ دە میتر دەرنەدەچوو چبگا بەوی رژیم لە پیرانشارەوە بە سەر ئەو هەموو پایگا عراقیە دا هێرش بکاتە سەرمان. بۆ شەوی دوایی من دەبوا رەحمان گەورکی هەستێنم. تفەنگو سەعاتێکی تایبەتیان دانابوو کە نیگابانەکان بیدەن بە یەکتری. رەحمانم لە خەو هەستاندو تفەنگو سەعاتەکەم پێداو گوتی تۆ برۆ بخەوە خەمت نەبێ. بەیانی کە هەستاین نیگابانمان نەبوو. رەحمان گوتی: "کاکە هەڤاڵ منی هەڵنەستاندووە". شەهید عەلی شەهابی گوتی: "رەحمان هەڤاڵ سابقەی خەوتنەوەی نییە". هەرجۆرێک بوو ئەو جارە نەجاتمان بوو. نزیک دوو حەوتوویەکی پێچوو. شەوێ پێش ئەوەی بخەوین، سەیری لیستەی نیگابانییەکەم کرد. دەبووایە من کاتژمێر دوو بۆ سێ رەحمان گەورکی هەستێنم. کوتم کاکە عەلی، من رەحمان هەڵناستێنم پۆستەکە بگۆڕەوە. کوتی نایگۆڕمەوەو دەبێ هەڵیستێنی. جا گوتم رەحمان گەورکی ئەوە جاری پێشوو نییە، بەشەرەف بانگت ناکەم سواری سینگت دەبم، توند ملت دەگرم تاکوو بۆ خۆت خەبەرت دەبێتەوە. کوتی نا نا شتی وا نەکەی. شەوێ کاتێک نیگابانییەکەم تەواو بوو هاتمە ژوورێ بۆ ئەوی رەحمان هەستێنم. بانگم کرد رەحمان. یەکسەر لە جێگای خۆی هەڵبەزیەوەو گوتی بەڵێ کاکە. کوتم هەستە نیگابانی. چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا خشاندو دەستێکی بە ملیدا هێناو گوتی: "نامەرد ئەوە ملت گرتووم". گوتم: "نەوەڵا کاکە خۆ من ئەوەتا کەوشەکەشم دەرنەهێناوە، ئێستا هاتمە ژوورەوە". کوتی: "پێم سەیرە ئەی بۆ وا زوو هەستاوم"؟!
وردەوردە بەهار هاتو ساڵی1369 (1990زایینی ) دەستی پێکرد. دیسان بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتین بەڵام ئەو ساڵە وەک ساڵانی پێشوو نەبوو کۆڵەپشتییەکی گەورەم دەرمان پێبوو کە ئێستاش کە ساڵی1390 (2011زایینی ) یە پشتم دێشێ لە بەر ژانەکەی و دەرمان دەخۆم. نامەوێ مننەت لە سەرکەس بکەم، چونکە بە تەواوی وجودمەوە باوەڕم بەو خەباتە پیروزە هەبووە، تازە کە چاوم بە تێکۆشەرانی وەک کاک سەلاح شەشە دەکەوێ هەر لە ڕووم نایە بڵێم رۆژێکیش پێشمەرگە بووم. بە ماشین چووینە "سوونێ" و لەوێشەوە بۆ "دۆڵەکۆگێ"و بە دەشتی "وەزنێ"دا چووینەوە ناوچەی سەردەشت. لە پشت ئاوایی "کونەمشکێ" بە دیوی جادەی سەردەشت ـ پیرانشاردا مابووینەوە. حەسەن بەرابەری کە پێشمەرگەی هێزی قەندیل بوو، هاتبوو بۆ

---

[٢٢] - جادەیی بۆکان سەقز شەهید بوو) ( لە

هێزی بەیان. هاتە لام و گوتی: "هەڤاڵ قەبزم". شەهید برایم جەهاندیدە گوتی: "کورە برۆ لە کۆڵمان بەوە حەسەن تۆ چووزانی قەبزی چییە؟" حەسەن کوتی: "کاکە چۆن نازانم قەبزی چییە، بەخودا شانو پیلم هێندە دێشێ"!

لەو کاتەدا هێزی پێشەواشمان لەگەڵ بوو. شەوێ پەڕینەوە بۆ ئەوبەر بۆ لای ئاوایی "گەرۆر". حەسەن بەرابەری خۆی بە عەرزداداو گوتی: "پەکم کەوتووەو ناتوانم بڕۆم". کەریم شوجاعی نانی پێداو دوای ئەوەی نانەکەی خوارد کوتی توونیمە. قاسم بەهرەمەند ئاوی دایەو دوای ئەوەی ئاوەکەی خواردەوە کوتی: "جا ئەو جار هێندەم خوارد ناتوانم بڕۆم'. چووکەڵی تفەنگی لەسەر راگرت کوتی کورە هەتیو دەتکوژم، خەریکە رۆژمان لێ دەبێتەوەو دوو هێزی پێشمەرگە بە بۆنەی تۆوە ئاشکرا دەبین. وامان دەزانی دەترسێو دەڵی باشە دەی بابڕۆین، کەچی کوتی باشە دەی بمکوژە. حەسەنمان لە کۆڵی قاسمی بەهرەمەند نا بۆ بناری شاخ. بۆ ئێوارێی رۆژی دواتر چووینە هەوارەکانی "جانداران" منو تەیموورو عەلی شەهابی چووینە چادرێک. من نەمدەزانی خەڵکی مەنگوڕ ئاوا شۆخیبازنو شۆخی دەکەن. کوڕی ماڵەکە بە عەلی شەهابی دەگوت ئەو خوشکەم لەگەڵ خۆت بەرە وەک سابوون لووسە. منو تەیمووریش چاومان زەق کردبوو و هەر پێدەکەنین. عەلی شەهابی کوتی کاکە سابوونم بۆ چییە نانم دەیە نان. کوڕەکە گوتی: "بەخوا شێتە، کورە بابە ئەوە هەم نانە هەم گانە". دایکیان دەیکوت: "هەتیوە چاو رەشە دەست بۆ ئەو کچەم بەری نێفەکت دەبڕم". عەلیش دەیگوت: "کورە دایە گیان من کچی ئێوەم بۆ چییە؟ ئەوە کوڕەکەت بە زۆری بەسەرم دا دەبڕێ".

لەوێوە شەوێ بەرەو "کانی میرخاسان" لە پشت ئاواییەکانی "کاولان"و "کووران" رێگامان بڕی. رێگایەکی دوورودرێژ بوو و زۆر ماندوو ببووین. شەهیدان خدر دۆڵەگەرمی، خالید باڵەکی، و هەباس شارویرانی[٢٣] لە پێشەوە دەڕۆیشتن. هەر دەیانگوت دەی بە قوربانتان بین هێندەمان نەماوە، ها ها ئەوەتا نیوسەعاتی دیکە دەگەینێ. هەموو لە پێ کەوتبووینو هەر نەدەگەیشتینێ. لە شوێنێک دانیشتین بۆ پشوودان. سەید تەها: "کوتی ئەرێ خالید سەری خۆت ئەوە سەعاتی مزگەوتە هێندە گەورەیە وا ئەو نیوسەعاتە هەر نەبڕایەوە و تەواو نابێ"؟

پاش چەند رۆژی دیکە کە لە "وشکەشیو"ی نزیک ئاوایی "مێرگەنەخشینە" مابووینەوە تووشی شەڕ هاتین. دوو رۆژ دواتر واتە بیست وحەوتی جۆزەردان کە ساڵڕۆژی رادیۆ دەنگی کوردستان بوو، لە کەلیخان دووبارە تووشی شەڕ هاتینەوە؛ پێنج برینداری هەبوو کە دەبووایە ناردرابانەوە بۆ سەر سنوور. یەکێک لە بریندارەکان سەید تەها بوو. لە کاتی پێچانی برینەکەیدا هەر دەستی دەگرتمو دەیگوت زۆر دێشێ. باش بوو رزگاری حەبیبزادە کە ئەو کات فیلمهەڵگری کومیتەی بۆکان بوو پەیدا بوو. گوتم سەید تەها رزگار هات، عەیبە فیلبەرداری دەکرێی هاوار مەکە. تەها هەر چاوی بە دووربینەکە کەوت، بێدەنگ بوو. جا منیش بە کەیفی خۆم برینەکەیم بۆ خاوێن کردەوە. بۆ سبەینێ کە دەمانەویست بریندارەکان بەرین، سەید تەها گوتی: "رزگار سەری خۆت ئاگات لەو فیلمە بێ با خراپ نەبێ". رزگار گوتی: "هەی ترحێو، کوڕە خۆ من دووربینەکەم هەر هەڵیشنەکردبوو، هەر گوتم با بهێڵێ هەڤاڵ برینەکەت بۆ خاوێن کاتەوە". سەید تەها: "گوتی دە بە شەڕەفم وامزانیبایە یەک بەخۆم هاوارم دەکرد".

---

[٢٣] - ورچەک شەهید بوو)( لە

پێش ئەوی بگەڕێینەوە ناوچە هەر نەفەرێ یک مریشکی برژاویان بۆ هێنایین، محەمەد سەلیمی گوتی: "یانی یک مریشک بە تەنی بۆ من؟ منیش هەر بە گاڵتە گوتم: "راوەستە وا مەزانە هەر وا بە مفتە مریشکت دەدەنێ بزانە بە قەدەر گوشتی ئەو مریشکە گوشتت لێدەکنەوە یان نا؟!. یەکێک لە بریندارەکانی ئەو شەڕە محەمەد سەلیمی بوو، سەید تەها گوتی: "حەمە هەڤاڵ گوتی ئەو مریشکە لە خۆڕایی نییە".

مەئموورییەت درا بە محێدین خانئەحمەدی، شەهید عوسمان سارۆقامیشی، منو جەلال دەوسێنەیی لە هێزی بەیانو رەحیم شازدەو شەهید مەجید بەردەڕەشی[٢٤] لە هێزی ئاربابا، تاکوو ئەو بریندارانە بەرێ بکەین. ماڵئاواییمان لە کوڕەکان کردو وەڕێکەوتین. کوڕێکی دیکە کە ناوی ئەسعەدە رەش بوو سمێڵێکی گەوری دانابوو، زۆر دەترسا لەگەڵ بریندارەکان دەناردراوە بۆ سەرێ. لە پشت ئاوایی "بانەزێڕ"ی بانە، هێستریک کە شەهید عەلی ئەمینی[٢٥] کە ئەو کات بە بریندار بەسەریەوە بوو، لە مێرگو ئاوێک لە قوڕ چەقی، منیش خەریک بووم کە عەلییە رەش دابەزێنم تاکوو ولاغەکە لە زۆنگەکە دەرهێنمەوە، ئەو ئەسعەدە هات کوتی ئەوە چی دەکەی کاکە با بڕۆین. ها دەنگی ماشێن دێ بە دوومانەوەن. عەلییە رەش توورە بوو کوتی: "نانا دەنگی تانگ دێ! کورە تۆ عەیب ناکەی سمێڵت بەقەت هەڤاڵ دەبێ، لە ئێوارەوە جۆکم بۆ دەگێڕێتەوە. دەی بۆ خۆت چەور ناکەی بچی لە قوونمانەوە؟" بۆ شەوی ئاخری کە دەمانەویست لە چیای "گاکڕ" ئاودیو بین، هەر سەر لە ئێوارە دیتمان پاسدارێکی زۆر هاتن کەمینیان بۆ دانایەوە. ئیدی ئێمە بێخەبەر لەوەی کە راپۆرتیان لێ داوین، کە ئەوە پێنج هێستر بە بریندارەوە لەگەڵ تیمێکی کەم بەرەو سنوور دێن. هەر بۆیە ناچار بووین رێگاکەمان گۆڕیو بە رەوەزو شاخێکی زۆر چەتوون و هەڵەمووتدا رۆیشتینە خوارێ، تا گەیشتینە کەپرێک کە کابرایەک لەگەڵ ماڵو منداڵەکەی لەوێ ئاویان دەداشت. محێدین خانئەحمەدی کوتی: "خاڵە ناوت چییە"؟ کوتی: "حێ". کوتی: "کاک حێ گیان دەبێ زەحمەتێکمان بۆ بکێشیو تاکوو ئاوایی "ساوان" بچی'. کابرا وتی: "چی؟! کاکە رێگای دوو شەو و رۆژە". محێدین کوتی: "دەی بە قوربانت بم، ئەو 3000 تمەنەش هەڵگرە بۆ خۆتو بچۆ". کوتی: "کاکە پووڵم ناوێ بەلام بۆ بچم"؟ محێدین کوتی: "وەلا ولاخمان پێیە بە ئەمانەت وەرمان گرتووە دەبێ بیبەینەوە بۆ ئەوێ". کابرا کوتی: "یانی من لێرەوە ولاغێک بەرمەوە بۆ ساوان؟ محێدین وتی نا یەک نییە پێنج دانەن". کابرا دوو چەپۆکی بەسەر خۆیدا کێشاو گوتی دەک قووڕت بەسەر حێ. دوایە زۆر پیاوانە ولاغەکانی بردبۆوەو تەحویلی خاوەنەکانیانی دابۆوە. لە کابرا دوورکەوتینەوەو بە بریندارەکانمان گوت: "جا ئیدی ولاغ نەماوەو هەرجۆرێک بووە، دەبێ بۆ خۆتان بڕۆن. بریندارەکانمان رەوانەی ئەودیو کردو بۆ خۆمان گەڕاینەوە بۆ ناوچەی سەقز. لە رێگا جار جار جەلال دەوسێنەیی رادەوستا سەیری جی پێیەکانی دەکرد و دەیگوت قەنە، قەنە بێرەدا رۆشتووە، شەهید عوسمان سارۆقامیشی دەیگوت برا هەڤاڵ محێدین قەنە چیە؟، تا جەلال خۆی گوتی برا کەنیشک، "دختر" دەڵیم حاڵی نابی.

شەش کەس بووین، گەیشتینە پشت هەوارەکانی ماڵی حاجی شەریف. لە "کانی کێژان" کە دێیە سەرێ، شوێنێک هەیە بە "قەبری کچ و کوڕەکە" بەناوبانگە، لەو دووملانەیە دانیشتبووین ئیتر نەمانزانی پایگای "قەلاگا"ی لێوە دیارە. هەر محێدینی خانئەحمەدی سیگارێکی هەڵکرد، وەبەر دۆشکاو خومپارەی داین. سەربەرەوخوار هەلاتین

[٢٤] - گەڵ مامە قالە لە ئاوایی بایزە و کەندەشینە شەهید بوون) ( لە

[٢٥] - فێرگەی سیاسی نیزامی لە کۆیە لە گەڵ غەفوور مێهدیزادە و سەدیق شەهید بوون؛ شەهید عەلی ئەمینی بە عەلییە رەش بەناوبانگ بوو) (لە

بۆ کانی کێژان ڕەحیم شازدە گوتی: من دەزانم ڕۆژێکی سیگار گێشان بە کوشتمان دەدا. هەر لەو کویستانانە ماینەوە پاش دوو ڕۆژان هێزمان دیتەوە.

ڕۆژێک چووینە داوێنی چیای "کەپری" لە پشت ئاوایی "گەنمان"و "برایم خەسار". مەڕیان کوشتەوەو دەستمان کرد بە گۆشت برژاندن. تۆپباران دەستی پێکردو گۆشت خواردنەکەی لێتێکداین. بۆ ئێوارە کە دەمانەویست بڕۆین لەگەڵ شەهید برایم جەهاندیدە هەر یەکەو لاپەراسوویەکمان هەڵگرتبوو کە لەگەڵ خۆمان ببەین. کاک کەریم سەقزی گوتی: "کورە بۆ خاتری خودا ئەوە نەهێنن، بە لای هەر دێیەکدا بڕۆین سەگەلی ئەو دێیەمان وەدوو دەکەوێ، کاکە بەیانی گۆشتی دیکەتان بۆ دەکڕین". هەر لە پیوندی لە گەڵ گۆشت و بەز هەلگرتن لە کوڵەپشتی دا، لە کانی کەوتم بووین هێندێک چەرمە چەقاڵتە و پەراسوو مابوو گوتیان لە ژێر عەرزیان خەن ئازاد سالحی گوتی: کاکە لەو سەر بەردانەی دانێن ئێستا ئەسکەندەر وەک هەڵۆ بۆیان دێ و دەیان با، تاوێکی نەبرد ئەسکەندەر هات ملۆمۆیەکی کرد هەڵی گرتن و بردنی. بۆ شەوێ بە بەرقەدی چیای پیرچۆپان دا ڕوبەڕوی ئاوایی شێخ چۆپان بە ریز دەڕۆیشتین سەگ لە نیو ئاوایی را پێمان دەوەڕین پاشان دەرکەوت کە سەگ بۆنی گۆشتی ناو کۆڵەپشتی ئەسکەندەریان کردەوە.

منو شەهید برایم جەهاندیدەو کەماڵ شێخانی هاوخەرج بووین. لە دووکانێک کارتۆنێک بیسکویتی "حام"مان کڕیبوو، کارتوونەکەمان فڕێ دابوو غوڕابێکانمان لە جامەدانەیەک خستبوو. بە نۆرە هەر شەوە یەکمان هەڵماندەگرت. نەشماندەوێرا ئاشکرای بکەین کە غوڕابیمان پێیە دەنا هەموویان لێ دەخواردین. شەوانە کە دەگەیشتینە جێگای حەسانەوە، پیش ئەوەی بخەوین شەهید برایم لەبەر ئەوەی نەیدەوێرا ناوی بیسکویت بێنێ، دەیکوت: "هەڤاڵو کەماڵ ئەو توتنەی بێنن با سیگارێک هەڵپێچین"!.

ڕۆژی 18ی پووشپەڕ لەگەڵ هێزی پێشەوا لە پشت ئاوایی "گڵۆڵان" مابووینەوە. هەروەک کاک کەریم سەقزی قەولی دابوو، گۆشتمان بۆ بکڕێتەوە، قەولەکەی بردەسەرێ و مەڕی بۆ کڕین. ئێمە لە نێو باغە قەیسییەکی زۆر خۆشدا مابووینەوە، لەگەڵ محێدین خانئەحمەدی، برایم جەهاندیدەو کەماڵ شێخانی خەریکی گۆشت برژاندن بووین. منو محێدین عادەتەن دووگو ریخۆڵە چەورەمان زۆر دەخوارد، کاری لەو نەکردو منیشی تووشی سکچوون کرد. شەهید عەلی شەهابی بە منی کوت حەسەن قازیو تاهیری ڕەشیدی دیدەبانن، بڕۆ بۆ نیگابانی با ئەوانیش بێنەوە نانێک بخۆن. هەرچەندە کوتم کورە عەلی لێمگەڕێ ئەو جەوە خۆشەم لێتێکمەدە با گۆشتەکەم ببرژێنم. کوتی نابێ نۆرەتەو دەبێ بڕۆی. منیش پێم کوت وەڵاهی عەلی نایەڵم بەو جۆرە بەسەرتانەوە بڕوات، هەر چوومە سەرێ دەڵێم پاسدار هات.

لە گەڵ سەعید حاشیابادی سەرکەوتین دیدەبانەکانمان گۆڕیو لە بن بەردێک دانیشتین. کاتژمێرێکی پێچوو. هێزی دوژمن هات. بە بێسیم چووکەڵیم ئاگادار کردەوە کە نیروو هات. چووکەڵیش دیار بوو پارووێەکی لە دەمدا بوو، قاقایەکی لێداو گوتی کوڕە فشە مەکە، پێش ئەوەی بڕۆی عەلی بۆی باس کردووین کە چیت گوتووە. منیش کوتم بە کوردستان دە دەقەی دیکە نەگەنە ئەو تەپکەی پشت سەرتان، شەپکە توندە، باش بوو پێشمەرگەکان فریا کەوتن تا ئاوایی "گڵۆڵان" ڕاویان نان. تا ئێواری شەڕ بوو، نازانم بۆ لە کاتی دیدەبانی مندا هەموو کات تۆشی شەر دەبووین، چوکەڵی دیگوت پێم وابێ چا لێدەنێ دووکەڵەکەی دەبینن گوتم برا خۆ من کە دەچم بۆ شاخی کەتریم پێنییە دیارە کەمتر لە کاتی دیدەبانی دا چامان لێدەنا بەڵام من قوتوو کمپوتێکی بەتاڵم لە گۆرەوی دەخست تاکو شتی ناو کۆڵەپشتێکەم ڕەش نەکا ئەوەم دایم پێم بۆ بۆ چا لێنان . ساڵانی پێشووش خاڵە عەوڵا شێنانی گوتبوی هەڤاڵ مەنێرن بۆ دیدەبانی وەک قەل وایە هەر قراندی دەڵی گوو.

شـەوێ ڕێگایـەکی زۆرمـان بـڕی، ڕۆژی دوایـی بـەیانی سـەرلەنوێ دیسـان لـە چیـای پیرچۆپـان تـا ئێـواری تووشی شەڕ هاتینەوە. دووبارە لەگەڵ هێندێک پێشمەرگەی دیکە بریندارەکانی ئەو شـەڕەیان پێدا ناردینـەوە بۆ سـەر سنوور. ئەو جارەیان لەگەڵ حوسێنی ساڵحی(ئازاد) کە جێگری پەل بـوو، حوسـێنە سـووری هێزی ئاربابـا و عەلی لالەو سێ چوار بریندار. بریندارێکمان لە نێو دارەمەیتدا بوو، هەموو جارێک خوار دەبوو، دەبوو راسـتی بکەینەوە، پێشمەرگەیەکیان لەگەڵ ناردبووین. دەمگوت ئـەو بـارەم بۆ راسـت بکـەوە، هـەر ئـەویش لێـی دەزانـیو نەیدەکرد. لە نزیک ئاوایی "دۆڵەرزن"ی بانـە کوتم ئـەو بـارە راسـت دەکەیتـەوە باشـە، دەنـا بـەخودا لێـرە چـەکت دەکەم. عەلی لالە کوتی: "ترحێو، جا چەکی بکەی، دەبێ بۆ خۆت چەکەکەی هەڵگری"!

برینـدارەکانو جەماعەتـەکەی دیکـەمان بـەڕێ کـرد. حوسـێن سـاڵحی، مـنو حوسـێنە سـوور هـەر لەسـەر دووئاوەکـەی چۆمـان، لـە نێوان پایگاکـانی ئێرانو ئێراقـدا، شـەوێ سـەعاتی دوازدەی نیوەشـەو خۆمـان ڕووت کـردەوەو دەسـتمان کـرد بـە لیبـاس شـۆردن. لیباسـمان هەڵخسـتو بـە ڕووتـی چووینـە کیسـەخەوەوە. تاریـکو ڕوونی بەربەیانی بە دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە هەرسێکمان لەخـەو هەسـتاین. کـە سـەیرمان کـرد، هـەر یەکـەو تەنیا شۆرتێکمان لە پێدایە! بە پەلە خۆمـان گـورج کـردەوەو لـە نێـو بێشـەڵانەکەدا خۆمـان مـات کـرد بـزانین ئـەو تەقەیە چی بووە. تۆزێکی دیکە هەوا بـەرەو ڕوونـاکی ڕۆیـی، دیتمـان لـە پشـت سـەرمانەوە ورچێـک چۆتـە سـەر مین.

شەوی دوایە وەڕێکەوتینو دوای دوو ڕۆژ لەگەڵ کاک جەلال کۆخانی، شەهید ساڵە سەقزی[٢٦] و برایم چووکەڵی کە لە پشت ئاوایی "مووسێ" چاوەڕوانمان بوون، یەکمان گرتەوە. چووین بۆ پشتی ئاوایی "گەنمان". پاش ماوەیەک مانەوە لەو ناوچەیە، ڕوومان کردە لای چیای "پەڕەژاڵ" لە ناوچەی "حەوتاش"ی سەقز کە لە پشت ئاوایی "هەرمێدۆڵ" هەڵکەوتووە.

شەوێکی بۆ کەمین چووینە شاخی پشت ئاوایی وزمەڵە بۆ بەیانی سێ دیدەبانمان بە جێ هێشت ودەمانەویست بچینەوە خۆاریێ بۆ لای پێشمەرگەکانی دیکە شەهید مستەفا بەدری بە من و شەهید عوسمان ساروقامیشی و کەماڵ شێخانی گوت با کورەکان برۆنە خۆاریێ وەرن ئێمە تا لای ئەو شوانە بچین بزانین دەنگ و باس چیە .چووین سلاومان لێکرد خۆمان ناساند ولەلای دانیشتین،چایی بۆلە قوریشکە کردین و رۆنە کەری لە پیاڵەیک دا لە بەر دەم داناین بە دەم نان خۆاردنەوە باسی فەرماندەی پایگای ئاوایی سوورێنی بۆ دەکردین دیگوت: براکەم شەوێکی لە لام بوو درنگانێک چۆوە بۆ ئاوایی کەچی کەوتبووە کەمینی پایگای ئاوایی و بردبوویان بۆ پایگا. بۆ بەیانی کە بێری بۆ مەڕدۆیشن هاتن بۆیان باس کردم کە براکەم گیراوە، منیش یەک راست چوومەوە بۆ ئاوایی و هەر لەو رۆنەکەری بەردەمی ئیوە قاپێکم بۆ فەرماندەی پایگا برد وقوونیم پێ چەور کرد وەڵا ئاوا براکەم ئازاد کرد. شەهید عوسمان ساروقامیشی گوتی ماڵی بابت نەشێوی ئێمە ئەوە خەریکە لەوە رۆنە دەخوێن تۆش قوونی خەڵکەت پێ چەور کردوە؟ ناکا ئێستاش دەمەی ئێمەی پێ چەور کەی؟!! لای بە لا وەڵاهی لە بەر چاوت خستم بێزم هەستا تازە ناخۆم ،شوانە زۆر بە خۆدا شکاوە من بابۆڵەکەم هەر بە دەستەوە بوو تا گیشتێنەوە لای کورەکان لە گەل شەهید مستەفا هەر بە عوسمان پێدەکەنین شەهید عوسمان دیگوت: جا ئەوە پێکەنینی دەوێ چا چۆن پاروو لەو بابوڵە رۆنە دەدا قوونی فەرماندەی پایگای پێ چەور کراوە.

---

[٢٦] - ناوچەی سەقز دەرمان خوارد کران و لە گەڵ عەتا کێلەشینی شەهید بوون)( لە

پێش ئەوەی بڕۆین بۆ پەرەژاڵ لە زنجیرە چیاکانی نەکەرۆزەوە( کە حەسەن زیرک دەڵێ هەر لە نەکەروز تا دەربەندیخان) داگەڕاینە خۆارێ بۆ نێو ئاوایی وزمەڵەی سەر جاددەی بانە _ مەریوان، گوتیان تەداروکاتی باش بێنن چونکە بۆ ماوەیەکی دووردرێژ لە چوون بۆ ناو ئاواییەکان خۆ دەپارێزین؛ منیش لە دووکانەکەی وزمەڵە کەللە قەندێکی سێ کیلۆییم کڕی، هەروەها لە ماڵە خانە خوێکەمان نیزیک بە سی نانم هەڵگرت، لە تەلیسێکم ئاخنین و لە سەر کۆڵەپشتییەکەمم دانا. لە نیزیک ئاوایی سوورێن لە جاددەی بانە _ مەریوان پەڕینەوە، هەورازێکی زۆر سەخت و تەلاناوی بوو، بارەکم هێندە قورس بوو لاقەکانم بە زەحمەت لە زەوی جودادەبوونەوە، بۆ کاتژمێر چواری بەرەبەیانی گەیشتینە کانی و ئاوێک، عوسمان سەلیمی کە جێگری پەل بوو لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگە وەک کەمین ناردیان بۆ سەر شاخی، ئەوانیکەشمان کە زۆر ماندوو ببووین بۆی نووستین. تازە چاومان چووبووە خەو کە عوسمان ئاگاداری کردین، ئەوە هێزێکی سی تا چل کەسی لێمان نیزیک دەبنەوە. لە کاتی ئاوادا پارتیزان خەو و خۆراک ناناسێ! سەرەڕای شەکەتی زۆر دەستەیەکیان بە فەرماندەری شەهید محەمەد علیزادە بەرێکرد بۆ لای کەمینەکان. منیش لە گەڵ ئەو تیمە بووم، لە بەرئەوەی دەبا زوو خۆمان گەیاندبایەتە شاخی و منیش کۆڵەپشتییەکەم زۆر قورس بوو بەناچاری لە لای پێشمەرگەکانی دیکە بە جێم هێشت. کاتێک گەیشتینە لای کەمینەکان هەوا بە تەوای ڕووناک ببوو. بۆمان دەرکەوت ئەو جەماعەتە بێرین و بۆ مەڕدۆشێن هاتوون. پیاوراست بڵێ عوسمان ناحەقی نەبوو لێیان بەشک بێ چونکە ئەوەڵەن ژومارەیان زۆر بوو، دووەمەنیش هەر بەشێوەی نیزامی ڕێچکەیان بەستبوو.

پێشمەرگەکانی لای کانی و ئاوەکە دیانەویست شوێنەکەیان بگوێزنەوەو تۆزێک بەرەو سەرەوەتر هەڵکشێن. کاک محەممەد تۆپچی بە بێسیم بە گاڵتە بە شەهید محەمەد علیزادەی گوت: "بە هەڤاڵ بڵێ ئەو کۆڵەپشتییەی لە گەڵ خۆمان بۆ دەبەین بەڵام دەبێ گومرگی لێبدا. گوتم محەمەد بڵێ هەڤاڵ دەڵێ ئەگەر هەزار کاتیۆشای لە بن بدا، بۆ خۆم بۆی دێمەوە؛ یەک دانە نانیشی نادەم بە گومرگ. بۆ ئێوارێ کە چووم کولەپشتییەکەم بێنم ئەمیر رەسولی گوتی: "با بۆ مێژوو بمێنێتەوە راوەستە بابەو بارەوە وێنەیەکت بگرم (وێنەی بەرگی پشتی کتێبەکە وێنەی ئەو ڕۆژیە).

بۆ شەوی داهاتوو گەیشتێنە داوێنی چیای پەڕەژاڵ، ماوەیەکی زۆر لەوێ ماینەوە. ڕۆژانە غەفووری سۆفی نانی دەکرد. ڕۆژێکی داهاتبۆوە هەویری دەشێلا، پاتۆڵەکەی لە دواوە دڕابوو. کەریم ساڵحزادە گوتی: "غەفوور دەروازەی مەینەتت کراوەتەوە". غەفووریش کە هەویری دەشێلاو ماندوو بوو بە هەناسەبڕکێ کوتی: "کوڕە دەروازەی مەینتت گا". کەریم گوتی: "کوڕە غەفوور تۆ بۆ حاڵی نابی، قوونت دڕاوە قوون". غەفوور گوتی: "کوڕە دە بە گونت".

هەر ئەو ماوەیە کە لە پەڕەژاڵ بووین، سەید ئەحمەدی تورابی تووشی ددان ئێشە بوو، ڕۆژێک کە لە شاخی لە دیدەبانی بوو، کابرایەک هاتبوو ساکێکی پێ بوو، کوتیان ئەوە ناڵبەندە هاتووە ئێسترەکان ناڵ بکا. هاوکات بە بێسیم پەیوەندییان لەگەڵ دیدەبانەکان گرت تا سەید ئەحمەد بێتەوە خوارێ بۆ ددان کێشان. ئێمەش پێمان سەیر بوو کوتمان خۆ دوکتوری ددانی لێ نییە. کوتیان کاکە ئەو کابرایە هەم ناڵبەندەو هەم ددانکێشە.

ڕۆژێکی دیکە کابرایەک هات هەر زۆر لە خوارەوەو دوور لە ئێمە سەروچاوی خۆی داپۆشی بۆ ئەوەی ئێمە نەیناسین. داوای کرد تا سەید ئەحمەد حوسێنی ببینێ کە بەرپرسی مەڵبەندی دوو بوو. کابرا سەید ئەحمەدی دیو بەپەلە ڕۆیشتەوە. پاشان کۆمیتەی شارستانی سەقزو بۆکان کۆبوونەوەیان گرتو گوتیان: "بۆ شەوێ لە

پشت ئاوایی "هەرمێدۆڵ" کەمین دادەنێین". پرسیار کرا بۆ چی بووە، چی رووی داوە؟ مامۆستا سەلاح کوتی کاکە چووزانم ئەو چاوبەستانەی سەید ئەحمەد خەبەریان هێناوە کە دەوڵەت هێرش دەکاتە سەرمان.

هێندێک پێشمەرگە کە بە هەر هۆیەکەوە ماندوو دەبوون، داوایان دەکرد کە بگەڕێنەوە بۆ بنکەی سابت. هەر بۆیە دەبوو کادرە دەرمانییەکان تەئیدیان کردبایە کە ئەو کەسە نەخۆشەو دەبێ بگەڕێتەوە. جا کاک کەریم سەقزی، ئەو جۆرە تیمەی ناو نابوو "تیمە ترە". کوڕێکی سنەیی لە هێزی بەیان بوو، ناوی (م) بوو. رۆژێک کاک کەریم سەقزی بانگی کردم و کوتی: (م) دەڵێ ئەسپێ لە لەشم دێتە دەرێو دەبێ هەرچی زووتر چارەسەر بکرێم! شەهید نادر وەزیریش[٢٦*] کە بۆ مەئمورییەتی دەرمانی هاتبووە کۆمیتە شارستانی بۆکان، رەزایەتی دابوو کە ئەو کوڕە بنێردرێتەوە بۆ بنکەی سابت. کاک کەریم سەقزیش داوای لە من کردو گوتی: "هەڤاڵ تۆش سەیرێکی ئەو کوڕە بکەو نەزەری خۆتمان پێ بڵێ". کە چووم‌و سەیریم کرد گەڵ‌و گوونیان رووت کردبوو! کە چاوم لێکرد بەراستی هیچم نەدی. زۆر پێکەنیم‌و گەڕامەوە بۆ لای کەماڵ شێخانی، شەهیدان محەممەد عەلیزادەو موستەفا دامەنگیر، گوتم کورە بابە چاییەکم بۆ تێکەن، من کادری دەرمانیم خۆ دامپزشک نیم تاکوو بزانم کابرا قورنووی بە بن گونەوە نووساوە یان نا!

رۆژێک تیمێکیان جیا کردەوە کە بچن هێرش بکەنە سەر پایگای ئاوایی "قووڵەسێر" لە ناوچەی بانە. شەوێ چووین لە نێو دارستانێکی بێ ئاودا ماینەوە. بەیانی کاتژمێر پێنجی ئێوارە هەر تیمەی لە شوێنی خۆیەوە دامەزراو قەرار بوو سەری سەعاتی پێنجی ئێوارێ هێرش بکەنە سەر پایگاکە. عەلی سەراوی تیربار بیکەیسی پێ بوو، چووکەڵێش دوازدە گوللە ئارپیجی لە لای خۆی دانابوو کە لە پایگاکەی بدا. خاڵە حەسەنی کانیسیرانی فیلمهەڵگری هێزی بەیان بوو، کوتی چووکەڵی پێش ئەوەی ئارپیجی بهاوێی، با هەڤاڵ هاوار بکاو بڵێ بژی حیزبی دیموکرات من فیلمی لێ هەڵدەگرم‌و ئەوجار تۆ یەکەم گوللە ئارپیجی باوێ. خاڵە حەسەن دووربین لە سەرشان‌و لە قوونی ئارپیجیەکەی گرتبوو. هێزی ئاربابا سێ خولەک پێش لە کاتی دیاریکراو(پێم وابێ کاتژمێری لایەکمان لە گەڵ کاتی گرینویچ یەک نەبوو)، یەکەم گوللە ئارپیجیان لە پایگا هەڵکرد. ئێمەش بۆ ئەوەی پشتیوانی لە کوڕەکانی تیمی هێرشبەر بکەین کە لە نزیک تێلدڕووی پایگاکە بوون، بە ناچار دەستمان کرد بە تەقە. خاڵە حەسەن خۆی ئامادە نەکردبوو، هەر بۆیە لەگەڵ یەکەم مووشەکی ئارپیجی کە چووکەڵی هاویشتی خاڵە حەسەن لە نێو تەپوتۆزدا ون بوو. شەهید ئەبوو جامەردیو کەماڵە سوور، من‌و عوسمان مەمیل کە دەبووایە هاوکات تەقە لە پایگاکە بکەین لەبەر خاڵە حەسەن، هێندە پێکەنین هۆشی پایگامان نەما. چووکەڵی دەیگوت: "کوڕە ئەوە کەی وەختی ئەو فشقیاتەیە، تەقە بکەن ئەو کوڕانەی بن پایگاکەیان کوشت".

کە گەڕاینەوە بۆ داوێنی چیای پەڕەژاڵ، لەوێوە بۆ ناوچەی دیواندەرە وەڕێکەوتین. شەوێ چووینە داوێنی چیای "چلچەمە". لەوێ حەیوانیان سەربڕیبوو، حەیوانەکانی ئەو چیایە هێندە چەور بوون، زۆر لە پێشمەرگەکان تووشی زگچوون بوون، لەوانە من و شەهید جەلیل رەحیمیان. بۆ شەوێ تیمێکیان نارد بۆ کەمین لە سەر چیای چلچەمە. هەر ئەوکات شێعرم دانابوو؛ قوربانت بم چلچەمە/ شەش کەمینت پێ کەمە. منیش لەگەڵ ئەو تیمە بووم‌و تووشی زگچوونیش ببووم. هەر پێم دەکرا رەخت‌و تفەنگ لە خۆم بکەمەوەو لە بن بەردێک دانیشم. شەهید ئەبوو کانیدرێژی گوتی کورە بۆ بەیانی ناگەینە سەر شاخی ئەوە چ دەکەی! کوتم راوەستە ئێستا

---

[٢٦*]( لە ناوچەی سنە شەهید بوو)

جێبەجێی دەکەم. پاتۆڵم لێ دەرهێناو بەسەر شانم داداو بە گەڵوگونی رووتی بەرەو لووتکەی چلچەمە وەڕێ کەوتم. شەهید ئەبوو دەیگوت: "ئەوەی کە دەڵێن فلان کەس پاتۆڵی بەسەرشاندا داوە، ئەوە ئەمەیە"!

لەوێوە وەڕێکەوتین بۆ ناوچەی دیواندەرە. دوو سێ رۆژ بوو هەر بە رێگاوە بووین و نەدەگەیشتین. زۆر ماندوو بووین، بە دەم رێگارۆیشتنەوە لە شەهید محەممەد علیزادەم پرسی: "ئەرێ ئێرە کوێیەو بۆ کوێ دەچین"؟ کوتی جاران رادیۆکەم رادیۆ کرماشانی نەدەدا، بەڵام ئێستا زۆر باش رادیۆ کرماشان دەدا، لەوانەیە کە دوو سەعاتی تر بگەینە شاری کرماشان. جا محەممەد دەیگوت کورە من لە تۆ ماندووترم، تۆ سەیرکە زیندەوەرێکی لێ نییە، پایگایەکیشی لێ نییە ئینسان خۆی تەحویل داتەوە.

لە هەوەڵ رۆژەکانی مانگی خەرماناندا، گەیشتینە یەکەم ئاوایی ناوچەی دیواندەرە بە ناوی "دۆزەغەرە". خەڵکەکەی بە تەماتەیان دەگوت "تۆماتێز"! لەگەڵ شەهیدان مەنسوور ئاڵبلاغی و مستەفای دامەنگیر لە ماڵێک بووین. گوتم بڵێی ئێرە کوردستان بێ. بە باینجان دەڵێن "تۆماتێز"!. پاشان چووین بۆ پشتی ئاوایی "کۆسەومەر". قاسمی بەهرەمەند کە فیلمی هیندی زۆر پێ خۆش بوو، پشتێنێکی لە لقە دارێکی وشک خستبوو و دەیەویست بیشکێنێ. تەواوی ئەو پێشمەرگانە هاتبوونە سەیری‌و بە زاراوەی هیندی دەیانگوت: "ئەها قاسم شکاهێ، شکاهێ". حەمەخانی مەڵبەندی دوو کەرێکی پێ بوو، قاسم داوای لێدەکردو دەیگوت لالۆ حەمەخان ئەو کەرەم پێ بدە با ئەو پشتێنەی لە مل بکەم‌و رایکێشێ تاکوو ئەو دارەم بۆ بشکێنێ. ئەویش بە زاراوەی لای خۆیان دەیگوت: لاوە لاوە کوڕە هەتیم، رۆژێک ئەم کەرەی من دەکەن بە پ.م.( پێم وابێ شەهید وەستا ئەحمەد گوتبووی ئەو کەرەی حەمە خان وەک پێشمەرگەکان کاتی پشودان ئەویش دەخەوێ) و رۆژێک دەیبەن داری پێ دەشکێننەوە.

با لە باسەکە لانەدەین‌و تۆزێکیش باسی لالۆ حەمەخان بکەین. لالۆ حەمەخان کە پێشمەرگەیەکی بەتەمەن بوو و بەشی تەداروکاتی پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دوو بوو، خوا هەڵناگرێ زۆر باش بە تەداروکاتی ئەو مەڵبەندە رادەگەیشت. پیاوێکی ریش تاشراو و تەڕوتەمیزو هەمیشە بۆنی ئودکۆلۆنی دەهات. پێشمەرگە دەیانگوت پاسدار بە بۆنی ئودکۆلۆنی لالە حەمەدا دەماندۆزنەوە. شەوێک لە جاددەی بانە - سەقز دەپەڕینەوە، لالۆ حەمەخان ماشینێکی ریشتاشینی پێ بوو. بەو شەوە بە رێگارۆیشتنەوە خەریکی ریش تاشین بوو. کە دەنگی ماشینە ریشتاشەکەی لالۆ حەمەخان هات پێشمەرگە خۆیان بە ئەرز دادا، چوونکە وایان دەزانی ماشین دێ‌و بۆ ئەوە نەیانبینێ، ئەو کارەیان دەکرد. لالۆ حەمەش هەموو جارێک خۆی لەگەڵ پێشمەرگەکەندا بە ئەرز دادەدا، دوای ئەوەی یەک دوو جار ئەو کارەیان کرد، رەسووڵ سەقزی زانی‌و کوتی کاکە هەستن ئەوە دەنگی ماشینی ریشتاشی لالۆ حەمەیە.

هەموو جارێک کە لە دۆڵێک دەماینەوەو دەمانەویست کولیچە دروست بکەین، لالۆ حەمەخان هاواری دەکرد: کاک ئیبرایم ئەو پێشمەرگەلە بنێرە با پووش بێرن. چووکەڵیش دەیکوت: "لالۆ حەمە بەخوا برا پووش نەماوە".

رۆژێکی لالۆ حەمەخان چووبوو لەسەر سەری عوسمان مەمیل کە خەریکی خواردن دروست کردن بوو، راوەستابوو؛ ئەیگوت: ئەمە چەس مەمیل؟ دوایی دەیکوت: بەخوا برا ئەم مەمیلە وە مشە مش چت خاس دروست ئەکا. جا مەمیلیش دەچوو بۆ لای‌و دەیویست بیدوێنێ. دەیگوت ئەرێ لالۆ حەمەخان دوو پێشمەرگەتان لە "جەوشەن" بریندار بوون کوێیان بریندار ببوو، بۆ ناردتاننەوە بۆ نەخۆشخانە؟ ئەویش لە وڵامدا دەیگوت: "برا جا من چووزانم، بە فکرم تەرکش خومپارە داگیە لە قنگیان".

شەوێک هەر لە ناوچەی دیواندەرە چووینە ئاواییەک بە ناوی "ئالْبلاغ". لە ماڵێک بووین داوای شەمچەم کرد. کوتی:" گۆگرد ئێژی؟" کوتم نا برا شەمچەم دەوێ، شەمچە. کوتی برا شەمچە چەس. گوتم برا کیبریت دەڵێم. وتی کورە برا هەر ئەوەسە پێی ئێژن گۆگرد. دەی باشە ئەی پەنیرتان هەیە. کوتی: ئا هەسمان باوانەکەم، وەڵی هالە ناو سۆڵا. لە دڵی خۆمدا گوتم: پەنیر بەو گەرمایە لە نێو سەهۆڵدا بێ قیمەتی تەواو نابێ. کە هێنای پەنیر بە کڵۆ خوێی گەورە گەورە داپۆشرابوو. کوتم دایەگیان خۆ ئەوەندە سوێرە بەکەس ناخورێ. کوتی: ئەی باوەنەکەم نەموت ها لە ناو سۆڵا!

وەڵا ئاشکرا بووین کە بۆکانینو لە ناوچەی دیواندەرەین. ڕێژیم هێزی بۆ کۆکردینەوە. لە ئاوایی "گورجی" تووشی شەڕ هاتینو ناوچەکەمان بەرەو ناوچەی سەقز بەجێ هێشت.

ئێوارەیەک تیمێکی هێزی بەیانو تیمێکی مەڵبەندی دوو چووینە سەر پایگای ئاوایی "بس" لە ناوچەی سەقز یان باشترە بڵێم دیواندەرە، لە قەراغ ماڵان بێستانێکی تەماتەی لێ بوو. کۆڵەپشتیم پڕ کرد لە تەماتە. لەو شەڕەدا سێ بریندامان دا. لەو کاتەدا کۆڵەپشتیم کردەوە کە بریندارەکان دەرمان بکەم عومەر کەنەسوورەیی چوار نارنجەکو دەمانچەیەکو خەشابەکانیو فانۆسقەی یەکێک لە بریندارەکانی خستبووە نێو کۆڵەپشتییەکەی منەوە. منیش لەبەر تاریکی هەستم پێ نەکرد. لە کاتی ڕۆیشتندا هەستم کرد کە کۆڵەپشتییەکەم زۆر قورستر بووە، هەر بۆیە جارجارە دەستم دەکێشاو تەماتەیەکم دەردێناو فڕێم دەدا. باش بوو شەهید عومەر سەلیمیو ڕەسووڵ سەقزی بەرەوپیرمان هاتنو هێستریان هێنابوو تاکوو بریندارەکانمان سوار کرد. بەیانی گەیشتینە لای پێشمەرگەکانی دیکە. بە ئەبوو سونجەیی کە کادری دەرمانیی سەقز بوو گوتم من چاوم هیچ نابینێ هێندەم خەو دێ، پانسمانی ئەو بریندارانە بگۆڕەو بۆ خۆشم لێی خەوتم. بۆ ئێوارە بەرەو بنکەی ناوەندی ئاژوان لە ناوچەی "شلێر" وەڕێکەوتین. عەلی سەراوی کە زگی بریندار ببووو، نەدەبوو ئاوی خواردبایەتەوە. بەردەوام داوای ئاوی دەکردو ئێمەش نەماندەدایە. گەیشتینە بێستانێکی شووتی، پێشمەرگە وەنێو بێستان کەوتن، عەلی سەراویش گوتی هەڤاڵ شووتی دەخۆم. کوتم کاکە شووتی چی، ئەوە شێت بووی؟ ئێرەو شووتی. کوتی کاکە بەشەرەف بۆنی دێ. گوێم لە مڵچە مڵچیانە دەیخۆن، بڵێ بە کەرت دەزانم و ناتدەمێ.

بۆ ڕۆژی دوایە سەید ئەحمەد تورابی، من، شەهید عومەر سەلیمی[27]، کەریم سالحزادەو تەیموریش وەک وەرگێڕی عەرەبی لەگەڵ بریندارەکان ڕەوانەی لای سەربازە ئێراقییەکان کراین. مەگەر هەر خودا بزانێ چۆن لە دەستیان نەجاتمان بوو. سواری ماشینێکی شکاویان کردین بۆ "سەرای سوبحان ئاغا". لەوێ بریندارەکانیان لی ئەستاندینو لەگەڵ تەیموور بردیانن. ئیتر ئێمە ئاگامان لێیان نەبوو بۆ کوێیان بردن. ئێمەشیان چەک کردو لە زیندانیان کردین. گەرمایەک بوو هەر نەبێتەوە، خەریک بوو لە تینوویەتیدا قڕمان بێ. نەماندەزانی بەراستی تینوومانە یان برسیمانە. لای ئێوارێ تاریکان، کاک حەمەنەزیف قادری کە بەرپرسی پێوەندییەکانی سلێمانی بوو لەگەڵ شەهید ئەحەدئاغا[28]پەیدا بوون. هەموو گیانم خوێناوی، چەورو پیس بوو. ماوەی 50 شەو بوو ئاو لە لەشم نەکەوتبوو. خوێنی بریندارەکان بە ریشمەوە ڕەق ببۆوە. کە کاک حەمەنەزیفم دیت دەقی کراسە سپییەکەی نەشکاوە، زۆر بەزەییم بە خۆمدا هات. بیرم لەوە دەکردەوە کە من پێشمەرگەمو ئەویش پێشمەرگەیە. دیارە کاک حەمەنەزیفیش زەحمەتی خۆی کێشابوو. هەر لەوێ بڕیارم دا کە هەرگیز خەیانەت بە

---

[27] - نیزیک ئاوایی مێرگەنەخشینە شەهید بوو)( لە

[28] - سلێمانی تڕۆر کرا) ( لە

حیزب نەکەم، بەڵام ماڵی حیزب کە هەر بۆ بەرپرسەکان حەڵاڵە، بێتە بەردەستم دەبێ وەک هەنگوینو رۆن بیخۆم.
کاک حەمەنەزیفیش کە سەیری کردین زۆر بەزەیی پێماندا هات. کوتی ئەحەدئاغا برۆ لە "عەربەت" کەبابو شووتیان بۆ بێنە. ئەحەدئاغا رۆیشتو تاکوو هاتەوە کاک حەمەنەزیف کەلوپەلەکەی بۆ وەرگرتینەوەو سواری ماشین بووین، جا وەرە کەباب بخۆ. شووتییەکی هەشت کیلۆیی هێنابوو لە پشت ماشێنەکەی دانابوو. کوتم ئەرێ ئەحەدئاغا ئاوت نەهێنا؟ کاک حەمەنەزیف کوتی: دەی ماڵتە ئەو شووتییە بشکێنە. گوتم ئەی ماشێنەکە پیس ناکا. کوتی: ماڵی بابتان نەشێوێ هێزی بەیان هێندێک جار ئەوەندە نەزم دەپارێزن بێتامی دەکەن. حیزبی دیمۆکرات هەزار ماشێنی ئاوا بە قوربانی ئەو ریشە خویناویەت دەکا. بەو شێوەیە هەم شووتی دامێو هەم شووتی لە بن هەنگڵی نام.
کە گەیشتینە مقەڕ عەلی شەم لەوێ بوو، بە گەرمی لە باوەشی گرتین. سیگارم پێ نەبوو. دووکانی ژنێک لە لای مقەڕ بوو چوو بەستەیەک سیگاری وینستۆنی بۆ کڕیم. خەریکی سیگار هەڵپچڕین بووم. تەیموور کە پێشتر عەسکەرەکان لەگەڵ بریندارەکان بردبوویان، هاتەوە بۆ مقەڕ، کە منی دیت دڵی پڕ بوو. منیش ترسامو وامزانی بریندارەکان شەهید بوون. لە تاوان سیگارەکەم لە بیر چوو و دەستم لە ملی کردو گوتم تەیموور گیان چی بووە؟ گوتی مەنسوور لێیدام. بۆ؟ کوتی: لە ماشینەکە دانەدەبەزی تاکوو سواری ئامبولانسەکەی بکەن، دەیگوت تاکوو ئاوم نەدەنێ دانابەزم. دوایە پەرستارێک لیوانێکی ئاو هێناو چووە نێو ئامبۆلانسەکەوەو بە مەنسووری گوت دابەزە وەرە ئێرە ئەو ئاوەت دەدەمێ. مەنسووریش لە خۆشیان دابەزێو خۆی لە نێو ئامبوڵانسەکە هاویشت. پەرستارەکەش ئاوەکەی رشت. مەنسووریش کە بەوان نەدەوێرا زللەیەکی لە من دا.
هەر وەک گوتم ٥٠ رۆژ زیاتر بوو کە ئاو وەلەشم نەکەوتبوو. ویستم حەمام بکەم. گوتیان ئاو کەمە لیباسەکانت مەشۆ. کوتم باشە. لەبەر ئەوە حەمامەکە ئاوەڕۆی ژێر ئەرزی بۆ دروست نەکرابوو، ئاوەکە لە رێگای شیلانگێکەوە دەهاتە دەرێو لەوێشەوە بە جۆگەلەیەکی چووکەدا دەچوو بۆ نێو شەقام. من چوومە نێو حەمامەوە، ئەوەندەم زانی یەکێک بە توندی لە دەرکەی دا. کوتی کاکە ئەوە کێیە لە حەمام لیباس دەشوا؟ ئاو بەش ناکا. کوتم: وەڵاهی لیباسم هەر پێ نییە، ئەوە نییە لیباسەکانم لەوێ هەڵواسیوە. ئەی ئەو قوڕو چڵپاوە چییە دێتە دەرێ. گوتم کاکە چڵکی گیانمە لە کۆڵم بەوە. گوێم لێ بوو کەریم ساڵحزادە دەیگوت کاکە وازی لێ بێنە هەموو گیانی چڵکو خوێنە.
کە گەڕاینەوە قەندیل، جێگۆڕکەیان بە هێزی ئاربابـاو بەیان کردبوو. ئەوان چووبوونە ئێندزێو ئێمەش چووبووینە پرسگە (ئینتزامات). لە ئێندزێ خانووی تازەیان دروست دەکرد. پێشمەرگەکانی پەلی ئێمە هەموو دەچوون بۆ کرێکاری. من، سەید تەهاو جەعفەرە سوور لە مقەڕ مابووینەوە. ئێواران کە دەهاتنەوە، هەر دەتگوت کاریان بۆ ماڵی بابی ئێمە کردووە، دەبووایە خزمەتیان بکەین. جەعفەرە سوور کوتی کاکە با ئێمەش برۆین بۆ کار. بۆ بەیانی رۆیشتین بۆ کارکردن. عەلی هەورامی لە خەدەمات بوو، کوتی برۆن ئەو ترێلیە پڕ بکەن لە سیمان. هێندەمان سیمان خواردبوو خەریک بوو بخنکێین. ترێلیمان پڕ کردو دەبوو لە دەفتەرەوە بیبەین بۆ ئێندزێ بەتاڵی بکەین. دوو کەڕەتمان کرد. جەعفەرە سوور کوتی حاشا من نایەمو لە ئینتزامات دابەزی. منو تەهاش لەگەڵ تەراکتۆرەکە چووینەوە بۆ دەفتەر. سێهەمین ترێلیمان پڕ کردو بەرەو ئێندزێ وەڕێکەوتین کە گەیشتینەوە ئینتزامات دیتمان جەعفەرە سوور حەمامی کردووەو هاتووە لەسەر رێگاکە چاوەڕوانی منو سەید تەهای دەکرد. کە دیتی وەک مشکی ئارداوی نێو کەندوو، هەموو گیانمان تۆزاوییە،

سەیرێکی ترێلییەکەی کردو گوتی ئەوەش هەر بە پێنج دینار؟ مەبەستی ئەو پێنج دینارە بوو کە رۆژانە قەرار بوو بماندەنێ. زۆر پێکەنینو دابەزینو بە شۆفیرەکەمان گوت کاکە ئێستا سەعات 2یەو دوو سەعاتی ماوە بۆ ئێوارێ، ئێمە ئیتر کار ناکەین. بە خۆشکە سەکینەی جەوانمەردی کە پووڵی کرێکارەکانی دەدا، بڵێ حاشا لەو پێنج دینارەش هەر نامانەوێ.

وردە وردە زستان هات. ژوورێکمان هەبوو بە ناوی ژووری کار. حوسێنی مام عەلی[29] شەوانە لەوێ دەخەوت. راخەرێکی تازەیان بۆ کڕیبوو، رەنگێکی زۆر شینو جوانی هەبوو. شەوێک نەوتی سۆبەکە دەڕژێ و موکێتەکە ئاگر دەگرێ. حوسێنی مام عەلیش تاکوو کوژاندبوویەوە نزیک میترێک لە مۆکێتەکە سووتابوو. بەیانی لێیان دەپرسی کە چۆناوچۆن بووە؟ حوسێن دەیگوت کاکە من خەوتبوومو ئاگام لێ نەبوو، کە بەخەبەر هاتم خێرا دەستم کرد بە کووژانەوە. سەید تەها دەیگوت: "ئەو کونکەشە درۆ دەکا من شەوێ نیگابان بووم، ئاگام لێ بوو لە جێگای ئەوەی بیکوژێنێتەوە خۆی پێ گەرم دەکردەوە"، حوسێنیش توورە ببوو کەفی لە زاری دەهاتە دەرێ. رۆژانە بۆ دووی رێبەندان لە ژووری کار خەریکی پرۆڤە کردنی شانۆو گۆرانی بووین. ئێوارەیەک چۆلەکەیەک خۆی بە ژوورێدا کرد. سەید تەها چۆلەکەی گرتو بەو ماژیکانەی کە بۆ رۆژنامەی دیواری کەڵکمان لێوەردەگرت، جوان جوان چۆلەکەی وەک بولبول رەنگ کرد. چوو بۆ ئاشپەزخانە لای ئەحمەد جانبلاغی کە ئاشپەز بوو. گوتی وەستا قوتوویەکی رۆنی بەتاڵم بدەیە. کوتی تەها بۆ چیتە؟ کوتی بولبولێکم لە ئاوایی سلێ کڕیوە تا قەفەزێکی بۆ پەیدا دەکەم دەمەوێ لەو تەنەکەیەی خەم. ئەحمەد کوتی تەها بۆ بە منی نافرۆشی. نازانی من چەندە ئاشقی چەهـ چەهی بولبولم. سەرتان نەیەشێنم تەها بە پێنج دینار پێی فرۆشتبوو. دوو رۆژی پێ چووبوو، بەیانییەکی بۆ نانی بەیانی چووین بۆ ساڵۆنی نانخواردن. ئەحمەد لە پەنجەرەی ئاشپەزخانەکەوە سەری دەرهێناو گوتی تەها ئەو بولبولە بۆ ناخوێنێ؟ تەها کوتی چووزانم تۆ چیت لێ کردووە، لە لای من دەیخوێند، ئەوە هەڤاڵ شاهیدە. منیش کوتم راست دەکا مێشکی سەری ئێمەی بردبوو، باش بوو لێت کڕی ماڵت ئاوەدان بێ. ئەحمەد تەنەکەڕۆنی هەڵگرتو هێنایە بەردەمی پەنجەرەی ئاشپەزخانەکە کە لەوێوە خواردنمان وەردەگرت. سەری تەنەکە رۆنەی کردەوەو بە قەولی خۆی بولبولی دەرهێنا. چۆلەکە هێندە خۆی بە دیواری رۆناویی تەنەکەکەدا دابوو، هەموو رەنگەکەی لێ ببۆوە. ئەحمەد جانبلاغی کە بە قەولی خۆی کلاس باڵا قسەی دەکردو فارسی تێکەڵ دەکرد توورە بوو گوتی: سەید تەهای عەوەزی، من نیوەی تارانم ناڵ کردووە، تۆ لەم کوهستانە چۆلەکە بە بولبول بە من دەفرۆشی؟ وەڵا لە پەنجەرەکەوە هاتە نێو ساڵۆنەکەوە هەڕای کردە سەید تەها، تا گرتیان. مامۆستا سەلاح گوتی ئەحمەد کەرە کەر مەکە 5 دینارەکەت دەدەینەوە. ئەحمەد توورە بووو بە مامۆستا سەلاحی دەگوت: "مامۆستا باشە ئەو تەهاو هەڤاڵو جەعفەرە سوورە چ قازانجێکیان هەیە، بۆ دەریان ناکەن؟ هەر رۆژێک بەزمێک دەنێنەوە". مامۆستا سەلاحیش دەیگوت: "جا ئێمە پیشمەرگەمان هەبێ چۆلەکە بە نرخی بولبول بفرۆشێ چۆن دەری دەکەین".

مامۆستا سەلاح، ئەمیر رەسووڵیو شەهید جەلیل رەحیمیان لە ژوورێکدا بوون. شەوێک کاک هەیاس کاردۆ کە لە رادیۆ کاری دەکرد، هات بۆ لایان. منو شەهید محەممەد عەلیزادەش بۆ شەونشینی چووین بۆ لایان (قەرار بوو کاک جەلیل ئەو شێعرەی پشتبەرگی کتێبەکە بۆ من بنووسی بۆ سروود).

**پێشمەرگە**

---

[29] - وڵاتی نۆرێژ دەژیا لە سەفەری گەڕانەوە بۆ کوردستان لە کۆیە کۆچی دوایی کرد)( لە

بۆ وەدەستهێنانی مافی چەند سەدەی ژینی لەدەستچـــــــووم

هەوڵ دەدەم بێ ساتێ وەستان، تا لەسەر ئەم هەردە زیندووم

من کوڕی کوردی نەوەی ماد، خاوەنی ئەزموونی پێشـــــووم

نامهەوێ پێخۆر و پێخەف، بیروبڕوا تین و تێشــــــــووم

ئەی نەیارم باش بزانە نابەزم من پێشمەرگـــــــــــەم

شێـــــری مێـــــــــــژووم، شێری مـــــــــــێژووم

بۆ دڵی زۆرداری دڵڕەش، ئـــــــاگری پڕتین و قینـــــــــم

گەل و ئازادی و یەکییەتی، بڕبڕەی پشتی ئەوینـــــــــــم

هــەڵگری بەیداخی مافی کــۆمەڵانێکی بـــــــەرینـــــــــم

کێ دەتوانێ بمگلێنێ، من کە هەڵگورد و سەفینـــــــــــم

ئەی نەیارم باش بزانە نابەزم من پێشمەرگـــــــــــەم

شێـــــــــــــــری ژینم، شێری ژینـــــــــــــم

بێ وچان ڕێگەم دەپێوم تاکوو دوندی بەرزی ئاســــــۆم

شێری شێلگیری خەباتم قەد بژیوی دیلی ناخـــــــــــۆم

رادەماڵی کۆشکی زۆردار، هێزی بیرو شان و باهـــــۆم

نامبەزێنێ تانک و تۆپ و گازی خەردەل، بۆمبی ئەتـــــۆم

ئەی نەیارم باش بزانە نابەزم من پێشمەرگـــــــــــەم

شێـــــــــری شـــــــاهۆم شێری شاهــــــــــــۆم

میوەیان دانابوو، شەهید جەلیلیش زوو زوو دەستی دەکێشاو پرتەقاڵی پاک دەکرد. مامۆستا سەلاحیش لەبەر کاک هەیاس دەنگی نەدەکرد. شەهید جەلیل سێ چوار پرتەقاڵی پاک کردو خواردیو خەریک بوو پرتەقاڵەکان تەواو بکا. مامۆستا سەلاح گوتی: "دە باشە جەلیل بەسسە وەک منداڵی خراپ وای، چوونکە میوانی لێیەو دەزانی هیچ ناڵێم خەریکی هەموو پرتەقاڵەکان بخۆی".

سەدام هێرشی کردە سەر کوەیتو دواتر هاوپەیمانەکان لێیان داو پایگای عەسکەرە ئێراقییەکانی دەورووبەری ئێمەش هەموو چۆڵیان کردو هەڵاتن. بەڵام دەیانگوت تاکو تەرا عەسکەری ئێراقی لەم دەوروبەرەدا ماونەتەوە، ئاگادار بن. شەوێک نیگابان بووم هەر لە خۆڕایی بیرم کردەوە کە جەعفەر ئیشقی بکەم بە سەربازی ئێراقیو

بیبەم بۆ کۆمیتە شارستانو بڵێم ئەو سەربازەم دیوەتەوە. کڵاوێکی سەربازیی ئێراقیمان هەبوو کە بۆ شانۆ بەکارمان دەبرد. لەسەر جەعفەر ئیشقیم ناو باڵتۆیەکی عەسکەریو رەشاش کڵاشینکۆفێکم سەراوبن دروست بە مۆدی سەربازی ئێراقی لەشان کردو بردم بۆ کۆمیتەی شارستان. لە دەرکەم دا، مامۆستا سەلاحو ئەمیر رەسووڵی بە ژێرپاتۆڵەوە هاتنە دەرێ، کوتم من نیگابانم ئەو سەربازە ئێراقییە لەو پایگایەوە هاتۆتە خوارەوە چی لێبکەم؟ مامۆستا سەلاح سەیرێکی کردو گوتی کوردە؟ گوتم قسە ناکا. کوتی بەدبەخت! ئەوە بەغدا گیرا تۆ لێرە چ دەکەی؟ ئەو چەند رۆژە لەو بەفرەدا بڵێی چی خواردبێ! ئەمیر کوتی هەڤاڵ گیان ئەرکەکان دابەش کراون ئێمە بۆ پێراگەیشتن بە کارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی دیاری کراوین. کاک عەلی ئەمینی (شەهید عەلییە رەش) بەشی سەربازە ئێراقییەکانە، بیبە بۆ لای کاک عەلی. جەعفەر ئیشقیم وەپێش خۆم داو بردم بۆ ژوورەکەی عەلییەرەشو ئەوان. غەفوور سۆفی لە پێشخانە ئیسکانی دەشت. کوتی ئەوە چییە؟ کوتم عەسکەرە رێگای لێ ون بووە. غەفوور وەک ئەوەی دوو مێشی لە کونێکدا دۆزیبێتەوە، هەر لێی دەهاتە پێشو دەیگوت: "کونکەش، نامەردی سیاسی، چیتان دەوێ لەو کوردستانە؟ هەلەو بیک هەلە". کوتم: "غەفوور گوناحە لێیگەرێ با بێتە ژوورێ". لە درگام دا پێشمەرگەکان جۆرابێنیان دەکرد. مام تۆفیق ئەڵماسی کە جەعفەری دیت کوتی بیسمیللا ئەمە چییە برا بەم شەوە؟ کوتم عەسکەرە رێگای لێ ون بووە گوتوویانە بیبە بۆ لای کاک عەلی. کاک عەلی کوتی زۆر باشە، بە ئیشارە بە جەعفەری کوت دانیشە. جەعفەر لە تەنیشت مام تۆفیق دانیشت. ئەوانیش لەبەر ئەوەی ئەوە میوانەو غەریبە جۆرابێنەکەیان کۆ کردوە. غەفوور چایەکی بۆ هێنا. پاشان چوومە پێشخانەکەو غەفوورم ئاگادار کردەوە کە ئەوە جەعفەر ئیشقیی خۆمانە کردوومەتە عەسکەری ئێراقی، بەڵام جارێ دەنگ مەکە. غەفور رۆیشتە ژوورەوە هێندە پێکەنی تاکوو ئاشکرای کرد. مام تۆفیق دوو گۆرەوی بەنی بە دەستەوە بوو. هەر کڵاوەکەی لەسەر جەعفەر داگرتو کوتی ئەوە تۆی "جەفەر فیشقی" ئەو گۆروابازییەت لێ تێک داین. جا وەرە بە گۆرەوی بەن لە سەرو چاوی جەعفەر بەربە. مام تۆفیق چاوی بۆ من دەگێرا دەیگوت هەموو کاری ئەم هەتیمەیە. منیش خۆم شاردەوەو چووم بۆ سەر نیگابانییەکەم.

جەعفەرە سوور ژوورێکی دوو لە دوو میتری بە نایلوون دروست کردبوو، کردبووی بە سەرتاشخانەو رۆژانە سەری پێشمەرگەکانی تێدا کورت دەکردەوە. شەوانەش کە تاریک دەبوو مۆمێکی تێدا هەڵدەکردو تەنەکەیەکی شیری نیدۆی کردبوو بە کوورەو کەوشە کۆنێکی پێوە دەنا، زۆر گەرمو خۆش دەبوو. شەوانە بۆ هۆنینەوەی شێعری شانۆی "خانووە قورەکان" لەگەڵ سەید تەها تا درەنگانێکی شەو دەچووینە لای. شەوێک کوتی فەرموون قاوەم لێناوە. سەید تەها: "کوتی قاوەت لە کوێ کڕیوەو بۆ چ دەبێ"؟ کوتی: "لە سلێ کڕیومەو بۆ ئەوەی نەخەوی زۆر باشە". سەید تەها سەری قوتوەکەی هەڵگرتو گوتی ناکا ئەو وردە پەینە قاوە بێ؟ جەعفەرە سوور گوتی ئەوە بۆ کاک جەلیل رەحیمیان باشە کە شەوانە تا درەنگانێک کتێب دەخوێنێتەوە. سەید تەها کوتی من بیبارێکی وردم پێ شک دێ، بۆ ماوەی دوو رۆژان زاری راناوەستێ. یەکێک هەر پێی دەکرێ بچێ لە کتێبخانەوە کتێبی بۆ بێنێ. قاوە باش نییە بیبار باشە. جا کاک جەلیل لە تاوی دەمی هەڵدێ دەم بەو جۆگەلە ئاوەی پشت ژوورکەیانەوە دەنێ. هەرچی بڵێی کاک جەلیل کورە ئەو ئاوە پیسە. کاک جەلیل با ئەوەی کمونیستە، دەڵێ لاچۆ برا، لە ئیسلامدا ئاو پشقەڵ بەرێ حەڵاڵە. جەعفەر گوتی، چی؟ ئاو پشقەڵ بەرێ حەڵاڵە؟ سەید تەها گوتی: "بەڵێ بەڵێ". جەعفەرە سوور گوتی: "دەوەرە من شەرتت لەگەڵ دەکەم، میز دەکەم ئەگەر تەرسی نەبرد قەبووڵت نەبێ".

عەلی لالە، سەید ئەحمەدی تورابیو غەفووری سۆفی لە ژوورێکدا بوون. هەموو بەیانیان زوو زوو سەید ئەحمەد تورابی رادیۆ ئامریکای دەگرتو لە خەوی هەڵدەستاندنو موزاحیمیان دەبوو. عەلی لالەش دەیگوت کاکە سەید ئەحمەد بۆ بەو بەیانیە زووە رادیۆ دەگریو نایەڵی بخەوین؟ دەی لێمانگەڕێ بخەوین. سەید ئەحمەدیش گوێی نەدابوونیو کوتبووی کاکە ژووری خۆمەو رادیۆ دەگرم. ئێوارەیەک عەلی بە غەفوور دەڵێ: سەتڵەماستێک بێنە کارم پێیەتی. سەعات 4ی بەربەیانی عەلی لالە سەتڵەماست دەکا بە تەپڵو جا وەرە لێدەو دەست بکە بە گۆرانیگوتن. سەید ئەحمەد هەستابوو تووڕە ببوو گوتبووی کاکە ئەوە چییە بۆ نایەڵن بخەوم؟ گوتبوویان کاکە ژووری خۆمانە، زەوقمان دەکێشیو گۆرانی دەڵێین. وەڵا بەوجۆرە گوێ لە رادیۆ راگرتنی بەیانیانیان بە سەید ئەحمەد تەرک کرد.

حوسێن سالحیو رەحمان شێخ چۆپانی زستانێ دەچن بۆ راو. پیرە گورگێک دەکووژن وادەزانن رێوییە، دەیهێننەوە بۆ پایگا. مامە قالەی تورکماکەندیی رەحمەتی[٣٠]کە هەموو شتێکی نەدەخوارد، دەڵێ ئەو گۆشتە زەریفە گۆشتی چ حەیوانێکە؟ دەڵێن گۆشتی رێوییە. دەڵێ لای راستی حەلالە با بیخۆین. بۆ بەهارێ کە بەفر دەچێتەوەو پێستی گورک وەدەر دەکەوێ، دەبینن کلکی بە قەد کلکی گوێلکێک دەبێ. مامە قالە دەپرسێ ئەوە چییە؟ دەڵێن وەڵا ئەوە ئەو رێوییەیە وا زستان خواردمان. دەڵی بۆ خاتری خودا ئەوە پیرە گورگە، چا تووکیشی پێوە نەماوە.

کوڕێکمان لەگەڵ بوو بە ناوی حەسەن بەرابەری، خەڵکی پیرانشار بوو. کوڕێکی بەراستی ئازا بوو بەڵام زۆر خۆش بوو. هەمیشە دەستی لە نێو گەڵوگونیدا بوو. شەوانە لە لای من دەخەوت، دەستی لە گەڵوگونی دەداو لە سەرو چاوی منی هەڵدەسوو. رزگاری حەبیبزادە دەیگوت: "حەسەن گلەیی لێتە، دەڵێ شەوانە کە دەخەوم دەست لە سەروچاوی هەڤاڵ دەدەمو پاشان گونم دەخورێنم، هەر بۆیە هەموو گونم بۆتە زیپکە".

کچێکی پێشمەرگە لە ئینتزامات لەگەل حەسەن خەبات کاریان دەکرد، مریشکو کەڵەبابی هەبوو. لە کن چادرەکەی ئێمە کولانەی بۆ دروست کردبوون. بەیانیان کاتژمێر ٥ کەڵەباب دەستی دەکرد بە قووقوولی قوو قوو. شەوێک سەید تەها نیگابان دەبێ. هەر کە دێتەوەو دەیهەوێ بخەوێ کەڵەبابە دەست دەکا بە خوێندن. سەید تەهاش دەچێ قامکێک رۆن دەبا، کەڵەبابەکە لە کولانەکەدا دەگرێو قوونی چەور دەکا. بەیانی دیتمان کەڵەباب لە خۆی دەنووساو دەنگی دەرنەدەهات!

دوو ئێسترمان هەبوو لە نزیک نانەواخانەکە چادریان بۆ هەڵدابوون. بە نۆرە هەر حەفتەی دوو کەس دەبووایە خزمەتیان بکا. نۆرەی منو سەید تەها هات. کامان لەبەر دەکردن نەیاندەخوارد. سەید تەها کوتی راوەستە بەرنامەم بۆیان هەیە. چوو بە وایتکس فیلمی رادیۆلۆژی شۆردەوەو پلاستێکەکە شین هەڵگەڕا، کێشێکی تیکردو لە چاوی هێسترەکانی کرد. گوتی جا سەیر کە پێیان وایە وێنجەیە بزانە ئەو کایە چۆن دەخۆن.

زستانێ بۆ سەردانی هێندیک لە هاوڕێیانی بریندارمان سەردانی نەخۆشخانەمان کرد. کە چووینە ژوورێ بەخشەکان زۆر سارد بوون. سەید تەها کوتی ئۆی چەند ساردە، ئەوە ئێرە ساردخانەکەیەتی؟!

بەهارێ لەگەڵ سەید تەهاو جەعفەرە سوور چووینە دەفتەری سیاسی لە فروشگاکەی ئەوێ شەربەتێکی خەستی "ڤێمتۆ" یان پێم وابی "نادر"مان کڕی (گوایە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ئەو شەربەتەی زۆر پێ خۆشە)، بەرەو ئینتزامات داگەڕاینەوە؛ لە پێچێکدا کوتم سەید تەها ئەو شەربەتە بەرینەوە بۆ مقەڕ، بەشی ئەو

---

[٣٠] - کۆیە کۆچی دوایی کرد) ( لە

سی کەسە ناکا چی بکەین؟ جەعفەرە سوورر کوتی با لێرە بیخۆینەوە. کوتمان خۆ لیوانمان پێ نییە. کوتی یەکێکمان لە سەرەوە لەو جۆگەلە باریکەی دەکەینو دوانیشمان لە خوارەوە دەخۆینەوە. سەید تەها لە یەک میتری سەرەوەی ئێمەوە شەربەتی تێدەکردو منو جەعفەریش لە خوارەوە دەممان بە جۆگە ئاوەکەوە ناو دەمانخواردەوە. نۆرەی جەعفەر هات شەربەت لە جۆگەکە بکا، هێندە چووبووە سەرێ تاکوو دەگەیشتە لای تەها، تامی نەدەما. سەید تەها دەیگوت: "کەرەسوور تۆزێک وەرە خوارەوە خۆ هێندە رۆیشتوویە سەرەوە تەنیا رەنگەکەی دەگاتە لای من".

بۆ ساڵی 1370(1990 زایینی ) بە دوو تیم چووینەوە بۆ ناوچە. لە پێش ئێمەدا تیمێک رۆیشتنو گەڕانەوە دوایی نۆرەی تیمی ئیمە هات کە کاک محەمەد تۆپچیو کاک برایم چووکەڵیمان لەگەڵ بووو بیستوپێنج کەس دەبووین. لە قەندیل سواری ماشێن بووین چووین بە لای سەنگەسەردا لە دەربەندی رانییە دەمانەویست بەرەو کێوی ئاسۆس بپەڕینەوە. ئەو ماشێنەی ئێمەی تێدابووین شلەخەجێیەکی کۆن بوو، لە نێوەڕاستی ئاوەکەدا کووژایەوە. سەید تەهاش لە مقەڕەوە مەلافەیەکی پیسی لە سەریەوە هاڵاندبوو تا سەری تۆزاوی نەبێ. ریشێکی زۆریشی هەبوو هەر دەتگوت مەلایە. لاقمان هەڵکردو دەمانەویست لە ئاوەکە بپەڕینەوە. شۆفیری ماشینەکە کە کابرایەکی خەڵکی سەنگەسەر بوو، رووی لە سەید تەها کردو گوتی ئەستەغفیرەڵڵا مامۆستا چۆن دێڵم تۆ لاقت تەڕ بێ، وەرە کۆڵمو سەید تەهای لە کۆڵ کرد. لە ئاوەکە پەڕینەوە کاک سەید برایمی هاشمی کە لە لایەن کۆمیسیونی سیاسی نیزامیەوە هاتبوو تاکوو بەڕێمان بکا لەگەڵ کاک محەممەد تۆپچی لەوبەری ئاوەکەوە چاوەڕوانمان بوون. پێیان سەیر بوو کە کابرای شۆفیر بۆ سەید تەهای لە کۆڵ کردووە.

چووینەوە ناوچەو پاش یەک حەفتە لە نزیک ئاوایی "ئەربەنووس" تووشی شەڕ هاتین. توپخانەێکی قورس پەلی ئێمەی تا تاریکان کردە نیشانە، دوو پێشمەرگەی تازەمان لە گەڵ بوو (ناسر عەزیزی و سەعیدی خانەخەلی) شەهید محەمەد علیزادە ناردمی گوتی: "برۆ بە رەحمان شێخە کە هەر سی میتر لێمانەوە دوور بوو بڵێ با چاوەدێری ئەو پێشمەرگە تازانە بکا با سەر بەرز نەکەنەوە و بریندار نەبن. تۆپ و دۆشکەو کاتیوشا دەرفەتیان نەدەدا بڕۆم ئێستاش نازانم چۆن خۆم گەیاندە لایان، رەحمان شێخە کە کوڕێکی بەغیرت و قسەخۆش بوو و سەری قسەی و بنی قسەی "کونکەش" بوو و بە زۆریک لە کوڕەکانی دەگوت کونکەش، گوتی ئەوە کونکەش لەو ئاور بارانە دا لە چی دەگەڕێی؟. گوتم: "علیزادە دەڵێ با ئاگات لەو کوڕانە بێ تەجروبەیان نیە با سەر بەرز نەکەنەوە گوتی برۆ خەمەت نەبێ با ئەو گوڕمژنەش( مەبەستی کاتیوشا باران بوو) لێکاتەوە بە شەرەف وەک قشقەڕە دەیاننێرمە سەر ئەو بەردانە با سەیر کەن نەکوو تانگ بۆمان سەر کەوێ، بڕو ماڵت نەشێوێ گوتم داخوا بۆ چی هاتووە، هاتووە دەڵێ خۆتان بشارنەوە نازانی ورەیان دادەبەزێ؟ گەڕامەوە بۆ لای عەلیزادە و مەجید خەباب و قارەمان نەموێرا بڵێم لای رەحمان شێخە کەباب هەر بە دەیە و ماست رەشە، گوتم ڕەحمان شیخە دەڵێ ئاگام لێیانە، عەلیزادە گوتی چوکەڵی بە بێسیم دەڵێ بە سام لەو هێلی کۆپتێرە دەن مەبەستی ئارپیجییەکەیە. کوانی؟ گوتم: "ئەوە لە لای رەحمان و ئەوانە، بە خودا ناوێرم جارێکی دیکە بچمەوە بۆ ئەوێ". گوتی: "باشە دوو بەرد هەڵچنە سەنگەر بۆ خۆت سازکەو خۆت حەشاردە، ئاخر بڵێ چۆکەڵی سامکمان لە کوێ بوو.

پاش هەشت کاتژمێر دووکەڵ و بارووت خواردن و بێ ئاوی، بۆ شەوێ بە دوو بریندارەوە دەمانەویست لە جادەی میاندواو ـ بۆکان بپەڕینەوە، زۆرمان توونی بوو توشی ئاو نەدەهاتین لە نزیک ئاوایی "کانی شقاقان" تووشی مێرگ و چیمەنێک هاتین ئاوی لێنەبوو بەڵام تەڕایی مابوو پێشمەرگەکان چیمەنەکەیان لە ریشەوە

دەردەکێشا و بە قوڕەوە دەیانمژی. شەهید عوسمان سارۆقامیشی کە یەکێک بوو لە بریندارەکان و بە داخەو بۆ بەیانی لە چۆمی مەلالەر شەهید بوو، گوتی: "ئاو ئاو کورە بەشم دەن"، گوتیان سارۆ ئاو نییە قور دەمژین. گوتی: "کاکە منیش قوڕ دەمژم". کە گەیشتێنە سەر جاددەی بۆکان میاندواو، علیزادە و من و چۆکەڵی و عوسمان شێخە کە دوربینی شەوی پێبوو لە سەر پردێکی چۆکە کە زیاتر بۆ ئاوەڕۆ سازیان دەکەن، ئەمبەروو ئەوبەری جاددەمان گرت تا پێشمەرگەکان لە جاددە بپەڕنەوە، ئەو شەوە نۆرەی ڕاکێشانی هێسترەکان لە ئەستوو کاکە ساڵەی ئەڵماسی بوو. پێشمەرگەکان تێپەڕ بوون و هەر من و چووکەڵی و عوسمان شێخە وکاکە ساڵەو بریندارەکان لە نزیک جاددەکە مابووین. ماشێنێک لە لای بۆکانەوە هات چووکەڵی گوتی: "ساڵە هێسترەکان خێرا بەرە بۆ ژێر پردەکە با ئەو ماشێنە تێپەڕێ". کاک ساڵە بە پەلە بردنی بۆ ژێر پردەکە، بۆ بریندار هاواریان لێ پیدا نەبوو چۆکەڵی: "گوتی ئەوە چی بوو"؟ گوتیان کاکە لووتمان شکا بە دیواری ئەو پردە، کاکە ساڵە گوتی کاکە ئاخر چۆن هێستر بە بریندارەوە لێرەوە دەچێ ماڵت نەشێوی کاک برایم. (هێسترەکان چۆبۆنە ژۆرێ و بریندارەکان تێ گیرابون) باش بوو زۆ گەیشتێنە سەر چۆمی تەتەهوو لە نزیک ئاوایی داشبەند؛ کاک محەمەد تووپچی بە ئاوی چۆمی دوو قەندی لە قوریشکەیەکدا کرد بە قەنداو و گوتی ها عوسمان گیان ئیدی بۆ قور دەخۆی. (جا خەڵکی ناوچەی ئاڵەشین کەمتریان هێستریان دیبوو دەیانگوت ئەو کەرانە بۆ وا گەورەن؟ سەید تەها دیگوت ئەوە کەرە ئێراقین). لەو بەری جاددە تووشی باخێکی ترێ هاتین. سندووقیان دانابوو تاکوو بەیانی بێنو بیبەن بۆ شار، زۆرمان ترێ خواردو وەڕێکەوتین. لە نزیک ئەو باخە باخێکی سێوی لێ بوو. کوتیان مادام ترێتان خواردووە، سێو لێمەکەنەوە. چونکە کابرا فەقیرە. جەعفەر ئیشقی بە سرتە پێی کوتین. ئەوە باخی ماڵی خاڵی کاک برایمی چووکەڵییە. سەید تەها کوتی: "خۆ ئەگەر نەشخۆم دەوەرێنم سەید تەها گۆچانێکی پێ بوو، رایوەشاندو سێو بەربوونەوەو بەسەر قووتوو تەنەکەیەکی بن دارەکەدا کەوتن. هێستر سڵەمینەوە. چووکەڵی کوتی ئەوە چی بوو؟ کەس هیچی نەگوتو رۆیشتین. تیمی پێشڕەو کوتیان پێمان وایە لەبەر دەممان کەمینە. پاسدارن، راکشاونو هەموو کڵاوە ئاسنینەکانی سەریان بریقە دەدا. کە لێیان نزیک بووینەوە، دیتمان ئەوە لە بەر مانگەشەو هەموو کاڵەکی کەشاوەرزین بریقە دەدەن. لەوێش کۆڵێک کاڵەکیان خوارد. بۆ بەیانیی رۆژی دوایی لە چۆمی "مەلّلالەر" ماینەوە. بۆ ئێوارەش خۆمان ساز کرد بەرەو ئاوایی "سەیداوا"ی جەمیان وەرێکەوتین. هێندە ماندوو ببووین هەموومان لە پێ کەوتبووین. تاومان لێ هەڵات تا گەیشتینە جێگا. بۆ رۆژەکەی لەوێ بووین. حەسەن بەرابەری کە بریندار ببوو، گوتی: "کاری سەراوم هەیە". جەعفەر ئیشقیمان لەگەڵ نارد. گوتم: "ئەوە زگی بریندارە کوڕە نەهێڵی ئاو بخواتەوە". کوتی: "باشە". لە خوار ئێمەوە حەسەن لە سەر ئاوەکە لنگی ئەمبەراو ئەوبەر کردبوو خەریکی کاری سەر ئاو بوو. جەعفەر ئیشقییش لە لای دانیشتبوو کە نەهێڵێ ئاو بخوا. هێندەمان زانی جەعفەر ئیشقی هاتەوەو گوتی کاکە من نیگابانی لەو پیسە نادەم، گوتم بۆ؟ گوتی یەک لۆچ ئاو هەڵدەگرێتو ئەگەر بزانێ ئاگام لێیەتی، ئەوا خۆی پێدەشوا، ئەگەر بزانێ ئاگاشم لێی نییە ئەوا دەیخواتەوە.

بۆ شەوێ چووینە ئاوایی "سەیداوای" جەمیان. کەریم شوجاعی لەگەڵ حەسەن بەرابەری چوو بۆ ماڵان، کوتم کاک کەریم نەهێڵی ئاو بخوا. لە ئاوایی هاتینە دەرێ، لە پشت ماڵان لەگەڵ کاک محەمەد تۆپچیو ئەبوو کانیدرێژی دانیشتبووینو چاوەڕێی کوڕەکانیتر بووین تاکوو بێن. کەریم شوجاعی هێسترەکەی حەسەنی رادەکێشاو هات. گوتی: "کورە ئەو سەگبابە بە قسەی نەکردم، دوو قاپی شیر خواردووە، لەبەر ماڵەکە پێم

عەیب بوو دەنگێ بدەم". گوتم: "حەسەن هەتیو دەمرێ". گریاو گوتی شوجاعی درۆ دەکا، دوو قاپ نەبوو قاپو نیوێک بوو!

شەوێ گەیشتینە پشت ئاوایی "تاهیربۆغە"، بێستانێکی شووتی لێ بوو. کاک محەممەد تۆپچی گوتی با دوو کەس بچن شووتی بێنن بۆ هەمووومان، هەموو نەچنە نێو بێستانەکە، با شوێن پێمان هەڵنەگرن. رەحمانە کوردەو نەفەرێکی دیکەیان نارد شووتییان هێناو خواردمان. خەریک بووین توێکڵەکانمان لە نێو شێوەردەکەدا دەشاردەوە. دیتمان کەسێک بەرەو بێستانەکە رۆیشت. مانگەشەوێکی روونـاک بوو، نەفەرەکە ئاسۆی دابوو و جوان دیار بوو. کاک محەممەد تۆپچی تووڕە بوو گوتی ئەوە کێیە چووە بۆ نێو بێستانەکە؟ گوتیان سەعیدی خانەخەلییە، لەسەری راوەستاین تاکوو هاتەوە. کاک محەممەد گوتی: "سەعید ئەوە بۆ کوێ چووی"؟ وەڵا ویستم میز بکەم، کاک محەممەد گوتی: "دەک لە قوڕێتنێم. ئەوە تۆ هێندە شەرمێونی بۆ مێز کردن دوور دەکەوییەوە، تۆ جاری وایە لە سەفدا بە پێوە گوو دەکەی"!

تا گەیشتینە پشت "شێخ چۆپان" منو سەید تەها هەر پێکەنینمان بە قسەی کاک محەمەد تۆپچی دەهاتو نەماندەوێرا دەریببڕین، بەڵام ئاخرییەکەی کاک محەممەد پێی زانین. بە شەهید ئەبوو کانیدرێژی دەگوت: "ئەرێ ئەوانە، جەعفەر، هەڤاڵو سەید تەها کە دەچنە ماڵان لە بەر قسەی قۆر تەبلیغ بۆ حیزب دەکەن؟ باشە ئەو پێکەنینەیان لە چیە بەو نیوە شەوە"؟!

بۆ شەوی دوایی چووینەوە هوتێلە پێنج ئەستێرەکەی خۆمان واتە کانی کەوتم. شەهید محەممەدی عەلیزادە گوتی هەڤاڵ گیان تەنیا تۆمان لەگەڵە ئەو رێگایە باش شارەزا بی. حەسەن بەرابەریش وەزعی باش نییە. دەتوانن بیبەن بۆ ئێراقو بگەڕێنەوە؟ لەگەڵ مەجید خەبات کە جێگری پەل بوو و محەممەدی سەلیمی خەریکی ساز کردنی حەسەن بووین تا برۆین. گوتم حەسەن گیان ئەگەر تووشی هەر کەس بووین نەڵێی بریندار بووم، با وەشوێنمان نەکەون (حەسەن گوللە لە پەراسووی درابوو، خوارەوخوار دادەنیشت) سەید تەها هات گوتی: "دەزانی چی؟ ئەگەر هەرکەس پرسیاری کرد بڵێ نێوکی کەوتووە". گوتم: "باشە" و ماڵاواییمان کرد. هاتین وەرێکەوین تەها گوتی کوڕە لە لای خەڵک نەڵێی نێوکی کەوتووە ئەوە هاتو کابرا گوتی دەزانم نێوک بێنمەوە، دە بەشەرەفم ئەو دێهاتە کەڕە کوردی وای لێیە دوو پەراسووی دیکەشی دەشکێنن. شەوێ هاتین لە دۆڵی "مەلا حەسەن" لە سەرەوەی "گۆمەشین" ماینەوە. بەیانی بە دەنگی زەنگوڵەی مەڕ لە خەو هەستام. دیتم کچێکی تەمەن نزیک حەفدە ساڵانە لە سەرەوەی ئێمە بەرخەلی پێیە. چووم بۆ لایو گوتم دەزانی ئێمە کێین؟ گوتی نا. گوتم ئێمە گرووی زەربەتین بەڵام بە کەس مەڵێ. گوتی من خوشکی شەهیدم دەزانم تۆ پێشمەرگەی من لای کەس باس ناکەم. برایەکی لە خۆم چکۆلەترم لەگەڵە ئێستا دەچم پێی دەڵێم کە خەیارو تەماتەمان پێیە با بۆتان بێنێ. کە گەڕامەوە بۆ لای پێشمەرگەکان، محەممەدی سەلیمی لە خەو هەستابوو و نیوەی قەدی لە کیسەخەوەکە دەرهێنابوو، چاوی هەڵدەگلۆفیو گوتی، گوێم لێ بوو قسەت دەکرد، هەڤاڵ لەگەڵ کێ قسەت دەکرد؟ گوتم بابە کەس نییە بخەوە. گوتی نا. ناچاری کردم بۆی باس بکەم. لە ئاوەکە نزیک بوو، ردێنی بە ئاوەکە تەڕ کردو تیغو ئاوێنەیەکی لە کۆڵەپشتییەکەی دەرهێناو ردێنی تاشیو گوتی کوا ئەو کچە چی لێهات؟ هەرچەندە لێی پاڕامەوە کە کوڕە جێگاکەمان ئەستەمە، گوێی نەدامێو رۆیشت بۆ لای کچەکە. پاش بیست دەقیقە هاتەوەو گوتی هەڤاڵ پێشمەرگە لەگەڵ خۆمان دەبەین، سێ کچن دێن بۆ پێشمەرگایەتی.؟ گوتم وەڵا تەواومان کرد، ئەی ئەگەر شەوێ لەسەر سنوور لە کەمین بکەوین چییان لێ بکەین؟ گوتی نا مەترسە ئەوە نییە منت لەگەڵم. بۆ لای کاتژمێر 3ی ئێوارە سێ کچ بە بوخچەوە پەیدا بوون. لە لامان دانیشتنو حەسەن

بەرابەری کە قەولی دابوو قسە نەکا. خۆی بۆ رانەگیراو گوتی ئەریَ خوشکینە، ئێوە بۆ شووکردن هاتوون یان بۆ پێشمەرگایەتی؟ هەر سێکیان وێکڕا کوتیان بۆ پێشمەرگایەتی. حەسەن گوتی پێشمەرگایەتی بە ئێوە ناکریَ زۆر زەحمەتە بڕۆنەوە. سەیرکەن من چۆن بریندار بووم. گوتیان هەیرۆ ئەوە برینداره؟ بەم جۆرە ئاشکرای کردین. باش بوو کچەکان ئێوارە رۆیشتنەوە بۆ ماڵیَو دەردیسەریان نەبوو بۆمان.

بۆ تاریکو روونی بەیانی گەیشتینە سەر سنوور، پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی دەنگیان داینو گوتیان ئەو بارە بێرەدا بێنن. گوتم: "بۆ"؟ گوتی: "گومرکی بدەن". گوتم: "کاکە خۆ ئێمە قاچاغچی نین، تازە خۆ ئەوە بار نییە ئەوە پێشمەرگەی بریندارە". دەک خودا غەزەبت لێگریَ حەسەن تۆزێک خۆت راست کەوە، ماڵتە خۆت ئاوا بەو کورتانەوە مەلاس داوە با بزانن ئینسانی. زانیان تووڕە بووین، گوتیان فەرموون فەرموون رێزتان هەیە. بریندارەکەمان بەرێ کرد بۆ سلێمانیو بۆ خۆشمان لەسەر سنوورماینەوە بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ لای پێشمەرگەکان لە "شێنان"و "کەشەنیَ".

بۆ خەرجی رێگایە چووکەڵی هێندێک پووڵی دابووینیَ. محەممەدی سەلیمیمان لەگەڵ هێسترەکە لە دۆڵێک بەجیَ هێشت. منو مەجید خەباتیش لیباسی شەخسیمان لە هێندیک دۆست وەرگرتو بەبیَ چەکو تەنیا بە بێسیمێکەوە سواری ماشێن بووین بۆ بازاڕی چۆمان. گوتمان محەممەد تۆ لێرە ئاگات لە هێسترەکە بیَ، ئێمە دەچین کەبابت بۆ دەکڕین. هەموو ئەو بازاڕەمان سەراوبن کرد کەبابی لیَ نەبوو. هەمووی باتریو تەگەری ماشین بوو. ئاخرییەکەی لەسەر چۆمەکە قاوەخانەیەکمان دیتەوە، چووین گوتی برینجو گۆشتمان هەیە. دانیشتین گوتمان بۆمان بێنە. گۆشتەکانی خراپ ببوو و لە نێو قاپەکاندا بۆنی دەهات. زۆرمان برسی بوو ئیشتیاشم بۆینەدەچوو. بە کەوچک تێکمان وەردەدا کە پاسدارێک لە پایگاکە هاتە خوارەوەو هات بۆ نێو قاوەخانەکە. مەجید خەبات بە چۆک تێی کوتام گوتی سەیر کە، سەرم هەڵینا پاسدارەکە کەڵەشینۆفێکی باجێری پیَ بوو، لە رووبەرووی ئێمە دانیشتو چایەکیان بۆ هێنا. وەسەرخۆمان نەهێناو دەستمان کرد بە گۆشتی کۆن خواردن. کە پاسدارەکە رۆیشت ئێمەش هاتینە دەریَ. هەوا زۆر گەرم بوو، هەستم کرد کە مەسمووم بووم، دەستم کرد بە ڕشانەوە، مەجید خەبات خۆی وەبن شانم داو بە هەزار حاڵ سواری ماشێن بووینو گەڕاینەوە بۆ لای محەممەدی سەلیمی. ئەویش کە زۆری برسی بوو، چاوەڕێی ئێمە بوو کە کەبابی بۆ بەرین. گوتی کوا کەباب؟ هەرچەندە بۆمان باس کرد باوەڕی نەدەکرد. دەیگوت چووکەڵی پووڵی داونەتیَو ئێوەش چوون داوتانە بە کەبابو خواردووتانە. مەجید خەبات گوتی پاسدارێک لە پایگاکە هاتە خوارەوە خەریک بوو تووش بین تۆش جاریَ کەبابت دەویَ؟ گوشتێکمان خوارد هێندە کۆن بوو هەڤاڵ مەسمووم بووە تۆزێک زەعلەت پیَ بوو، لێی ماوەتەوە هەڤاڵ بیخوا چاک بێتەوە؟ چونکە دەبیَ بۆ شەویَ بڕوێنەوە بۆ ناوچە، بە ناقاییلی پێی دام. کە بۆنم پێوە کرد هێندەی دیکە تێک چووم. کوتم: "کاکە ئەوە سەگ نایخوا، لێرەی بشارەوە دوایی دەیدەین بە جەعفەرە سوور".

پاشان هەر بەڕێکەوت هێزی ئاربابا هاتن. لەگەڵ کاک حەسەنی قادرزادە باسمان کرد کە بۆ لێرەین. لەگەڵ ئەوان رۆیشتینەوە بۆ شەویَ لە پشت ئاوایی " کەندە شینە" هێزی بەیانمان گرتەوە. بۆ شەوی داهاتوو لە جادەی سەردەشت ـ بانە لە کەمین کەوتین دووبارە گەڕاینەوە بۆ سەر سنوور، چووینە نزیک ئاوایی "مەڕانە" کە هێزی ئاربابا لەویَ نیمچە مقەڕێکیان دروست کردبوو. جەعفەرە سوور لەو ماوەیەدا کە من یەک حەفتە لەگەڵیان نەبووم، سەگێکی هێنابوو. سەگە وەک زمانزان وابوو. لە "مەڕانە" لەگەڵ تاهیری قادرپوورو جەعفەرە سوور گۆشتمان دەبرژاندو ئێسکەکانمان دەدا بە سەگەکە. پاش دوو رۆژ ماشێنیان هێناو سوار بووین بۆ

سلێمانی. ماشێنەکەی ئێمە شۆرلێتێکی باری بوو. شۆفیرەکەی کوتی: "کاکە سەگ پیسە سواری ناکەم!. سەید تەها کوتی خاڵە گیان لەسەر کۆشمی دادەنێم. کابرامان رازی کردو سوار بووین. سەگەکەش هێندەی ئێسک خواردبوو لە نێو ماشێنەکەدا دەستی کرد بە ڕشانەوە. لە ترسی کابرا نەماندوێرا هیچ بڵێین. لە سلێمانی نەمانهێشت کابرا بزانیو بە دوو سەتڵ ئاو ماشێنەکەمان شوشتەوە.

بەیانی ماشێنیان هێنا کە بگەڕێینەوە بۆ قەندیل. بە شۆفیرەکەم گوت کاکە بۆمان هەیە حەیوان سوار کەین. کوتی نا بزنو مەڕ سوار ناکەم. ماشێنەکەم بۆن دەگریٚ. بەڵام مریشکو کەڵەباب قەیدی ناکا. گوتم کورە سەگمان پێیە. گوتی چی؟! ئەستەغفیرەڵڵا سەگ گڵاوە چۆن سواری دەکەم. هەر جۆرێک بوو کابرامان رازی کرد کە سەگەکە لە کارتۆن بخەین و لە پشت مینوبووسەکەی دانێین، کە گەیشتینە قەندیل خێرا دابەزیم سەیرم کرد لە پشت ماشێنەکە ئاوەچۆڕ دێتە خواریٚ. لەگەڵ قارەمان دەرگای پشتی مینی بووسەکەمان کردەوە. سەگ لەوێدا رشابۆوە. گوتمان کورە ئەو کابرایە لە قسە بگرن با نەزانیٚ تاکوو ماشێنەکەی دەشۆینەوە.

بۆ زستان نەقڵم وەرگرتو چووم بۆ نەخۆشخانە بۆ دیتنی دەورەی زیاتر. موستەفا مێهرپەروەر بەرپرسی بەخش بوو، گوتی: "کۆمەڵایەتی کاریان پێتە"؛ کە چووم بۆ کۆمەڵایەتی گوتیان ئەو پەلە پێشمەرگەیە کە پارێزگاری لە نەخۆشخانە دەکەن سەرپەلیان نییە، ببە بە سەرپەلی ئەوان. گوتم من بۆ چی هاتوومو چیم پێدەکەن! زۆر پێداگرییان کرد گوتم باشە بۆ ماوەیەک قەبووڵی دەکەم؛ کە چووم بۆ مەقەڕ نزیک بە بیست پێشمەرگەی هەبوو، شەوانە کە لیستەی نیگابانیم دەنووسی، زیاتر لە یازدە نەفەریان لە جیاتی کاک دەبووایە نوسیبام مام واتە بە تەمەن بوون. جا دەیانگوت هەر شەوەی سیٚ سەعات بماننووسە، بەڵام با بە هەر سیٚ شەو جارێک نۆرەمان بێتەوە. ئێوارەیەک شەهید محەممەد عەلیزادە تەلەفوونی بۆ کردم، گوتی: "بۆ نانخواردن وەرە خواریٚ دەزانم لەگەڵ ئەو پیرانە بۆت ناگوزەریٚ". منیش بە رێبوار (حەمە دۆڵەگەرمی) کە لەویٚ پێشمەرگە بوو گوتم: "من شەویٚ لە ماڵ نابم تۆ ئاگات لە مقەڕ بیٚو ئەگەر شتێک رووی دا بە تەلەفوون ئاگادارم بکەوە بە بیست دەققە لە ئینتزاماتەوە دێمەوە".

شەویٚ مام مەجیدی شیرین گوفتاری رەحمەتی نیگابان دەبیٚ، دێتەوە دەیهەویٚ مام ئەحمەد بەرەحمەت بیٚ لە خەو هەستێنیٚ بۆ نیگابانی. چاو لێدەکا دەبینیٚ نەخۆشەو ناتوانیٚ خۆی رابگریٚ. دەڵیٚ کوڕەکە ئەگەر ناتوانی تا من لە جێگات راوەستم. ئەویش پێی کەسری شان دەبیٚو دەڵیٚ نا، دەتوانم نیگابانی بدەم. کە هەڵدەستیٚ دەکەوێتەوە. مام مەجید بە رێبوار دەڵیٚ ئاکوڕەکە وەرە بۆم بگرە تا ئەو رەختو تفەنگەی لیٚببەستم. بە هەردووکیان رەختو چەکی لیٚدەبەستنو دەیبەنە شوێنی نیگابانییەکە لەسەر سەندەڵییەک لە بەر دەرکی نەخۆشخانە دایندەنێنو پەتوویەکی لەدەور دەهاڵێنن. پاش سیٚ سەعات نیگابانێکی دیکە دەچێتە جێگای مام ئەحمەد. مام مەجیدو رێبوار دەچن مام ئەحمەد لە کۆڵ دەکەنو دەیهێننەوە. بەیانی کە هاتمەوە رێبوار بۆی گێڕامەوە چیان کردووە. لە دڵی خۆمدا زۆر پێکەنیم گوتم ئەوە بەزمی کاکی خۆتن ئیستا بۆ تۆ بەجێماوە لاڵ بم ئێستا بڕیارەکان لای خۆمەوە دیٚ و دەستم بستراوە. بەڵام وەسەر خۆم نەهێنا.

پاش ماوەیەک مقەڕم بەجیٚ هێشتو بەرەسمی بووم بە کادری نەخۆشخانە. لەگەڵ سمکۆ بێکەس، عەبدول عێوەزیو فەرهاد جەهانگیری چووم لە ژوورێکەوە. رۆژێک سمکۆ بێکەس، قوتوویەکی پڕ لە دوگمەو دەرزی هەبوو، هێنابوویو دەیویست دوگمە لە کراسەکەی بنیٚ. شووشەی هەڵڕشتو هەر دوگمەی بۆ لایەک خلۆر بۆوە. هەمووی کۆکردنەوە، قالۆنچەیەک لە نێو دوگمەکان دا بوو، هەر دەڕۆیشت. سمکۆش پێی وابوو دوگمەیەو خلۆر دەبێتەوە، قالۆنچە دەڕۆیشتو سمکۆ دەیگرتو تێکەڵی دوگمەکانی دیکەی دەکردەوەو خەریکی

درومانی خۆی دەبۆوە. پاش سێ چوار جار سەیری کرد دیتی ئەوە قالۆنچەیەو دوگمە نییە. پتەیەکی لێ داو دووری خستەوە.
کاک قادری فەتحیو مام برایمی رەحمەتی پێکەوە بێستانی کوولەکەیان هەبوو. شەوێک سەعدوون چووبوو کوولەکەی لێدزیبوون. بەیانی مام برایم دەیگوت: "کاک قادر تۆ بردووتنەوە بۆ ماڵ". ئەویش دەیگوت؛ "کورە مام برایم تۆ بردووتە بۆ سڵێو داوتە بە خەڵک". مام برایم هەموو کوولەکەکانی بردبووە سەر بانی مقەڕ. شەوێ سەعدوون لە سەربان چووبووە دەستەیان. هەموو ئەو مەقەڕە هاتبوونە دەرێ دەیانگوت دز هاتۆتە سەر بانێ. پاشان مام برایم لە ترسی سەعدوون هەموو کوولەکەکانی لە نێو سندووق خستبوو.
رەحمان ئەنباریو سەعدوون شەوێ چووبوون بۆ دزی لە کەوەری مام حامید. مام حامید کە خەڵکی شمالی کوردستان بوو، بەیانی هاتبووە سەربانی نەخۆشخانەو یەک بە خۆی هاواری دەکرد: "کیری من کوز دایکی ئەوە کەوەری من دزییە." سەعدوونیش دەیگوت: "سەد جار".
لە زستان دا بەفرێکی زۆر باریبوو. تیمێکی هێزی ئارباباو هێزی بەیان چوونەوە بۆ ناوچە. لە پشت ئاواییەکانی شندرێو شەمۆڵە تووشی شەڕ دەبن. حەمەدەمینی رۆستەمی بریندار دەبێ. سمایلی ئیبراهیمی دەرمانی دەکا. بۆ شەوێ دەچنە ماڵێک کیژی ماڵەکە کە حەمەدەمین دەبینێ ئاوا سەروچاوی داپێچراوەو هەر کونی چاوی دیارەو لە سەرمانە هەڵدەلەرزێ، خێرا دەچێ کەترییەک نەوت دێنێ تا بە سۆبەکەی داکا. لە گەڕانەوەدا کچە لاقی لە حەمەدەمین هەڵدەنگوێو نیوەی نەوتەکە بەسەر حەمەدەمین دا دەرێژرێو هەموو گیانی حەمەدەمین نەوتاوی دەکاو مینە بە سۆبەوە ئاور دەگرێ. جا مینە دەیگوت پشتم سووتا لەتاو سووتانی پشتم ئێشی برینی زارم لەبیر چووبۆوە.

بۆ بەهارێ شەهید ئەبوو کانیدرێژی هاتو بۆ لام و گوتی: "لە هێزی بەیان زۆرمان پێویستی پێتە. تۆ دڵت دێ ئەو رەفیقانەت بریندار بنو کەس نەبێ چارەیان بکا". گوتم: "بە کۆمەڵایەتی بڵێ، ئەگەر قەبووڵیان کرد بە سەرچاوان لەگەڵتان دێمەوە". کۆمەڵایەتی قەبووڵیان کردبوو بەڵام کاک موستەفا مێهرپەروەر قەبووڵی نەدەکرد. بە کاک موستەفام گوت بۆ پاییزێ دێمەوە خەمت نەبێ. دیسان چوومەوە بۆ هێزی بەیان. کاک لوقمانی مێهفەر کە خەڵکی پیرانشار بوو، وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی بۆکان دیاری کرابوو. کاک لوقمان کابرایەکی بێدەنگ و ئەهلی شۆخیو فشە نەبوو. رۆژێک مامۆستا زێڕە چووبوو لە سڵێ دوو نەفەری هێنابوو، یەکیان زوڕنای لێدەداو ئەوی دیکەشیان تەپڵی لێدەداو گۆرانی دەگوت. لەبەر دەرگای دیوی کار کردبوویان بە بەزم. کاک لوقمان، مامۆستا سەلاح دەنێرێو دەڵێ بچۆ بزانە ئەو بەزمە چییە کاکە با تەواوی کەن. مامۆستا سلاحیش هاتبوو وەک ئێمە هوڕای دەکێشا. پاشان کاک لوقمان کۆبوونەوەی گرتبوو گوتبووی باشە سەلاح تۆ بۆ لەوێ راوەستابووی هیچت نەدەگوت؟ مامۆستا سەلاحیش گوتبووی جا من بڵێم چی. هەموویان چەپڵەیان لێ دەدا خۆ دەبوایە منیش ملیان بۆ بلەقێنم.
ساز بووینو بەرەو ناوچە وەڕێکەوتین. لە "گاکڕ" وەسەر دەکەوتین، وتیان ئەها وەڵا حەسەن بەرابەری پەکی کەوت. بانگیان کردمو چووم بۆ لای. کاک لوقمان گوتی هەڤاڵ گیان حەسەن لاقی قفڵی کردووە. گوتم کاک لوقمان ئەوە پارەکەش وای لێهات. دەی باشە بە قوربان بزانە حەبێ شتێکی نادەیەی. منیش حەبێکی "پاراستامۆڵ"م دایەو گوتم ها بیخۆ. بە زۆری زاری نەدەکردەوە بیخوا. زۆری مەحتەل کردین. منیش گوتم ئەرێ حەسەن دە زارت بکەوەو بیخۆ، نازانم تۆ لاقت قوفڵی کردووە یان زارت. پاش یەک حەفتە گەیشتینە

پشتی ئاوایی "کۆندەڵان" هەر بە کاک لوقمانیان دەگوت: "جارێ نەگەیشتووینەتە خاکی پاک" (دیارە مەبەستیان ناوچەی بۆکان بوو). بۆ شەو خاڵە عەوڵا شێنانی کاک لوقمانی بردبوو بۆ سەر چیای "وەستا مستەفا"ی پشتی تورجان. تا لەوێوە ناوچەی بۆکانی نیشان بدا. لەو دوو ملانەوە کە شۆڕ دەبێتەوە بۆ دۆڵی "پاڵەوان" زۆر دانیشتین هەر نەهاتنەوە. خاڵە عەوڵا پێوەندی گرتو گوتی ئێوە لە کوێن. گوتیان لە فلانە شوێن. کوتی دا فەندەکێک لێدەن تا بتانبینمەوە. فەندەکیان لێدا، بە هەزار زەحمەت خاڵە عەبدوڵڵاو کاک لوقمانمان دۆزیەوە. خەریک بوون دەهاتنەوە بۆ لامان، منیش گوتم جا ساڵێکی دیکە یەکدانە ماتۆڕ بەرق بێننەوە لەسەر پشتی ئەو ئێسترە داینێن‌و هەر کاک لوقمان‌و خاڵە عەبدوڵڵا ون بوون نوورئەفکەنیان بۆ هەڵکەن. رەحمان شێخە بە دەنگێکی بەرز پێکەنی‌و گوتی ئەو هەڤاڵە قسەی قۆڕ دەکا. عوسمان مەمیل کە سەرپەلی بوو، گوتی شێخە بەسە بێدەنگ بە، بەو شەوە خودا دەزانێ کێ لە دەوروبەرمانە. شێخە دەنگی هەڵبڕی و گوتی: "بۆ خۆ زیندان نییە. تازە کابرا لە زیندانی رەزایەش بێ بە کەیفی خۆی قسە دەکا".

بۆ شەوی داهاتوو لە پشت ئاوایی "باغلووجە" کەوتینە کەمین. من سەرم بە تیغ تاشیبوو و ردینێکی درێژیشم هەبوو. هەر کە تەقەیان لێکردین، جۆگە ئاوێک لەوێ بوو، لەگەڵ تاهیر قادرپوور خۆمان فڕێ دایە نێو جۆگەکەوەو دەستمان کرد بە تەقە کردن لەو شوێنەی تەقەیان دەکرد. کە پاشەکشەمان کرد کاک لوقمان ناوی منی لە بیر چووبۆوە، دەیگوت ئەرێ کاکە ئەو سەرتاشراوەی نێوقەد سەوزە چی لێهاتووە. مامۆستا سەلاح دەیگوت کێت دەوێ؟ ئەویش دەیکوت دوکتورەکە ئەو سەرتاشراوەی نێوقەد سەوزەکە. کوڕێکمان بە ناوی خوسرەو لەگەڵ بوو گوتی کورە ئەوە هەڤاڵ دەڵێ! هەڤاڵ! کاک لوقمان گوتی ئا ئا دا بۆم بانگ کەن. کە چووم گوتی کاکە نەمگوتووە لە من دوور نەکەوییەوە؟ شەو پاشەکشەمان کرد بۆ پشتی ئاوایی "هەرمێلە"و "تاهیربۆغە" ئیتر بێخەبەر لەوەی کە عوسمان شیخ چۆپانی بریندار بووەو لەو شوێنەی لە کەمین کەوتین بەجێ ماوەو ئەنوەری تابناکو رەحمان شێخەش هەڵبڕاون. بۆ ئێوارەی رۆژی دواتر کاک عەبدوڵا شێنانی رەحمەتی، من‌و شەهید عومەر سەلیمی نارد کە سۆراغێکی ئەو سێ پێشمەرگەیە، واتە عوسمان شێخە، رەحمان شێخەو ئەنوەر تابناک بگرین. ئێمە کە بەرەو ئاوایی کانیزێڕینە دەچووین تەراکتۆرێکمان لێ پەیدا بوو، دەستمان لێ بەرز کردەوەو سوار بووین. کابرا زۆر دەترسا، عومەر سەلیمی پێی گوت مەترسە ئێمە خۆمان بە جامەدانی دادەپۆشین بمانبە تا نزیک "کانی زێڕینە". کابرا لەگەڵمان هات لە نیوەی رێگا ئەنوەرو رەحمان شێخەمان دۆزییەوە. گەڕاینەوە بۆ لای هێزو دە کەسی دیکەیان ساز کرد کە شەوێ بچین بۆ لای بریندارەکە ئەگەر زیندوو بوو بیهێنینەوە. چووین بەخۆشییەوە زیندوو بوو، هێنامانەوە، رەحمان شێخە زۆر خوشحاڵ بوو کە عوسمان شێخەمان بە زیندوویی دەست کەوتۆتەوە. بە دوای هێسترەکەدا دەڕۆیشت کە عوسمان بە برینداری بەسەریەوە بوو. هێسترەکە لە سەروەلێژێک وەسەر دەکەوت فشاری بۆ هاتو دەستی کرد بە تڕ بەردان. رەحمان شێخە دەیگوت: "دەک خودات خۆم بۆ تڕت. دەک لە بەر تڕت مرم ئەرێ وەڵا." لەگەڵ سمایل ئیبراهیمی هێندە پێکەنی بووین ژانە زگمان گرتبوو و دانشتبووین‌و نەماندەتوانی بڕۆین. بەیانی عوسمان میزی بۆ نەدەکرا. گوتم تاکوو بەیانی میز نەکەی سۆندەت لێ دەدەم. ئێوارە سواری هێسترمان کردو قوتوویەکی بەتاڵی شیرم دایە دەستی‌و گوتم: "ئەگەر میزت هات لەو قوتووەی بکە". شەوێ دەمانەویست لە جادەی سەقز- بانە بپەڕینەوە. هەموو بە بێدەنگی هەنگاومان دەنا. لە پڕ عوسمان شێخە لەسەر ولاغەکەوە هاواری کرد: هەڤاڵ هات هات. گوتم کورە چی هات؟ گوتی میز. گوتم: "ماڵت نەشێوێ ئەوە نییە قوتووت پێیە تێیکە ئیتر ئەو هاوار هاوارەت لە چییە"؟

مامۆستا زێڕە کە ساڵی پێشوو لـە مەڵبەنـدی دووی سـەقز خزمـەتی کردبوو، چاوسـاغمان بـوو، بـە جێگـای وادا دەیبردین بە قەولی سەید تەها ڕێگای بۆ بزن پێ خۆش دەکردین. جا شێعرێکم بۆ دانابوو:

نانخواردووی مەڵبەندی دوو

هەڵماندەدێرێ دوو دوو

دەوری سەقزی لێدا

دەچێ بۆ نێو سماقڵوو

با بۆ مێژوو بڵێم زێرە زۆر بە ڕۆحیە بوو زۆر جار لە کاتی تەنگانە دیتوومـە روحیـەم لێوەرگرتـووە، بـەڵام بـۆ ڕێگـا دۆزینـەو زۆر کـول بـوو، جـارێکی شـارەزا هـەر ئـەومان لـە گـەڵ بـوو لـە پشـت ئـاوایی میـک و باینجانـەوە وەسەرکەوت بۆ سەر چیای نەکەرۆز تا ئاودیومان کاتەوە بۆ لای گردەکۆ شـەوێ لـە تەلانـە شـاخێک دا ڕێگـای ون کرد و گیرمان کرد، ڕێگای چۆنە پێش و گەڕانەوەمان نەما ، بەناچاری ئەو هێزە تـا ڕووناکـایی بـەیانی بـەو تەلانەوە ماینەوە.

شەوێ زۆرمان توونی بوو. گوتم غەفووری سۆفی دەزانی چی خۆشە؟ نۆشابەی سـارد. غـەفووریش چـاوی لـە چراغانی نێو شاری سـەقز دەکـردو دەیگـوت: کـورە بەسـتەنی بەسـتەنی هـەڤاڵ. پـاش دوو کـاتژمێر چـووینە نێـو ئاوایی "سماقڵوو" هەر لە بیری نۆشـابەدا بـووم. خێـرا لەگـەڵ غـەفوور دوکانەکـەمان دۆزیـەوە کـابرا گـوتی یـەک سندوقم هەیە. گوتم هەمووی بێنە. ئەویش هێنـای. نـازانم چـوار یـان شـەش دانـە بـوو خواردمـەوە. بەر دەرگـای دووکانەکە سەربان بوو. هەر لە دوکـان هـاتینە دەر چمـا غـەفووری سـۆفی لـە کولانکـە نەکـەوت. بێسـمەکەی بـە پشتەوە بوو، بـاش بـوو بـە بێسـیمەکە گیـری خواردبـوو. ئـەمنیش هـەر پێدەکـەنیم. دەیگـوت: "کـورە هەڵمکێشـەوە تاکوو لە خوارەوە لاقیان ڕانەکێشاوم".

شەوێ بۆ حەسانەوە چووین بۆ پشتی ئاوایی "کەسنەزان"، لە نێو باغە بەڵاڵووکێکدا ماینەوە. هێندەیان بەڵاڵـووک خواردبـوو هـەموو تووشـی زکچـوون ببـوون. عوسـمان شـێخە کـە بـە برینـداری لەگـەڵمان بـوو، لاقـی شـکابوو نەیدەتوانی خۆی بجووڵێنێتەوە. گوتی کاری سەرئاوم هەیە. کوتیان دەی کاکە وەکوو کوچکە ئاوەر دوو بـەردی بـۆ دانـێن بـا لەسـەری دانیشـێ‌و کـاری خـۆی بکـا. عوسـمان کـاری خـۆی کـردو هێنایانـەوە. هێنـدەی پێنـەچوو مامۆستا سەلاح هاواری لێ بڵند بوو، کوتی بـابە مـەمیل پێشـمەرگەیەک بنێرە ئـەو پیسـاییە داپۆشـن، کاکـە ئێمـە لێرە نـان دەخـۆین، مێشـی دونیـای تێهـاڵاوە. مـەمیلیش رەحمـان شـێخەی نـارد تـاکوو پیسـاییەکەی عوسـمان داپۆشێ. رەحمان هات بەردێکی پـانی هـەڵگرد، هـەتاکوو قـەوەتی تێدا بـوو بەسـەر پیساییەکەیدادا. پیسـایی هـەر تیکەی بەرەو لایەک رۆیی. ئەو جار میش بـە وڵاتدا بـڵاو بوونـەوە. مامۆسـتا سـەلاح گـوتی: "بـەخوا جوانـە، هـەر رەحمان شێخە بنێری گوو بشارێتەوە".

بۆ شەوێ لە "شاخە رەش"ی "جەوشـەن" لـە گـەڵ مەڵبەنـدی دوو یـەکمان گرتـەوەو بـۆ بـەڕێ کردنـی برینـدارەکە بەرەو سنوور وەڕێکەوتین. پاش چەند ڕۆژ مانەوە لـە سـەر سـنوور، گەڕاینـەوە بـۆ پشـت ئـاوایی "قەبە غڵۆجە". تیمێکیان ساز کرد تاکوو بچن لە پایگای "قەبە غڵۆجە" بدەن. کەمینێکی بەربڵاویشیان لەسەر ڕێگای "میرەدێ" ـ "قەبە غڵۆجە". لەسەر کەلی "ئازیزە" دانا بۆ ئـەوەی ئەگـەر هێـزی یارمـەتیدەر لـە ئـاوایی "میـرەدێ"وە بیهـەوێ بـۆ هاوکاری پایگای ""قەبە غڵۆجە". بێ، لێیدەن.

ئێوارە کاتی بەڕێکردنی تیمی کەمینەکە هاتبوو، خۆمان کۆ دەکردەوە. ئەرکەکانیان دیاری دەکرد. ئـەنوەر تابنـاک کە یەکەمجاری بوو لە تیمی کەمیندا بەشدار دەبوو گوتی هەڤاڵ ئەرێ ئەوە چۆناوچۆنـە کـە رادیـۆ حیـزب دەڵـێ

پێشمەرگەکان دەستیان لە ماشێنەکان هەڵێنا کە رایگرن، بەڵام ماشێنەکان گوێیان نەدانێو پێشمەرگەکانیش تەقەیان لێکردن؟ منیش سەیرێکی ئەنوەرم کرد، ئارپیجییەکی لە شان بوو و دوو گوللە ئارپیجیشی بە دەستەوە گرتبوو، نێوچاوانی بەستبوو هەر ئاگری لێ دەباری. بە دەنگێکی بەرز گوتم: "ئا ئا ئەنوەر گیان دەست لە ماشێنی پاسدارەکان هەڵدێنینو رایاندەگرینو دادەبەزنو قسە دەکەینو جا ئەگەر قسەمان لێک هەڵبەزییەوە، ئەو دەم رەنگە دەمەبۆڵەیەک بێتە پێش". چووکەڵی گوتی: "بەخوا جوانە، کورە ئەوە چی فێردەکەی، لێیگەڕێ با بڕوا". تۆ و عەلییە رەش وەرن لەگەڵم با بڕۆینە سەر ئەو تەپکەیە با چاوم لێیان بێ بزانم چی دەکەن. رزگاری حەبیبزادە کە فەرماندەریی تیمی کەمینەکەی دەکرد، لەگەڵ مەجید خەبات بە تیربار بیکەیسیی‌یەوە لەسەر ئەنوەر راوەستابوون کە بڕۆن. گوتم کورە ئەنوەر گیان ئەوە گاڵتە دەکەم، ماشێن راگرتنو قسە کردنی چی، هەر سپەری ماشێنەکەت لێ وەدەرکەوت، یەکەم گوللەی ئارپیجی ئاودیوی کە.

لەوێوە داگەڕاین بۆ ناوچەی "فەیزوڵابەگی"، کە گەیشتینە پشتی ئاوایی "ئالبلاغ"ی بۆکان تووشی شەڕ هاتینو پاش دوو رۆژ گەڕاینەوە بۆ ئاوایی "ئاڵکەڵوو". بۆ نانخواردنی ئێوارە چووینە نێو ماڵان. منو مامۆستا سەلاحو غەفوور سۆفی بە کۆڵانێکدا دەڕۆیشتین. هەوا هەروا رووناک بوو. تووشی عوسمان مەمیل بووین گوتی: "هەڤاڵ تفەنگەکەت لە شان داگرە، دەڵێن لەو کۆڵانە چەکداریان دیوە". منیش گوتم: "باشە". غەفوور رۆیی بۆ لای کاک لوقمان مێهفەر. منو مامۆستا سەلاحیش خۆمان بە ماڵێکدا کرد. سەیرمان کرد پێشمەرگەیەکی مەڵبەندی دوو کە ناوی فەرهادو بێسیمچیش بوو، لە حەوشە رووبەڕووی پێپلیکانەکان دایشتبوو و پێدەکەنی. کە سەیری سەر پێپلیکانەکانمان کرد، شەهیدساڵە سەقزی لەگەڵ ژنێک مشتومڕیان لەسەر ئەوەی ژنە دەیگوت ناهێڵم بێنە ئەو ژوورەوە (لەوە دەچوو چەکدارەکە لەوێ بێ) کاک ساڵەش دەیگوت: "باشە باشە دەنگت بێنە خوار دەنگت بەرز مەکەوە". ژنە لەو ژنە دەمهەراشانە بوو. مامۆستا لێی چووە پێشو پێی گوت: "کچێ دێڵەقۆڕ بۆ واز لەو کورە ناهێنی"؟ چونکە بەراستی هەتا بڵێی کاک ساڵە ئینسانێکی موحتەڕەمو بەشەخسییەت بوو. ژنەکە چاوی بە مامۆستا سەلاح کەوتو گوتی: "چا سەروسەکوتی ئەمەیان، ئەتۆ چیت دەوێ؟ بڕۆنە دەرێ یاڵا"! مامۆستا سەلاح گوتی: "ئەگەر ژن نەدەبووی وەڵاهی بە یەک مست دەمم دەشکاندی". ژنە دمی هێنا پێشێو گوتی: "دابزانم چۆن دمم دەشکێنی". مامۆستا سەلاحیش هەتا هێزی بوو بە هەموو کەیفی خۆی بە پشتە دەستی کێشای بە ناو دەمیدا. ژنە بێدەنگ بوو. منو فەرهادیش هەر پێدەکەنین. مامۆستا سەلاحیش بە تووڕەییەوە قۆڵی گرتمو گوتی وەرە با بڕۆین ئەوە بۆ پێکەنین دەبێ؟ دەمانەویست لە حەوشەی ماڵەکە بچینە دەرێ، ژنە لە پشتەوە کۆڵەپشتییەکەی گرتمو گوتی دا وەرە بزانم، سەرپەلەکەتان کێییە؟ (جا هێندێک خەڵک بە بەرپرسەکانیان دەگوت سەرپەل)و لە کاتێکدا ئیشارەی بە مامۆستا سەلاح دەکرد، گوتی ئەوە بە چ حەقێکەوە لە من دەدا؟ منیش گوتم برۆ ژوورێ، ئەوەی لە دەمی دای سەرپەلەکەمان بوو.

لە جادەی سەقز ـ دیواندەرە دەپەڕینەوە، پاش دوو رۆژ چووینە پشت ئاوایی "هەیەجانان". عوسمان سەلیمیو غەفووری سۆفی کە بێسیمچی کۆمیتە شارستان بوون، لەگەڵ من پێکەوە هاوخەرج بووین. غەفوور لە بنە قومقومەدا خەریک بوو هەڵوای دروست دەکرد. ئارەقەی کردبوو، رۆنەکەی سوور کردەوەو سەری خوار کردەوە لای ئاورەکە تا فووی لێ بکا، بۆ دڵۆپێک ئاوی لووتی نەکەوتە نێو رۆنەکەو چزەی لێ هەستا. گوتم ئەها عوسمان بە شەڕەف تێی کەوت. عوسمان گوتی: "غەفوور بابە نەیهێنی نایخۆین گول دەبین". هێندە پێکەنین کاک لوقمان مێهفەر تووڕە بوو. بانگی کردم گوتی: "کاکە ئەو پێکەنینەتان لە چییە؟! 24 سەعاتە پێدەکەنن". گوتم: "کاک لوقمان گیان تۆ لە هێزی قەندیل بووی رەنگە لەوێ شۆخی زۆر نەکەن، ئەمە هێزی

بەیانە هەر واین، بەخوا ئەگەر بڕۆیتە هێزی پێشەوا رۆژێکیش پێشمەرگایەتیت بۆ ناکرێ". پاشان لەگەڵ کادرەکانی کۆمیتە کۆبوونەوەی گرتبوو و گوتبووی دەبێ ئەو سێیانە لە یەکتر جیا بکەنەوە، هەر بۆیە ئێمەیان لێک جیا کردەوە کە پێکەوە نان نەخۆین.

ئێوارەیەک کە بەرەو پشتی ئاوایی مێرگەنەخشینە دەڕۆیشتین؛ خاڵەعەولا شێنانی، شەهید ئەبوو کانیدرێژی و خاڵە حەسەن کانیسیرانی لە گەڵ خۆی برد تا هێندێک زانیاری ناوچە لە چەند دۆست و باوەڕپێکراوی خۆمان وەربگرن و بێنەوە شەخسەکەی پشتی مێرگە نەخشینە. ئەوەبوو نەگەڕانەوە بۆلامان، دیاربوو لە بەر قایمکاری شوێنی مانەوەیان گۆڕیبوو، هەربۆیە بەری بەیانی لەخەویان هەستاندین و بەرەو وشکەشیو کە نزیک500 میترێک ئەولاوەتری جێگای مانەوەمان بوو گوێزتەوە. لە دوای هەڵبڕانیانەوە پێوەندیان لەگەڵمان پسابوو بە هیچ جۆرێک نەدەهاتنە سەرخەتی بێسیم. هەموومان نیگەران بووین دەیانگوت: "رەنگە بە دیل گیرابن، چونکە ئەو روژە رێبەرایەتی شۆڕشگێر، سازمانی خەبات، هێزی ئاربابا و پێم وابی چەند کەسێکی کۆمەڵەش لەو دەوروپشتە بوون؛ ماموستا سەلاح دەیگوت دەڵێی دەڕڕەی بەقای لوبنانە، هەزار سازمانی لێیە. عوسمان مەمیل، محێدین ،کەماڵە سوور، من و شەهید محەمەد علیزادە بە شوێنیان دا گەراین نەمان دوزینەوە، دەوروبەری سەعات یازدەی بەیانی خاڵە عەولا هاتە سەر خەتی بێسیم؛ کاک لوقمان مێهفەر پێیوابوو بە دیل گیراون و ئەوە بە زۆری قسەیان پێ دەکەن (هەر دە شەو دەبوو جاشێکیان بە دیل گرت بە ناوی سەعید واداریان کرد بە بێسیم قسە لە گەڵ پایەگای ئەبوزەڕی بۆکان بکاو هێندێک زانیاری غەڵەتیان بداتێ) کاک لوقمان بە خاڵە عەولای دەگوت تۆ ئێستاکە وەک حەمە سەعید نی؟ سەرەتا خالەعەولا لێی حاڵی نەبوو کاک لوقمان مەبەستی چیە پاش ئەوەی چەند جاری هەر کاک لوقمان دووبارەی دەکردەوە کە تۆ وەک حەمەسەعید نی؟ واتە بە زۆری قسەت پێ ناکەن؟ خاڵە عەولا زۆر تووڕە بوو دەیگوت؛ "ماڵت نەشێوی کاک لوقمان بۆ خۆتوو بیرو بۆ چوونت ئەرێ وەڵا ".

بۆ ئێوارێ ساز بووین بڕۆین سەعید حاشیابادی[٣١]دووربینێکی شەوی پێبوو کە وەک زنگوڵە مەڕ لە ملی دەکرد لۆژە لۆژی دووربین هەر دەتگوت مەشکە دەژێنی. گوتیان جاری راوەستن با ئەو مێگەلە مەڕە تێپەڕ بێ وشوانەکەی نەمان بینێ، من لە لای مامۆستا سەلاح[٣٢] و شەهید محەممەد علیزادە دانیشتبوم سیری مەڕ و بزنەکانمان دەکرد کە یەک یەک ئاسۆگیان دەداو تێدەپەڕین، بۆ هەرکامیان لە گەل علیزادە نێوێکمان دادەنا بزنێک هات زنگوڵەیێکی لە مل دابوو زرینگە زرینگەی ئەوە دۆڵەی پڕ کردبوو. بێدەنگێکی تەواو حاکم بوو لە لایەکی دیکەوە ئەوخراپ لێک حالیبوونەی نێوان کاک لوقمان وخاڵە عەولا زۆرتر بارودۆخەکەی بێ دەنگتر کردەبوو. هەر چاوم بە بزنەکە کەوت بەو زەنگوڵەوە بە دەنگێکی بەرز گوتم ئەوەش خاڵە سەعە بە دووربینی ملێوە. پێشمەرگەکانیش لە بەهانە دەگەڕان جەوەکە بگۆڕن بوو بە پێکەنین کاک لوقمان تورە بوو گوتی جا تۆ خدا ئەوە قسەیە لەو کاتە حەساسە دا.

باسی خاڵە حەسەن کرا. خاڵە حەسەن کورێکی زۆر لە بەردەڵان و مەشرەفخۆش و قسەخۆش بوو، هەموو کات کە قسەی دەکرد قسەکانی پێچەڵاوپوچ دەکرد. جارێکی لە ناوچە رێگامان هەڵە کردبوو گوتیان خاڵە

---

[٣١] - خۆشەویستی خاڵە سەعی هێزی ئاربابا بە سەعید حاشیابادیمان دەگوت خاڵە سەعە) (لە

[٣٢] - ( ئوسترالیا یە چەند رۆژ بەر لە ئێستا تەلەفونی بۆ کردم باسی ئەو زەنگوڵەیی بۆ دەکردم دوای0 2 ساڵ هەر لە یادی مابوو) ئێستا لە

حەسەن تۆ شارەزای بۆ هیچ نالّیی؟ لە جیاتی ئەوەی بلّێ کەس گوو بە کلّاوم نا پێوێ، گوتی: "جا کاکە کەس نالّێ گووت بەچەندێ".

شەوێکی لە پشت ئاوایی کەشێنەی ناوچەی بانە بۆ پشودان لامان دا سەر چۆمەکە. پێشمەرگەکان خەرێکی ئاو خورادنەوە بوون لە ئاوی چۆمەکە کە چۆڕ چۆڕ دەهاتە خۆارێ، ئاوەکە گەرم بوو، خالّە حەسەن کانییەکی چوکی دۆزیبۆوە هاواری دەکردو دەیگوت: "لە ئاوی ئەو چۆمە مەخۆن"، لە جیاتی ئەوی بلّێ ئاوی ئەو کانییە فێنکترە یان ساردترە، دەیگوت وەرن ئاوی ئەو کانییە تەڕترە.

کە لە مەلّبەندی دوو جیا بووینەوە، ڕۆیشتینەوە بۆ ناوچەی بانە. هەر وەک پێشتر باسم کرد خالّە عەولّا شێنانی، عادەتی بوو هەمیشە پێشمەرگەیەکی لەگەلّ خۆی دەبردو دەچوو بۆ سەرشاخی. لەگەلّ شەهیدان عوسمان ساروقامیشیو محەممەدی علیزادە پووشکەمان کۆکردبۆوە بۆ ئەوەی چا لێنێین. نزیک هەزار میترێک لە خوار "کانی کەوتم" مابووینەوە. خالّە عەولّا پەیوەندی گرتو کوتی تویّتایەک تانکێرێکی ئاو پێیە، دەیبا بۆ پایگای پشت هەوارەکانی "حاجی شەریف". ئای بۆ سێ چوار کوڕی ئازا نەیەلّن دەرچێ. محەممەد عەلیزادە، عوسمان سارۆقامیشیو عەلی سەراوی خەریکی خۆ ساز کردن بوون. علیزادە گوتی: "هەڤالّ تۆش وەرە". منیش خەریکی خۆپێچانەوە بووم کاک لوقمان مێهفەر گوتی: "کاکە تۆ بۆ کوێ؟ کاکە شتێکت لێ بێ دوکتورمان لەگەلّ نییە، دانیشە". منیش هاوارم کرد "ئەرێ بابە مامۆستا سەلاح بۆ من سەلیبی سوورم کە نابێ تەقە بکەم". مامۆستا سەلاح گوتی: "کاک لوقمان لێیگەڕێ با بچێ چەند سالّە لە ڕوە دابووە بۆیە لێدەزانێ مەترسە ئەوە وەک ڕێوی وایە هیچی لێنایە. جا بەراستی مامۆستا سەلاح هەتاکوو بلّێی قسەخۆشو لەسەر دلّان بوو. هەموو کورەکانی باش دەناسی، هەمیشە دووهەم یان سێهەمین کەسی کۆمیتە شارستانی بۆکان بوو، هێندە خاکی بوو لەگەلّمان هەرگیز هەستت بەوە نەدەکرد کە بەرپرسە.

بۆ ئێوارە چووینە "بناوەڕەشان" لە پشتی ئاوایی "مووسێ". ئەوجار خالّە عەولّا منو ڕەحمان گەورکی لەگەلّ خۆی برد بۆ شاخی لە گەڕانەوە دا گوتی با شناسایی پایگایی موسێ بکەین بزانم ڕایی ئێوە چۆنە، تاکوو ئێوارە لەوێ بووینو دوایە ماندووو شەکەت، داگەڕاینەوە خوارێ. سەیرمان کرد پێشمەرگەکان خۆیان ساز دەکرد کە بڕۆین. کەریم شوجاعی خەریکی بارکردنی هێسترێک بوو. خالّە عەولّا گوتی: "ئادەی بە قوربانتان بم ڕەحمانو هەڤالّ، دا هاوکارییەکی بکەن". ئێمەش چووین بۆ هاوکاری کاک کەریمو هێسترەکەمان ڕاست بۆ لە بن بارەکە ڕانەدەوەستا، یان میترێک لە پێش یان لە پاش بارەکەوە ڕادەوەستا. (وشەی مەفهوومە تەکیە کەلامی بێسیمچییەکان بوو، لە کاتی پەیام وەرگرتندا) جارێکیان هێسترێکە ڕاست لە حاستی بارەکە ڕێک ڕاوەستا. کەریم شوجاعی گوتی: "هۆئش مەفهومە". عوسمان سەلیمی یەکێک لە بێسیمچییەکانی ئێمە بوو، توورە ببوو دەیگوت کاک کەریم ئەوە دەلّێی چی؟

پاشان خالّە عەولّا پازدە کەسی جودا کردەوەو بە نیازی عەمەلیات کردن لە نێو شاری بۆکان یان دەوروبەری. هێزمان بەجێ هێشتو چووین بەرەو پشتی "کۆندەلان"، بۆ شەوی دوایی چووینە پشتی ئاوایی "باغلّووجە" لەبەر هێندیک هۆکار گەڕاینەوە. حەوت گوللە ئارپیجیمان پێبوو کە بە نۆرە هەلّمان دەگرتن. ئارپیجیهاوێژەکەش کوڕێک بوو بە ناوی حوسێنە چەورە کە بۆ خۆی سێ گوللەی پێبوون. شەوێ لە نزیک "شیخ چۆپان" بە شەهید محەممەد علیزادەم گوت ئەو گوللە ئارپیجیانە چی لێدەکەن؟ گوتی وا بزانم خالّە عەولّا لەبن خۆلّیان دەخاتەوە. گوتم کورە بیکە بە خاتری خودا بزانە لە پایگایەک لە شوێنێکیان نادەن، دەستمان پێیانەوە شکا، ئەگەر لە بن عەرزیان بخاتەوە تازە ئیتر بەکاری هیچ نایەن. گەیشتینە پشت "مێرگەنەخشینە"

مامۆستا زێڕەو ئەمیر رەسووڵی‌و شەهید محەممەد علیزادەو خان ئەحمەدی، خاڵە عەولا شێنانی سرتوخورتێکیان کردو محەممەد هات‌و گوتی ئێستا ئەو گوللانەتان لەکۆڵ دەکەینەوە. گوتم چیان لێدەکەن. کوتی: "ئێستا لەو پایەگایەی "مێرگەنەخشینە"یان دەدەین".

خاڵە عەولا شێنانی بە کەماڵە سووری گوت: "کەمال تۆ لە لام دەبی‌و گوللە ئارپیجیم دەدەیتە دەستی". کەماڵ گوتی: "باشە". یەکەم مووشەکی ئارپیجی خاڵە عەولا بێدەنگی شەوی شکاند. عەمەلیاتەکە تەواو بوو، پاشەکشەمان کردو پایەگا دەستی کرد بە خومپارەباران. خاڵە عەولاش تووڕە بووو هەر دەیگوت کەماڵ چی لێهات؟! تا گەیشتینە دۆڵەکەی خوار شاخی "کەرەکوێرە". لەوێ دانیشتین بۆ پشوودان. خاڵە عەولا هەروا تووڕە بوو. دەیگوت کەماڵ ئی من‌و تۆ بمێنێ تاکوو دەگەینەوە هێز. ئاخر من نەمکوت لە لای من بەو گوللەکانم بدە دەستی؟ کەماڵیش دەیگوت خاڵە خۆ کاتیوشا نییە بۆ بۆخۆت هەڵت نەدەگرتن. لە لایەکی دیکەوە حوسێنە چەورە خەریکی پێچانەوەی تووتن‌و پەڕ بوو. لووتی هەڵقرچاندبوو و لە بەرخۆیەوە دەیگوت: "بۆچی من ئارپیچیزەنم‌و بۆخۆم بۆم نییە بیانتەقێنم!؟" خاڵە عەولاو کەماڵیش هەروا دەمەتەقەیان بوو، بۆ یەک لەحزە هەموویان بێدەنگ بوون. حوسێن چەورە بە هەموو هێزو قوەتی خۆی ترێکی دا لەو دۆڵە دەنگی دایەوە. خاڵە عەولا رووی لە حوسێن کردو گوتی: "بەقەبری بابت سەگباب". بەهانەی چاک بوو. لەگەڵ زێڕە، تاهیر، ئەمیرو کوڕەکانی دیکە لە قاقای پێکەنینمان دا.

پاشان چووینە پشتی "شێنان"و بۆ شەوی دوایی رێگایەکی زۆرمان بڕی‌و گەیشتینەوە سەر سنوور لەوێ هیزمان گرتەوە. چووینە چۆمی "شەهابەدین" لە "چۆمان" لەوێ خەبەری شەهید بوونی دوکتور سەعید شەرەفکەندیمان پێ گەیشت.

شەوێ لەوێ حەسەن بەرابەری لەسەر مارێک خەوتبوو مارەکەی تۆپاندبوو. بەیانی گوتیان حەسەن باشە هەستت نەکرد شتێک لەبن کیسەخەوەکەت دایە؟ کوتی وەڵا هەر وەمزانی رەگە دارە. سەید تەها دەیگوت: "حەسەن بۆنی هیندە پیسە ئەو مارە فەقیرەی قڕ کردوە".

ئێواریّ ئاورمان کردبۆوە لە دەوری ئاورەکە لە شەهابەدین کۆ ببووینەوە. رحمان شێخە گوتی: "مامۆستا سەلاح بۆ پاییزێ ژن دێنم، کومیتەی شارستان راخەرم بۆ دەکڕن"؟ مامۆستا سەلاح گوتی: "ئا، ئا، تۆ چاکی لێ ورەو (واتە بپەڕە) خەمی راخەرت نەبێ! شێخە گوتی بەخودا ئەو مامۆستایە کەرە.

لەوێوە دیسان تیمێکی دیکەیان هەڵبژارادەوەو بۆ ناوچە، ماموستا سەلاح گوتی تۆ تازە لە گەل تیم هاتوویەوە ماندووی، لە گەڵ هێز بگەڕێوە بۆ بنکەی سابت، گوتم تا پێشمەرگەیەکی هێزی بەیان لە ناوچە بێ ناڕۆمەوە . بە ماشێن رۆیشتینەوە بۆ پێنجوێن، لە قاوەخانەیەکی سەر رێگا لاماندا. کۆمیتە شارستانی بۆکان 150 دیناریان پێبوو. قاوەخانەکە تەنیا هێلکەی هەبوو، لە تاوەیەکی پیسدا بە ئاوری دار هێلەورۆنێکی بۆ دروست کردین. منیش ئەوە یەکەم جار بوو لە ژیانم دا لە قاوەخانە هێلکەورۆن بخۆم، زۆرم پێ سەیر بوو. گوتم مامۆستا سەلاح ئەو هێلکەورۆنە چییە؟ گوتی ئەی ئەوە نییە دەتانبەم بۆ پایگا گرتن. ئەی نەتبیستووە سەگ ئەگەر گورگی خنکاند هێلکەورۆنی دەدەنێ. بەڵام من پێش خنکاندنی گورگەکە دەتاندەمێ. بۆ ئێوارە چووینە پێنجوێن‌و لەوێ دژی تێرۆر کردنی دوکتور سەعید خۆپیشاندان بوو. ئێمەش بەشداریی خۆپیشاندانەکە بووین‌و شەویش هەر لەوێ ماینەوە. بەیانی زوو لە خەو هەستاین تا برۆین بۆ سەر سنوور. پاییز بوو بایەکی ساردی دەهات. سەید تەها کە پێشتر دوو ددانی شکابوو، بە ریشێکی تۆزاوی‌و سەرو دەموچاوێکی نەشۆراوەوە رووی لە مامۆستا سەلاح کردو گوتی: "مامۆستا بۆ سوبحانەیەکمان بۆ ناکڕن". مامۆستا سەلاحیش بە گیرفانی بەتاڵەوە

لە حاڵی خۆی وەڕەز بوو گوتی: "ئەرێ وەڵا هیچ ناکەم بەو بەیانییە زووە سەد و پەنجا دیناری دیکە لەو دەموفلچەی تۆ خەرج دەکەم"!

بۆ شەوێ لە سنوور ئاوا بووین‌و چووینە پشتی ئاواییەکانی "میک"و "باینجان". بۆ شەوی دواتر چووینە نێو ئاوایی "دەرەی ئاوی". هێندێک پێشمەرگەیان نارد تا برۆن تەقەمەنی بێنن بۆ عەمەلیاتی بەیانی. باقیەکەشمان بۆ حەسانەوە چووینە مزگەوتی ئاوایی. مزگەوتەکە تەنیا فانۆسێکی کزی لێ بوو کە لە لای میحرابەکە دایاننابوو. نێوەڕاستی مزگەوتەکە قوولکێکی زەلامی لێ بوو. وادیار بوو بۆ جێگای کورەی زستان هەڵیان کەندبوو. لەگەڵ سەید تەها بەرماڵێکی گەورەمان هێناو بەسەر قولکەکەماندا داو خۆمان کردە خەوتوو. حامید قەناسە کە پێشمەرگەی مەڵبەندی دوو بوو، بە کۆڵێک گوللە ئارپیجییەوە وەژوور کەوتو لە کاتێکدا چاوی بڕیبووە چرا فانۆسەکەی نێو میحرابەکە بۆ لای چراکە دەهات، بۆ لە قولکە نەکەوت گوتی: "ئای لە دایکتان بەم هێزی بەیان." گوتم کاکە ئەوە عەیبێ ناکەی لە ماڵی خودادا جنێو دەدەی؟

پاشان فەرماندەکان لە سووچێکی مزگەوتەکە کۆبونەوە تا گەڵاڵەی هێرش بۆ سەر پایەگا داڕێژن، ئەگەر چی من فەرماندە نەبووم بە قەولی کوڕەکان ئای بێ کولاە بووم ،بەڵام وەکوو فارسەکان دەڵێن دەمزانی "راە کدام و چاە کدام"، لە لایان دانیشتم وگوێم بۆ قسەکانیان شل کرد، بە پێچەوانەی هێرش بۆ سەر پایەگاکان کە ئێوارانە دەکرا ئەو جار بریار درا بۆ یادی د.شەرفکەندی کە سێ رۆژ بوو ترۆر کرا بوو، بەری بەیانی هێرش بکەینە سەر پایگای دوژمن، هەموویان قسەی خۆیان کرد. محێدین خان ئەحمەدی و شەهید محەممەد عەلیزادە، سەیرێکی منیان کرد و علیزادە گوتی: تۆ هیچ ناڵێی؟ گوتم ناوەڵا بەڵام وەک ئێوە باس دەکەن هەموویان خەوتوون و یەک نیگاهبانیان هەیە ئەویش "رەنگە چۆتەوە ژۆرێ چایی لێنێ هەر بۆیە منیش وەک ئێوە پێم وایە پێوست بە پشتیوانی ئاوری ئارپیجی و بیکەیسی ناکا بە بێدەنگی و بێ تەقە سەنگەرەکانی بەر دەرگا دەگیرێن. کە باسی چالێنانی نیگابانەکەم کرد عەلیزادە زۆر پێکەنی. دیارە کە هێرش کرا هەوەڵ بە تەما بووین بە بێدەنگی بێ، بەڵام دەرکەوت نەک نیگابانەکە نەچۆتەوە ژۆرێ، بەڵکوو هەموو پایگاکە لە ناو سەنگەرکانیان دا خەوتوون و لە ئامادەباشی دا بوون، هەر بۆیە لە گەڵ یەکەم گولەی پێشمەرگە لە هەموو سەنگەرەکان را نارنجۆکیان فرێدا خوارێ. جا پاشان عەلیزادە ناوی نا عەمەلیاتی چایی لێنانەکە.

بۆ بەیانی تووشی شەڕ هاتین‌و دیسان گەڕاینەوە بۆ پشتی "میک"و "باینجان". شەو وەڕێکەوتین بۆ لای ئاوایی "سیفەتاڵە". دوو سێ شەو بوو نەخەوتبووین. بە دەم رێگا رۆیشتنەوە خەومان لێدەکەوت. لە نزیک سیفەتاڵە دەبوایە لە جادەکە لابدەین. غەفوور سۆفی کە بێسیمە راکاڵەکەی بە کۆڵەوە بوو، خەوی لێ کەوتبوو، لای نەداو راست دەڕۆیشت. مامۆستا سەلاح گوتی: "کورە بیگێڕنەوە، بۆ خۆی بەدەرەک، بێسیمەکەی برد".

کە گەڕاینەوە بۆ قەندیل من چوومەوە بۆ نەخۆشخانەو لەوێ دەستبەکار بوومەوە. بۆ بەهار هێرشی هەوایی کرایە سەر نەخۆشخانە. پاشان تۆپباران دەستی پێکرد. هەر ئەو دەم کاک حامید درودی بۆ سەردانمان لە سویدەوە هاتبۆوە بۆ قەندیل. دووربینێکی فیلمهەڵگری پێ بوو فیلمی لە تۆپبارانەکە هەڵدەگرتەوە. ئێوارەیەکی چووبووە پشت بنکەی پێشمەرگەکان، خەریکی فیلمهەڵگرتن بوو، هەر بەرێکەوت پیشمەرگەیەک خەریکی میز کردن ببوو. حامیدیش نەیزانیبوو، دووربینەکەی لە قوونی گرتبوو. ئەویش تووڕە ببوو کوتبووی: "کاکە ئەوە هاتوویتەوە تۆپباران دەگری یان هاتووی قوونی خەڵکی فیلمبەرداری بکەی؟

مامۆستا سەلاح چووبووە تەداروکاتی خواردەمەنی. ئێوارەیەک لە ئینتزاماتەوە تەلەفوونم بۆ کرد، گوتم مامۆستا بۆ شەوێ بۆ نانخواردن دێم بۆ لات، گوتی: "دەی باشە". گوتم: "بەڵام بەتەنیا نیم، عومەری سەلیمیو

محەممەدی عەلیزادەشم لەگەڵە، جا بۆیە خواردن زۆر لێنێ". گوتی: "رۆڵە ئەوە تۆ دەڵێی چی، وەرن وەرن من هێلکەم هەبێ میوانم پێ وەک سەگ وایە".
بۆ هاوین ساڵی 1372 (1993 زایینی ) بە یەکجاری چیای قەندیلمان بەجێ هێشتو چووینە شاری کۆیە. شەوانە نەیاندەهێشت لە قەلا بچینە دەرێ. ئاویش زۆر کەم بوو. شەوێکی تانکێرێکی ئاویان هێنابوو تەنیا بۆ دەستو دەموچاو شۆردن. رەحمان شێخ چۆپانی کە پێشمەرگەی هێزی پارێزگاری بوو، هەمیشە دەستماڵ یەزدییەکی وەک قەلاتە لە ملی دەهالاند. هەموو دەستماڵەکە ئارەقاوی دەبوو. هاتبوو بە ئاوی تانکێرەکە بیشوا. کاک تەهای عەتیقیی[٣٥] رەحمەتییش گوتی: "کاکی پێشمەرگە ئەو ئاوە بەشی لیباسو گۆرەوی شۆردن ناکا". کە کاک تەها رۆیی، منو رێبوار لە لای رەحمان شێخە راوەستابووین. پێشتر بۆ رێبوار و سەعدون عەبباسی و کاک محێدین ریحانیم گێڕابۆوە کە رەحمان شێخە قسەی کەس قەبووڵ ناکاو ماست لە لای ئەو رەشە. رەحمان شێخە گوتی مادام وای لێهات بەشەرەفم یەک سندووق لیباسی خاوێنم هەیە، دەچم دەیانهێنمو لە داخان ئەو لیباسە خاوێنانەش دەشۆم.
بۆ پاییز لە گەڵ شەهید عومەر سەلیمی دوو بە دوو چووینەوە بۆ ناوچەی بۆکان. شەوێک لە نزیک ئاوایی "دونگوز" لە بێستانە کاڵەکێک نزیک بووینەوەو دەستمان کرد بە کاڵەک خواردن، گوێمان لە دەنگێک بوو. پاشان چراقوەیەک شەوقی بە نێو بێستانەکەدا دەگێڕا. کە لە شەوقەکە نزیک بووینەوە، نەفەرێک بە دەنگی بەرز دەیگوت، کوڕە من دەڵێم دەنگێک دێ، ئا ئا بەخوڵای دەنگ دێ. لێی چووینە پێشێو سڵاومان لێکرد. گوتم: "کێی دیکەت لەگەڵە"؟ گوتی: "وەڵا هەر بە تەنیام". کاک عومەر پرسی ئەوە لەگەڵ کێ قسەت دەکرد. کابرا ولامی داوە وەڵا هەستم بە بوونی ئێوە کردبوو لە ترسانا لەگەڵ خۆم قسەم دەکرد. . تا ئاوایی ئوینەچی ڕۆیشتین، دوای گەڕانێکی یەک مانگە بە ناوچەکانی بۆکان دا گەڕاینەوە بۆ کۆیە. لەو سەفەرەدا بەسەرهاتی زۆر خۆشمان بە سەر هات، بەڵام چۆنکە عومەر شەهید بووە و لە ژیان دانەماوە تاهەڵەو پەڵەی رووداوەکانم بۆ ڕاست کاتەوە (هەروەک ئەوەی تا ئێستا پرسیارم لە زۆر هاوڕێم کردۆ ئەگەر لە گێڕانەوەکانم دا هەست بە شتێکی نامۆ دەکەن ئاگادارم کەن و هەڵەم بۆ ڕاست کەنەوە) نامهەوێ بەبێ شاهید، بۆ خۆم بیبڕم و بیدروم و لە بەریشی کەم، بۆیە باس نەکردنیانم بەلاوە دروست ترە.

دوکتورە بێسنوورەکان خەریکی دروست کردنی نەخۆشخانەی ئازادی بوون. بۆ ئەوەی کاری رۆژانەی نەخۆشخانە پەکی نەکەوێ. لە ئامرییەی خوارێ ماڵی سەیاریان دروست کردبوو و هەر لەوێ چارەسەری نەخۆشەکانیان دەکرد. شەوانەش بۆ حەسانەوە دەچووینەوە بۆ قەلا. شەوێک چووینە لای کاک محەمەدئەمین قارنجە کە لە تەداروکاتی خواردەمەنی کاری دەکرد، گوتی: "کالباسێکی زۆر لە ئەمبار دایە، بەڵام وابزانم تاریخیان بەسەر چووە. کارتۆنێکمان لێوەرگرتو بۆ بەیانی بردمان بۆ نەخۆشخانە. بردمان بۆ لای کاک محێدینو بۆمان باس کرد کە چ باسە. گوتمان کومیسیۆنی ماڵی گوتوویە با کادرەکانی نەخۆشخانە لێی بخۆن، ئەگەر مەسمووم بوون هەر لەوێ چارەسەریان بکەن. ئەگەر هیچیشیان لێنەهات. بیاندەن بە خەڵکی. خواردمان زۆر خۆش بوو و هیچیشمان لێنەهات. کاک رەحمان ئەمباری گوتی نەیاندەن بە خەڵک هەمووی خراپ بوون، با بیهێنن بۆ نەخۆشخانە بەشی دوو ساڵمان دەکا. بەڵام پاشان هەموویان دا بە خەڵکی ئازادیو ئامیرییە.

---

[٣٥] -( وڵاتی سویس کۆچی دوایی کرد)لە

عەلی لالەو کاک حەسەنی هورموزگان[٣٣]و کاک حەیدەری ئیبراهیمی کە کادری ئینتشارات بوون، لە ژووریکدا پێکەوە دەژیان. کاک حەسەن هورموزگان تازە درابوو بە دیوەکەی عەلی لالە، کوڕێکی زۆر لەسەرەخۆو موحتەرەم، تێگەیشتوو و باسەواد بوو، کوردی زۆر باش حاڵی دەبوو بەڵام نەیدەتوانی باش قسە بکا. گوتم عەلی لالە کوڕە ئەوە وەک کوڕەکانی هێزی بەیان نییە شۆخی زۆر لەگەڵ نەکەی ئابڕوومان دەچێ. گوتی چی؟ من ئەوانە نازانم، تۆ حەوتووی داهاتوو وەرەوە بزانە چی لێدەکەم.
ئێوارەیەک بۆ نانخواردن چوومەوە بۆ لایان. خەریکی زەبت کردنو پیادە کردنی هەواڵی رادیۆ خارجییەکان بوون، تاکوو بەیانی بیانکەن بە بۆڵتەنی خەبەری. سەیرم کرد عەلی شۆخی لەگەڵ کاک حەسەن دەکردو دەیگوت: "ها کاک حەسەن بەیزەت بۆلەند شودێ" (گونت هەستاوە)!.
کاک حەسەن چوو خواردنی ئۆملێتێکی زۆر خۆشی لە چێشتخانەکەیان دروست کردو گەڕاوە. لە دەوری سفرەکە دانیشتینو دەستمان کرد بە خواردن. عەلیو کاک حەیدەر کشانەوەو خەریکی کاری خۆیان بوون. سەیرم کرد کە کاک حەسەن لەبەر من کە میوان بووم ناکشێتەوەو وردە وردە هەر خۆی دەخافڵێنێ. منیش دەمەویست بڵێم کاک حەسەن خۆ من میوان نیم ئەگەر بە خاتری من ناکشێیەوە بکشێوە خۆ من شەرم ناکەم، گوتم: "کاک حسن اگر از بر من میخوری، نخور." عەلی لالە زۆر پێکەنی گوتی: "هەزار جارم گوتووە بەو فڵتە فارسییە لەگەڵ ئەو کوڕە قسە مەکە. فارسییەکە لەویش تێک مەدە!" کاک حەسەنیش گوتی: "نا، کاک عەلی لێیگەڕێ زەمانی سەلجوقییەکان ئاوا قسەیان کردووە".
هێندێک جار ئەگەر لەگەڵ عەلیو کاک حەسەن بۆ کڕینی شتومەک دەچووینە کۆیە من دەستم بە گیرفانم دا دەکرد تا پووڵەکەی بدەم، عەلییش دەیگوت نا نا بە خودا نایەڵم هەر من دەیدەم. کاک حەسەنیش دەیگوت نا کاک هەڤاڵ لێیگەڕێ با عەلی بیکڕێ. پاشان رووی لە عەلی دەکردو دەیگوت کاک عەلی "بخر،ببخر" (یانی کەر بە). یان جاری وابوو پێی دەگوت بترس. مەنزووری کاک حەسەن ئەوە بوو کە تەرس بکە! کاک حەسەن پاش ماوەیەک لە لای عەلی فێری ئەو دەرسو وشە جوانانە ببوو!.
شەوێک حەمەدەمین قارنجە گوتی پلۆنۆم گیراوە، پاش پلۆنۆم ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هاتوونە تەداروکاتو هەرکەس بۆ ژنو منداڵی خۆی لەو لیباسانەی تاناکۆرایان بردۆتەوە. پاش سێ چوار رۆژ، ئێوارەیەک تراکتۆرێک هات بۆ نەخۆشخانەی ئازادی کە ئەو دەم لە ئامێرییە بوو. محەممەدی حەسەنزادە (کوڕی گەورەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە)ی لەگەڵ بوو. گوتی ئەو ترێلییە تاناکۆرایە هی دوکتورە فەرانسەییەکانە کە هێناویانە بۆ حیزب. بەڵام جارێ لەبەر نەبوونی جێگاو رێگا هێناومانە بۆ ئێرەو بە ئامانەت لە چادرێکیان دادەنێین. لە دڵی خۆمدا گوتم یا رەببی بەخێر بێن، ئەوە ئەمن لەوانە دەگەڕام.
بۆ شەوێ حەمە نەسڵی نیگابان بوو، پێم گوت دوای تۆ سەعات دوازدە کێ نیگابانە؟ گوتی: "کاک ئەحمەد بازگوشایی [٣٤]رەحمەتی"، پاشان کاک ئەحمەد هاتە سەر پۆستی نیگابانیو پێم گوت من دەمەوێ ئەمشەو ئەو تاناکۆرایانە بەسەر ئەو ماڵانەدا کە منداڵیان هەیە دابەش کەم. بەڵام بەیانی تۆ دەنگ مەکەو بڵێ ئاگام لێ

---

[٣٣] -(کاک حەسەن لەو شۆڕشگێڕە چریکانەی هۆرمۆزگان بوو. لە بەندەرعەبباسەوە بۆ ماوەی دوو مانگ دەیاننێرن بۆ ئەوەی لە کوردستان دەورەی چریکی ببینن. دوایە رێگەی گەڕانەوە بۆ ناوچەی خۆیان لێ دەگیرێو دوو مانگیان لێ دەبێتە چەندین ساڵو پاشان لە ئۆرگانەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی سازمان دەدرێن. کاک حەسەن وەبەر ئینتشارات دەکەوێ).

[٣٤] -(لەکۆیە کۆچی دوایی کرد)

نەبووە، گوتی: "ئەوە تۆ ئێژی چە، وەختی خۆی لە سنە لەیەڵ رەفیقێکما دوو میلیون تمەن و دەوانچەیەکمان لێ ئاشکرا بوو، لەو قەوە ئەیانخستمە خوارۆ و راستیم نەئەوت. برۆ موتمەئین بە".
هەر بەو شەوە ناردم بە شوێن ماڵی محەمەد گازۆڵی، عەلی رەجەبی، مەولان نەستانیو چەند ماڵی دیکەی دەوروبەر کە بێن بۆ ئێرە، تاناکۆرا دەبەخشینەوە. لامپێکم بۆ نێو چادرەکە کێشاو گوتم جا تێکەون بە کەیفی خۆتان لیباس بەرنەوە بۆ خۆتانو ماڵ و منداڵتان. بۆ فەرقی ژنو منداڵی پێشمەرگە لەگەڵ ژنو منداڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی چییە؟ پێشمەرگەکانی نەخۆشخانەو پەلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا کە لەوێ نیگابانییان دەدا، هەموو هاتن. تاکوو کاتژمێر 4ی سەرلەبەیانی تانەکۆرامان بەخشییەوە. چادرەکەم وەک خۆی لێ کردەوەو رۆیشتمەوە بۆی خەوتم. بۆ بەیانی کەس نەیزانی. بۆ رۆژی دواتر کاک ئەحمەد حەداد کە بەرپرسی نەخۆشخانە بوو، لە قەلا پێیان گوتبوو ئەرێ کەی بێین بۆ نەخۆشخانە گوایە لەوێ تاناکۆرا دەبەخشنەوە. کاک ئەحمەد کە هاتەوە، یەکسەر چوو بۆ نێو چادرەکە، کە دەرکی چادرەکەی کردەوەو دیتی دەڵێی گورگ لە مەڕی داوە، هەموو تەلیسەکان هەڵوەشاون زۆر تووڕە بوو و خێرا کۆبوونەوەی گرت. گوتی: "نیگابانەکانی دوێنێشەو کێ بوون، هەموویان دەنێرم بۆ کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی، با لەوێ بۆ خۆیان وڵامدەر بن". ئەحمەد بازگوشایی دەستی کێشا بۆ جێگاوبانی خەوەکەی، بڵوزێکی دەرهێناو گوتی: "بۆچە ئەمانێری بۆ کۆمەڵایەتی برا، ئەوەسا من دانەیەکم بردووە ها بیەمۆ پێتان".
تازە ئاشکرا ببوو و بۆ شاردنەوە نەدەبوو. گوتم دا بێ زەحمەت راوەستن، رووم لە ئەحمەد بازگوشایی کردو گوتم: "قەولمان چی بوو؟ پاشان گوتم کاکە من بوومو ئامادەم بۆ هەموو سزایەک". باش بوو بە هاتنە ناوەوەی کاک محێدین ریحانی نەجاتم بوو. دوایی بیستمەوە دەفتەری سیاسی گوتبوویان ئەوە کێیە بووەتە رابینهودی حیزب؟! عەلی رەجەبی ئاشپەزی نەخۆشخانە بوو. مانگێک پاش ئەو رووداوە دیتم کراسێکی زۆر جوانی لەبەردایە. گوتم: "کاک عەلی ئەو کراسەت لە کوێ بوو"؟ گوتی: "دوێنێ لە کۆیە کڕیومە". گوتم: "کوڕە برۆ فشەکەر ئەوە کراسی نێو تاناکۆرای نێو چادرەکەیە، من دوو جار پێم لێنا هەڵمنەگرت".
نەخۆشخانە تازەکە ساز کراو گواستمانەوە بۆ ئەوێ. رۆژێک سەعدوون لە دیوی عەمەل خەریکی نووسینی زمانی فەرانسەیی بوو. کچی ئەندامێکی دەفتەری سیاسی هاتو لە دەرکەی دا. سەعدوون دەرکەی کردەوەو گوتی فەرموو. کچەکە گوتی بێزەحمەت کاک محێدین لێرەیە. سەعدوون کوتی: "ئەرێوەڵا ئەوە لە ئاودەستەو گوو دەکا". کچەکەش نێوچاوانی بە نیشانەی تووڕەبوون تێکنا. سەعدوونیش گوتی: "وەڵا بەراستمە گوو دەکا خۆ لە توالیت کێک دروست ناکەن".
مام ئەحمەدێکیان هێنابوو بۆ نەخۆشخانە شافیان بۆ نووسیبوو. سەعدوونیش ئێوارە نیگانی بەخش بوو، سەیر دەکا شافیان بۆ نووسیوە. سەعدوون شافەکەی دەداتێو دەڵێ ها ئەو شافە دانێ! پاش چارەگێک سەعدوون دەچێتەوە بۆ لایو دەڵێ: "ها شافەکەت دانا؟" ئەویش دەڵێ: "کوڕە بە زۆری قووت نەدەدرا، تۆ خودا بزانە حەبێکی چووکەترم بۆ نانووسن".
پێشمەرگەیەکی هێزی پێشەوا هاتبوو بۆ نەخوشخانە، گوتی: "ئەرێ ئینسان بە چی قەڵەو دەبێ"؟ گوتم: "بیرە بخۆ". مانگێکی پێچوو هاتەوە گوتی ئەی بۆ قەڵەو نەبووم؟ گوتم: "بیرەت خواردەوە"، گوتی: "ئا ئا، یەک قووتوم لە یخچاڵەکە خستوە ئەوە یەک مانگە هەموو بەیانیان یەک کەوچک دەخۆم بەلام نازانم بۆ قەڵەو نابم"!
هەر بەخشێک پێنج تەختی لێ بوو. حەمەرەسووڵی کەریمی، برایمی ساعدیو سلێمانێکی هێزی زمزیرانو چەند پێشمەرگەی برینداری دیکەش لە بەخشێک بوون. ئێمەش کادرەکانی نەخۆشخانە هەمیشە گاڵتەوگەپمان لەگەڵ

دەکردن. ئێوارەیەک کاتی نانخواردن کاک رەحمان عەمباری گوتی وەختی لەوەڕە، با بڕۆین لەوەڕیان بۆ بێنین. برایمی ساعیدیش کە تازە هاتبوو بۆ ئەوێ، تووڕە بوو گوتی: "بۆ کاکە ئێمە حەیوانین دەڕۆی لەوەڕمان بۆ دێنی". برایم ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانە مایەوە. ئەوجار بۆ خۆی فێر ببوو و هاواری دەکرد: "ئەرێ برا ئەو تفاقەمان بۆ ناهێنن بیخۆین".

لە نەخۆشخانە سەعدوونو فەتاحی باریکیو رێبوارم فێری پینگ پۆنگ کردبوو. پاشان هەموویان لێیان دەبردمەوە نەیاندەهێشت وزەم لێ بێ. شەهید عومەر سەلیمی دەیگوت: "هەی ماشەڵات لێ بێ چ مامۆستایەکی، قوتابییەکانت لێت دەبەنەوە". گوتم: "سەگ ئەگەر پیر دەبێ دەبێتە خەلەلەی دەستی گورگان".

رۆژێک لەگەڵ رێبوار دەمانەویست بچین بۆ کۆیە. لە سێ رێیانەکەی نەخۆشخانە دەستمان لە لاندکرۆزێرک هەڵێنا کە چەندین جار تەسادفی کردبوو. من لە پێشەوەو رێبواریش لە پاشەوە سوار بووین بۆ کۆیە. ئاوڕم داوە گوتم: "رێبوار دەستت بە دەستگرەی دەرکەکەوە بێ، هەر شتێک رووی دا خێرا خۆت فڕێدە. چوونکە ئەو ماشێنە فێرە هەڕا دەکاتە ماشێنی خەڵکی".

حیزب تەلفزیۆنێکی لۆکاڵیی هەبوو بە ناوی "نەورۆز". هەر نەورۆزانە بۆ ماوەی دوو حەوتوو بەرنامەی بڵاو دەکردەوە. لە کۆڕی هونەری گۆرانییەکم گوتبوو. پاشان لە گەڵ شەهید عومەری سەلیمیو عەلی لالە بۆ مۆنتاژ کردنی، شەوێ چووینە کۆڕی هونەری لە فێرگە لە گەڵ خۆمان سۆرانیو کەوڵەڕێویو دەفمان بردبوو تا گۆرانییەکە رەنگی فولکلوری پێوە دیار بێ. کاک تاهیری خەلیلیو سەید حەسەن کۆساریو مووسا مەریوانییش هاتبوون گۆرانی مۆنتاژ بکەن بۆ تیڤی. لە مۆنتاژ کردن دا عادەتەن موزیکژەنەکان بەحاڵ دەست بۆ ئامیرەکانیان دەبەن. عەلی لالەش دەفی لێدەدا، بۆ شەوێ لە تیڤی بڵاو بۆوە، کاک سمایل بازیار کە زۆر قسە خوشەو هەمیشە پەنجە ئاشیلی تەڕەفی دەگرتو بە قەول هەمیشە لە خاڵی دەدا، بەیانی عەلی لالەی دیتبوو گوتبوی دوێنی شەوی لە تیڤی دیتمی، عەلییش پێیوابوو ئێستا کاک سمایل دەڵێ دەستەکانتان خوش بێ، زۆر خوشتان دەگوتو چاکتان لێدەدا، بە عەلی لالەی گوتبوو بەراستی ئەو دەفەیەت چاک راگرتبوو!

شەوێک لە نەخۆشخانە نیگابانی دەرمانگا بووم، سەعات یەکی شەوێ حەمە کۆیی کە نیگابانی بەردەرکی نەخۆشخانە بوو، هات بۆ لامو گوتی وەرە نەخۆشێکیان لە کۆیەوە هێناوە؛ کە چووم سەیرم کرد لاوێکی هەژدە تا بیست ساڵانە دەبوو، زیاتر لە بیست کەس چەکداری لەگەڵ بوو. بردمانە دیوی مۆعاینەو دیتم کوڕە بێهۆشە. گوتم ئەوە چی رووی داوە. دایکی گوتی: "وەڵا هەر لە ژوورەکەی خۆی کە نووستبوو هاواری کردو ئاوای لێهات". منیش دەرزییەکم لێ دا گوتم: "ئێستا وردە وردە وەهۆش دێتەوە، بەڵام وەبیری مەهێننەوە کە چی بەسەر هاتووە". پاش دە دەققەیەک کوڕە وردە وردە چاوی هەڵێنا. کوتیان ئەوە چی بوو؟ کوتی وەڵا خەونم دیت. لە خەونەکەمدا سێ چوار زەلام بە حەفتا و پێنجیەوە بۆم هاتن، دەیانەویست بمکووژن. کەسێک لەوانەی کە لەگەڵی بوو، گوتی بزانە نایناسییەوە کێ بوو؟ گوتم: "کورە کاکە گیان ئەوە خەونی دیوە، بزانە بەیانی ناچن لەسەر خەون دوو سێ کەس بکوژن".

رۆژێک لە ژوورەکەمان لە نەخۆشخانە لەگەڵ کاک رەحمان ئەنباری، سمکۆ بێکەس، شەهید عومەر سەلیمیو سەعدوون خەریکی خواردنی ئێوارێ بووین. کاک رەحمان ئێوارەخوانێکی بەتامی دروست کردبوو. کە لە نان خواردنەوە بووینەوە. من خەریکی کۆکردنەوەی سفرەکە بووم. کاک رەحمان سەرەڕای ئەوەی دوو دەوری برنجی خواردبوو، نانێکی زەلامی هەڵگرتو پڕی کرد لە پەنیرو کردی بە بابۆڵە. کاک عومەر گوتی: "هەڤاڵ کوڕە تۆ سەیرێکی کاک رەحمان بکە، گوتم ئەوە کاک رەحمان ئەو بابۆڵەیە چییە دەڵێی کەری غەریب دادەکەی.

باشە تۆ ئێستا نانت نەخوارد"؟ گوتی: "با با، بەڵام ئەوە لەبەر چایەکە". جا زۆر جار کە باسی کێشەی ژیان دەهاتە گۆڕێ کاکە ڕەحمان دەیگوت کاکە هەڤاڵ من موشکلەم زۆرە، دەمگوت کورە تۆ بە موشکلەوە جوانی کاک ڕەحمان.

دوای ماوەیەک نەقڵم وەرگرت بۆ کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی، هەر لەوێش کارم وەرگرت. کەماڵی فازڵێ کە کادری هێزی سامرەند بوو، ڕۆژانە تەواوی ئەو قەڵایە دەگەڕاو دوایی دەهات بۆ لای منو کاک محەممەد تۆپچی کە لە کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی بووینو دەیگوت ئەرێ چ خەبەرە؟ کاک محەممەد دەیگوت: "کەماڵ تۆ تەواوی ئەو قەڵایە دەگەڕێی دوایەش دێی بۆ لای ئێمە کە لە بەیانییەوە لەو ژوورە نەچووینەتە دەرەوە، دەپرسی چ خەبەرە؟" ڕۆژێک بۆ چاخواردنی نیوەڕۆ کەماڵ فازڵی هات بۆ لامان. چامان خواردەوەو کاک محەممەد باوێشکێکی هاتو کوتی کەماڵ دەزانی خەوم دێ؟ کەماڵیش گوتی: "چووزانی"؟ کاک محەممەدیش گوتی بەخوا بێئەقڵی یانی من نازانم کە خەوم دێ؟

مامۆستا مەلا ڕەحمانی لاهیجانی ڕەحمەتی لە حەساری پشتەوەی قەڵا بێستانێکی هەبوو، خەیار، بیبار، تەماتەو سەوزیو کۆمەڵێک شتی لەم جۆرەی لێ چاندبوو. خەیارەکانی هێشتا گوڵیشیان نەکردبوو. کاک ئەحمەدی شێربەگیو کاک تەها عەتیقیی ڕەحمەتی چووبوون بە چەسپ خەیاری گەورە گەورەیان بە بڕکەکانییەوە نووساندبوو. ئەویش کە چووبوو بۆ نێو بێستانەکەی، پێی سەیر ببوو ئەو خەیارە زەلامانە چن!؟

ڕۆژێک تەیارە هات، بە پەدافەند تەقەیان لێکردن، کاک ئەحمەد نەستانی لە حەساری قەڵا ڕاوەستابوو و بە بێسیم بە پایگاکانی دەگوت: "دەی بە قوربانتان بم تەقەیان لێ بکەن". کەماڵی فازڵی و کاک م. لە لای ڕاوەستابوون. کاک م. دەیگوت: "توخوا کاکە گیان بە قوربانت بم لێیان گەڕێ با نەیان هارووژێنن"!.

ڕۆژێک کاک محەمەد تۆپچی لە ماڵ نەبوو، چووبوو بۆ هەولێر ژنی پێشمەرگەیەک هات بۆ کۆمەڵایەتی گوتی" "کێ لێرەیە". گوتم: "من لێرەم". گوتی: "دەی هەر ئێستا بمنێرە بۆ بەغدا". مام ئەحمەدی قەرەئومەریی[35] ڕەحمەتی کە چاپەزی کۆمەڵایەتی بوو و لەوێ بوو، گوتی خۆشکی خۆم خۆ هەروا نابێ دەبێ لە نۆرەدا ڕاوەستی. ژنەکە گوتی من نۆرەو شتی وا نازانم. مێردەکەم ئەو هەمووو زەحمەتەی بۆ حیزب کێشاوە. دووبارە رووی لە من کردەوەو گوتی دەی کاکە گیان بنووسە بۆ بەغدا، ناڕۆم تا نەمنێری. گوتم ئەرێ دادە گیان بۆ من بۆم هەیە بۆ خۆم بێ ئیجازە تاکوو هەرمۆتە[36]بچم، تا بتوانم تۆ بنێرم بۆ بەغدا؟

سەید کامیل نیزامی کە فەرماندەری لک بوو تووشی نەخۆشیی ببوو. ساڵی 1367( 1988زایینی ) خۆی تەسلیم کردەوە. ساڵی1376 (1997زایینی ) بۆ سەردان هاتبۆوە کوردستانی باشور، لەوێ تووشی هێندێک لە کوڕەکان ببوو. کەماڵ فازڵی لێی دەپرسی سەید کامیل نایەوە بۆ پێشمەرگایەتی، ئەویش دەڵێ ئەو شۆڕشە زۆری ماوە جارێ کامیل دەچێتەوە پشوویەکی دیکەش دەدا.

پاش ماوەیەک منیان نارد بۆ بەغدا، تاکوو لەوێ جێگای مەجید ئیلامی بگرمەوە. ماوەی دوو حەفتە مەجید لەگەڵم بوو، دەیبردم شوێنەکانی پێشان دەدامو دەیناساندم.

ڕۆژێکی ماندوو و مردوو هاتینەوە بۆ ماڵێ، لە حەوشەکە جۆلانێیەکی لێ بوو لەسەری دانیشتم. ماشێنی لاندکرۆزێرەکەی دەفتەر کە محەممەد ساردەکۆستانی[37] ڕەحمەتی شۆفیری بوو، لە کۆیەوە هات بۆ بەغدا. سێ

---

[35] -( کۆیە کۆچی دوایی کرد)لە

[36] -([36] ئاوایەکە کەمتر لە 500 میتر مەودای نێوانیانە لە گەڵ قەڵایی دێموکرات لە دەشتی کۆیە )

[37] -( کۆیە کۆچی دوایی کرد) لە

ــ چوار پێشمەرگەی نەخۆش‌و برینداری هێنابوو. یەکیان شەهید هەمزە سارکێی[٣٨] بوو. بەخێرهاتنم کردن‌و محەممەد ساردەکوێستانی، چوارلیترییەکی بەتاڵی دایە دەستم‌و گوتی کاک هەڤاڵ ئەوە فلانە کەس ئەوەی ناردووە گوتوویەتی بە کاک هەڤاڵ بڵێ بۆم پڕ کا لە ئاو و دوو جار بە دەوری غەوسی بەغدا دا بیگێڕێ‌و بۆم بکا بە تەبەڕوک‌و بۆم بنێرێتەوە. منیش تونگە چوار لیترییەکەم لێوەرگرت‌و گوتم هەی بە چاوان. کۆلێرێکی ئاوی کۆن لەوێ بوو. پێم وابێ ئاوی چەند ساڵ لەمەوبەری تێدا مابۆوە، ئاوەکە زەرد هەڵگەڕابوو.
شیلانکەکەیم کردەوەو تۆنگەم بۆ پڕ کردو دامەوە دەست کاک محەممەد ساردەکوێستانی، گوتم فەرموو، پێی بڵێ نەک تەنیا دوو جارم بە دەوری مەرقەدەکەدا گێراوە بەڵکوو تاکوو بەیانیش لە ژێر سەری غەوس بووەو بەیانی بۆم هێناوەتەوە. شەهید هەمزە سارتکێیی زۆر پێکەنی. چوارلیترییەکەی لە دەست وەرگرتم، گوتی خوا غەزەبت لێ بگرێ کورە خۆ ئێرە هێزی بەیان نییە. ئەوە خەریکی چی؟. دایە دەستی خێزانی کاک مەجید ئیلامی گوتی ها براژنە ئیلهام ئەو چوارلیتریە بە فاف بشۆڕەوە با بۆنەکەی بڕوا. زۆر پێکەنین گوتی ماڵت نە شێوی هەڤاڵ وەڵا شیتان شتی واناکا . گوتم کاک هەمزە من لێرەم تا پێشمەرگەی بریندار و نەخوش بەرم بۆ نەخۆشخانە نەک نوشتە بنوسم و ئاو تەبەرووک کەم.
پاشان هاتمەوە بۆ کۆیەو وەک زۆر لە خەڵکانیتر بارگەوبنەم بە نیازی هەندەران پێچایەوە. ماوەی سێ ساڵ لە قسەی خۆشی هاوڕێیانم دوور کەوتبوومەوە، تەنیا بە تەلەفوون پێوەندیم هەبوو. هەتاکوو دەستی تەقدیر وای کرد کە بە خزمەت کاک سەلاح شەشە بگەم‌و شانازیی لە نزیکەوە ناسینی ئەو ئینسانە بەورەو شۆڕشگێڕەم پی ببڕێ. وەک دەڵێن پێڵاوی غەریبیم لای ئەو کرایەوە. کاک سەلاحیش کە بۆ خۆی فەرماندەی لکی چواری هێزی شەهید پێشەوا بووەو لە شەڕ لەگەل ڕێژیمدا بە سەختی برینداربووەو خووخدەی پێشمەرگە دەناسێ، هەتا خودا حەز دەکا، کوڕێکی قسە خۆشە. ئێستا کاک سەلاح جێگای هەموو ئەو هاوڕێیانەی بۆ من پڕ کردۆتەوە، لانیکەم لە حەفتەدا دەبێ یەکجار یەکتری ببینین، کە یەکتریشمان بینی ئەوە ئیتر قسە وەبەر یەکتری ناخەین. قسە خۆشەکانی کاک سەلاح هێندە زۆرن کە ئەگەر بمهەوێ باسیان بکەم. دەبێ سێ کتێبی ئاوایان بۆ تەرخان بکەم. هەر بۆیە لەگەڵ داوای لەشساغی‌و سەلامەتی بۆ کاک سەلاحی خۆشەویست، بۆ خەتمی کەلامی "کانی کەوتم" قسەیەکی خۆشی ئەویش دەگێڕمەوە.
ڕۆژێک خەبەر بۆ کاک سەلاح شەشە دێنن کە فلانە کەس لە ژنەکەی جودا بۆتەوە. دادگا منداڵەکەی داوە بە ژنەو کابرا بۆی نییە چاوی بە مناڵەکەی بکەوێ. کابراش بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە مەیدانی گەورەی شاری ستۆکهۆڵم مانی گرتووەو هیچ ناخواو ئیمزای پشتیوانی لەخۆی کۆ دەکاتەوە. کاک سەلاح‌و ئازاد مامەلی بە تەلەفون قسەی لە گەڵ دەکەن کە ئەوە دادگا بڕیاری داوەو قەبووڵی بکەو جارێ ماوەیەک راوەستە. کابراش بە قسەیان ناکاو هەر لەوێ دەمێنیتەوە. بۆ بەیانی کاک سەلاح بە ئازاد دەڵی وەرە تا مەیدانی شار بچین‌و پشتیوانی لەو کابرا فەقیرە بکەین‌و بۆی ئیمزا کەین. ئازادیش دەڵێ، باشە مادام وایە منیش فەلاکسێکی چا بۆ دێنم ئەی بەشکەم ئەوە بە قسەی تۆ بکاو مانگرتنەکەی بشکێنێ. کاک سەلاحیش بۆ خۆی لە ماڵێ چەقۆیەک‌و خوێدانێک هەڵدەگرێ. دەچێ کیلۆیەک لیمۆی ترش دەکڕێ‌و دەچن بۆ لای کابرای مانگرتوو. کابرا دەڵێ کورە

---

[٣٨]-لە گەڵ قادری نەزمی و قادر قادری لە نزیک ئاوایی گردێنەی شەهید بوون

کاک سەلاح ئەمن خەجاڵەتم تۆ لەوێرا بۆ هاتووی؟ کاک سەلاحیش دەڵێ هاتووم پشتیوانیت لێبکەم‌و بۆت ئیمزا بکەم! بەڵام با جارێ شتێکت پێ بڵێم، کەس نازانێ دەچم لەو دووکانە مریشکێکی برژاوت بۆ دێنم بە دزیەوە بیخۆ. کابراش دەڵی نا چۆن شتی وا دەبێ ئینسان دەبێ باوەڕی بە مانگرتنەکەی هەبێ. هەر بەوشێوەیە کابرا بۆی باس دەکا کە چ زوڵمێکیان لێکردوە. کاک سەلاح دەست دەبا لیمۆیەک لە کۆڵەپشتییەکەی دەردێنێ‌و بە چەقۆ لەتی دەکاو بە کابرا دەڵێ: "وەک ئەو لیمۆیە ئاوا بتکەنە دوو لەت تا مافی خۆت وەرنەگری نەڕۆی لێرە"! پاشان لەبەرچاوی مانگرتوو خوێی پێدادەکاو بە مڵچەملچ بەر دەبێتە گیانی لیمو ترشەکە. کابراش کە چەند رۆژ بوو هیچی نەخواردبوو، بە سرتە بە کاک ئازاد دەڵێ ئەرێ فەلاکسە چایەکەت چ لێکرد؟ کوڕە سوێم هاتەوە، زارم ئاوی کرد.

ئەوە بوون بە سەرهاتەکانی "کانیکەوتم" بە کورتی.

کاڵەم دڕا بەڵام لە بەرامبەر دا یەک دونیا خوشەویستیی هاورێیانم و ئەزموونی راستی ژیان لە نێو شۆڕشم دا پێ برا.



قەندیل 1365( ١٩٨٦زایینی ) بنکەی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات

لەراستەوە: ئەسعەد مازوچی، تەیوب، حەمەتاهیر، شەهید عەزیز کەیانی و هەڤاڵ ئەحمەدی



هانی گەرمەڵە 1366 (١٩٨٨زایینی )

دانیشتووەکان لە راستەوە: محێدین خانئەحمەدی. سەلاح مەحمودی. مستەفا شاسواری. ئازاد ساڵحی. شەهید سمایل تورجانی،عوسمان سەلیمی، عەلی لالە، ناسر دامەنگیر و کەریم ساڵح زادە.

بەپێوە: هەڤاڵ ئەحمەدی، شەهید قادر ئەحمەد نەژاد، ناسر قاسمی، عەزیز کەیانی، شەهید ساڵە ئەڵماسی، تاهیر قادر پوور، رەحیم رەحمانی و رەحمان گەورکی




قەندیل، 1369(١٩٩٠زایینی )لەراستەوە: حەسەن بەرابەری، هەڤاڵ ئەحمەدی و شەهید ساڵە شەریفی



ئێنزێ1369 (۱۹۹۰زاییـنی )لەراستەوە: ئەمیر رەسوولی، هەڤاڵ ئەحمەدی، سەید ئەحمەد توڕابی، توفیق ئەڵماسی، رەحمان شێخ چۆپانی، شەهید عوسمان عەبدولاهی، سەلاح مەحمودی، ئازاد ساڵحی، عوسمان سەلیمی وشەهید عەلی شەهابی



ئاوایی ئێندزی 1369 (۱۹۹۰زاییینی )دانیشتووەکان لە راستەوە: شەهید ئەبوبەکر کانیدرێژی، عوسمان شێخ چۆپانی، د.خەلیل محەممەدی، حەسەن عزیز قازی، کەماڵە سوور،رەحمان گەورکی و عەولا میراوایی بەپێوە: سمایل ئیبراهیمی، هەڤاڵ ئەحمەدی، کەریم سالحزادە، تاهیر قادرپوور، محێدین خانئەحمەدی، سەید ئەحمەد توڕابی، رەحیم رەحمانی، کەریم شوجاعی و حوسین رەسوڵ بەقاڵی.



پشتی یاغیان1368 (١٩89زایینی )له راستەوه: د.خەلیل محەممەدی، تاهیر قادرپوور، شەهید عەلی شەهابی،رەحمان کانیدرێژی، کەماڵ فازلی، قاسم بەهرەمەند، حوسێن رەسوڵ بەقاڵی،هەڤاڵ ئەحمەدی، حەسەن عزیزقازی، محیّدین خان ئەحمەدی و رزگار حەبیب زاده



پشتی تاهیر بۆغە 1370 (۱۹۹۱زایینی )دانیشتووەکان لە راستەوە: محەمەد سەلیمی، سەلاح سەرباخچەیی، بەپێوە: مەجید خەبات، سەید ئەحمەد تورابی، هەڤاڵ ئەحمەدی، مامۆستا سەلاح پوورئەسەد، سەید تەها حوسێنی



ئاوایی ئێندزی 1372(1993زایینی) لە ڕاستەوە:هەڤاڵ ئەحمەدی،حامید درودی،.سیاوش گودەرزی،سۆما گودەرزی،ناسر فەتاحی،ئەمین رۆستەمی.



کۆیە نەخوشخانەی ئازادی 1373(1994زایینی) لەراستەوە :هەڤاڵ ئەحمەدی،محێدین ریحانی،موحسین عزیزی،ریزی پشتەوە، لە راستەوە : شەهید عەلی خاڵدار،حەسەن کویخا سمایل،سەعدون عەباسی،زۆزان فەتحی،ساڵە هەوشاری.



قەندیل 1372(1993زایینی) لە راستەوە: حامید درودی، سەلاح پوورئەسەد،عەلی لالە، تاهیر خەلیلی.عوسمان رەسۆڵزادە،حەسەن کویخا سمایل،رەحمان ئەنباری،هەڤاڵ ئەحمەدی،شەهید عومەر سەلیمی.



قەندیل ژوورەکەی شەهید دکتور قاسملوو 1389(2010زایینی) هەڤاڵ ئەحمەدی



کۆیە ماڵی رزگا حبیبزادە1390(2011زایینی)لە ڕاستەوە: رزگار حبیبزادە، تاهیر قادرپوور،ئازاد ساڵحی،رەحمان گەورکی،عوسمان مەمیل،برایم چووکەڵی،حەسەن کانی سیرانی، هەڤاڵ ئەحمەدی




ئوسلونۆروێژ 1390(2011زاییینی) له زەماوندی تروسکه کچی شەهیدی هاورێمان ،ئەبووبەکر کانی رەشی،له راستەوە:
هەڤاڵ ئەحمەدی، کەماڵ فازلی، رزگارحبیبزادە، عوسمان نۆباری.



کۆیە داوێنی گردەچادر 1374 (١٩٩5زایینی )لە راستەوە: شەهید عومەر سەلیمی، هەڤاڵ ئەحمەدی، سەعدون عەبباسی، عەلی لالە، فەتاح باریکی، محەممەدئەمین قارنجەیی و سمکو بێکەس.



چیای پەڕەژاڵ1368 (9١٩٨زایینی ) لە راستەوە: شەهید مستەفا دامنگیر،مەنسوور سۆفی زادە، شەهید محەممەد عەلیزادە، هەڤاڵ ئەحمەدی، برایم چووکەڵی و شەهید عوسمان عەبدوڵاهی.



ستۆکهۆڵم1390 ( 2011 زایینی ) هەڤاڵ ئەحمەدی و سەلاح شەشە